لێکۆڵینەوە و ڕەخنە

# شیرین تر لە دەق

سەردار جاف

کوردستان

کەرکووک

٢٠١٢

ناوی کتێب: شیرین تر لە دەق

بابەت: لێکۆڵینەوە و ڕەخنە

نووسەر: سەردار جاف

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە (١٩٠)

چاپخانە: کارۆ

چاپی یەکەم- ٢٠١٢

تیراژ: (٥٠٠)دانە

پێشکەشە بە :

- شاری کەرکووکی کاوڵاش و هەموو نەتەوە و ئایینزاکانی .
- مناڵە چاوگەشەکانی سەر سینگە نەوتاوییەکەی باوە گوڕگوڕ .

با قەڵەمەکان بۆ داهێنان و تواناکان بۆ
سەرخۆبوونی کوردستان و
نووسینەکان بۆ بونیادنانی کۆمەڵی ساغلەم بێ

سەردار جاف

## سەرە قەڵەمێکی ئاخاوتن

نووسین خولیا و فەرهەنگ و هەناسەی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە بەبێ وشە و ڕستە و دەستەواژە و گوزارە و هونەری نووسین و بـواری تایبەتمـەنی خۆ، ئۆقرە نـاگرن و نـاتوانن دابـڕان لـە نێـوان خۆیـان ونووسـین بخـولقێنن، هەڵبەتـە نووسـین بـەرەنجامی پاشـخانی ئەبـستمۆلۆژی هـەر تاکێـك لـەو مرۆڤانەیە، ئەم پاشـخانەیش بـە هـەوراز و سـەختەن و نـشێو و سـەرما و گەرمای زۆردا تێپەڕیوە، خوێندنەوەیش تاکە ڕێگـای گەیـشتن بـە مـەنزڵی کەڵەکردنی ئـەو پاشـخانە ئەبـستمۆلۆژییە، کەواتـە زەمەنـەکانی رابـردوو وەکی نهۆ نەبووە، زەحمەتی زۆری چەشتووە، هەر لـە گوزەرانـدن بـە بـاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی هەمەجۆر و ڕێگریکردنی خوێندنـەوە بە ڕێگای جۆراوجۆر، هاودەم کاولاشبوونی نیشتیمان و قاتوقڕی روونـاهی لە وڵات و کزکز گرمۆڵـەبوون بـە دیـار چـرا خەفـەوەبووەکانی بـێ نـەوتی، وێڵبوون بە دووی وشە شەوە شەبەیخونەکانی هەر یەکێکمان بووە .

هەرگیزاوهەرگیز ناکرێ و ناشێ کەسانێ بەو ئاستەنگە ڕێیەدا چوو بـن و بەرهەم و داهێنانی بە پێزیان نەبووبێت، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت ئیـدی تـەواو و دوای هـەر دەقێـك جـا چـیرۆك، شـیعر، رومـان، .. تـاد بێـت و





بکەوێتە بەر دیدی خوێنەر کاملْ و بێ گرێ وگۆڵ بـێ، هـەر قەڵـەمێکیش ڕمەکەی دەمە زەردکردەوە بە مەبەستی شرۆڤەکردنی ئەو دەقانە نـاکرێ و ناشێ پیاهەڵدان بکاتە پیشە، لێ پێویستە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لایەنـە نەرێنییـەکان بخاتـە ڕوو، تـاوەکو بـە خـۆدا چـوونەوە بکـات و لایەنـە ئەرێنییـەکانیش خـودی نووسـەر لێـی بـە ئاگـا و حاڵییـە . بۆیـە ئێمـە بەلامانەوە مەبەستە بە پێی حاڵی بوون و ئاگاییمان دیدگاکان دەخەینە بە دەسـتی نووسـەر وخوێنـەر، ئـەم حاڵەتـەیش ئاسـوودەیی ویـژدانمان پـێ دەبەخـشێت، داوا لـە برایـانی نووسـەریش دەکـەین بـە سـینگی فراوانـەوە بیروبۆچوونی ڕەخنەگرەکان وەربگرن و پێشوازی لێبکەن .

ئەوەی لە دوماهیدا دەمانەوێت پەنجەی بخەینە سەر، ئەم کتێبـەی بـەر دەسـتتان بەرهـەمی کۆمەڵـە شـاعیر و نووسـەرێکی کـەرکووکی شـرۆڤە کردووە، جگە لـەو نووسـینەی بـۆ بەرهـەمی بـرای شـاعیر کـەریم دەشـتی نەبێت . بە هیواین خزمەتێکی بچوکمان بە شارەکەمان کردبێت ......

سەردار جاف

١٨ / ٨ / ٢٠١٢

# ئەسیری دەنگێکی پڕ لە خوێندنەوە

**پێشەکی :**

خوێندنەوەی ئێمە ڕەنگە جیاوازی لە خۆ بگرێت بە بەراورد لـە گـەڵ هەموو ئەو شرۆڤەکاریانەی بۆ دەق و ماهیەتی شیعرەکانی ئەسـیری لێـرەو لەوێ لە قۆناغە جیاوازەکان پێشکەش کراون و نوسـراون، هەوڵماندـاوە لـە لایـەنی هونـەری و ئیـستاتیکا و میتـۆدی شـیعر و ئـەدەب کـەمێك دوور بکەوینەوە و لایەنی دەروونی و کەسایەتی خودی ئەسیری دوای گەشتەکەی کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ئەنجامیدا و لە میانەیدا دیداری لە گەڵ شیخ عەبدولقادری کوڕی شیخ عوبیدوڵلای نەهری دا سازداوە، دیارە ئەم دیـدارە کاریگەری زۆری بە سـەر ژیـانی خـودی ئـەم شـاعیرەوە هـەبووە، نکـوڵیش ناکرێت کە ئەسیری یەکێکـە لـە شـاعیرە دیـار و بەرچـاو و پێـشەنگەکانی نەتەوەی کورد بە گشتی و شاری کەرکوك بە تایبەتی، هەڵبەتە ئەمـەیش لە لایەکی دیکەوە کاریگەری خۆی و ڕاستەوخۆی لە سەری هەبووە بۆ ئـەو شرۆڤەی ئێمە دەیخەینە بەر دەست .





ئاشکرایشە هیچ نووسینێك و کارو کردەیەك بێ کەم و کوڕی نابێـت و دەکـرێ ئـەوەی ئێمـە لێـرەدا پەنجـەی دەخەینـە سـەر شـیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتری بۆ بکرێـت تـاوەکو زیـاتر لـە بیـست سـاڵی تەمـەنی شاعیر کە شاراوە و نادیارە، ڕووماڵ بکەین و ئاشکرا بکرێت . بە ئومێدین توانیبێتمان لە ڕێگای ژیاننامە و دەقە شیعرییەکانییەوە پەییمان بە شـتی نەگوتراو و هەست پێنەکراوی شاعیر بردبێت .

**کەسایەتی :**

فرۆید گەیشتۆتە ئەو بڕوایە کە :(( ڕەفتاری مرۆیی لە بنەچەوە بـۆ ئەو دیو ئاوەزی وشیار درێژ دەبێتەوە )) زرنگی مرۆڤ لـە کـام خەرەنـدەوە هاوێر بێت ئەوا ڕەفتاری مرۆیـی کـە خـۆی لـە بـیر کردنـەوەی قـووڵ و پـڕ واتادار دەبینێتەوە لە پێدەشتێکی ساناوە ڕاستە ڕێ یان هەندێجار هەڵـەت و لێرەوار بە خۆوە دەبینێت، بۆیە پێویستە لێرەدا ئەوە جـێگیر بکـەین کـە بیرکردنەوەی مرۆڤ لەو دیو وشیارییەوە ڕێگە دەگرێت، بە واتایـەکی ڕوونـتر داهێنان و ئەنجامدانی کارێك کە دوور لە توانای مرۆ بێت ئەوا بۆ ئەو دیـو هوشیاری دەگەڕێتەوە، زۆرجار کە شـتگەلی لـەو جـۆرە بـەدی دەکـەین بـە تێپەڕاندن ( خارق ) باسی لێوە دەکەین، بۆ نمونـە دۆزینـەوەی تەلـەگراف و کارەبا و داهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لەم سەردەمەدا خۆی لە خۆیدا پەیبردنە بە شتگەلی ئەو دیو ئاوەز .

کەسایەتی مرۆڤ جێگیر نییە زۆرجار ڕاڕا و لێوان لێو لە دڵەڕاوکێیە، مەرام و مەبەست و ئامانجێك بۆ خۆ دەست نیشان دەکات وتا بـە ئاکـامی دەگەیەنێت ئەگەر بیرکردنەوەی دەستەجەمعی لە تەکدا نەبێت ئەوا بەدەیان

جار بیرکردنەوە و ئاڵوگۆڕی بە سەردا دەهێنێت، هەندێجار بەختیار دەبێت و دەمێکی دیکە دۆشدادەمێنێت و خەمبار دەبێت، لە کردارو خووەکانیدا هەڵبەز و دابەز بە خۆوە دەبینێت جا بە هۆوە بیت یان بێ هۆ، بە هزر و ئاوەزیدا تێپەڕ دەبێت ئاخۆ کەسێکی خوو و کرداری هەڵگەڕاوەیە یا نا، ئەگەر ئەو ئامانج و مەبەستە بۆ ئاستێکی بالاّ بێت ئەوا دووچاری هەڵهاتنی زهن و بیرکردنەوەی ئاوەز دەبێت، تەمەڵی دایدەگرێت و دواتر لێوان لێو چوست و چالاك دەبێت، کار بە باشتر دەزانێت وەك لە پلاندانان بۆ کار، بە بیریدا دێتەوە لەم کارە دەست پێشخەرە پاشان خەڵکی سوودی لێوەردەگرن، لە سەرو بەندی ئەو جۆرە پڕۆژانە خۆ بە بەختەوەر دەزانێت تاوەکو بە پەلە ئەنجامی بدات، لە سەروو ئەوانەوە باوەڕ بە خۆ بوون بە پلەی یەکەم دێت و دەیەوێت وا نیشانبدات بۆیە پەلە دەکات، وا بیردەکاتەوە کە تاکێکی کۆمەڵە و خۆ بە چوست و چالاك دەزانێت، زۆرجاریش دووچار بوون بە نائومێدی و غەمباری و دڵتەنگی تەنگی پێهەڵدەچنێت و پێی وایە ڕێگای لێگیراوە و ناچارە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بخاتە کار بۆ قورتار بوون لەو گێژاو و میحنەتەی تێیکەوتووە . ئەم حاڵەتانەو زۆری دیکەیش مایەی سەرکەوتن و نەگەیشتن بە مەرام و ئامانجی مرۆڤن، کەواتە لە ئەنجامدانی هەر کارێکدا بە پێی زانستی دەروونی مرۆڤ لە ڕەوش و کەشێکی لە باردا نییە، زانستی دەروونی بە تەنها لەو خاڵانەدا چەقبەستمان ناکات بەڵکو بە دیوێکی دیکەی خودی مرۆڤەکەمان دەبات وەك خەسڵەتەکانی و بەڵگەی زێترمان دەخەنە بەر دەست، لەوانە زۆر زیرەکی و کاڵفامی، هێزی ئەوی ئارام و نا





سەقامگیر، زاڵبوون و کۆنترۆل کردن یان ملکەچبوون و لە دەستدانی کۆنترۆڵ، خوێن گەرمی و هەڵپەکردن یان گوێنەدان و کەمتەرخەم، ئەوی بالاّی بەهێز و ویژدانی زیندوو و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی باوەڕبە خۆبوون و پەیوەست بوون بە مەیلی سەرزەنشت و تاوانباربوون، توانستی خود توانستی کۆمەڵ، ڕێککاری و نەبوونی ڕێککاری و .... تاد . ئەم خەسڵەت و کردانەی مرۆڤ وا دەکات بیر لە کاری بالاّ بکاتەوە و لە قاڵبەندێتی کەسایەتی خود بترازێ و هەنگاوی گەورە بهاوێژرێت، هەڵبەتە پاڵنەرێك هەیە بۆ هەنگاو نان و ڕۆیشتن بەرەو بالاّبوون، پێمان وایە ئەوەی لێرەدا باسمان کرد زەمینە خۆشکردنێکە بۆ ڕۆچوونە نێو کرۆکی ئەم توێژینەوەیە کە خۆی لە گەڕان بە دوای مەیل و ئامانج و مەبەستی ئەسیری شاعیردا دەبینێتەوە، هەوڵمانداوە شتی تازەی لێوەربگرین .

**کرۆکی باس :**

زۆرن ئەو شرۆڤە و شیکاریانەی لە هەمبەر شیعر لێرەو لەوێ گوتراون، وەلێ ئەوەی ئێمە بۆ ئەم توێژینەوەیە بە پێویستی دەزانین بۆ چوونی ڕەخنەگری ڕووسی ( بلینسکی ) دەهێنینەوە کە دەڵێت : (( شیعر هەقیقەتە .... کەواتە شیعر وەك فەلسەفە، وەك ئەندێشەیە، بەم هۆیەوە هەقیقەتی ڕەها ناوەڕۆکی شیعر پێکدەهێنێت، نەك هەقیقەتێك کە بە شێوەی دیالکتیکی بە پێی بوونی خۆی پەرە دەستێنێت، بەڵکو وەك فاکتی ڕاستەوخۆ لە دیمەنی فانتازیکدا، شاعیر بە هۆی دیمەنی فانتازیك ( خەیاڵ ) بیردەکاتەوە، ئەو هەقیقەت ناسەلمێنێت بەڵکو پیشانی دەدات )).

ئێمە ئەگەر کوڕی ڕۆژگاری خۆمان بین، ئەوا بۆ خوێندنەوەی ئیمڕۆ و نەوەی سبەی لە ڕێگای ئێمەوە بە هەقیقەتی ئیمڕۆ و دوێنێ دەگەین، کەواتە ئێمەیش لە ڕێگای کەسایەتییەکانی دوێنێوە بە هەقیقەتی سەردەمەکەیان دەگەین یاخود بە چەمکێك لە ڕاستی دوێنێ دەگەین بە پێی شرۆڤەکاری خۆمان بە هێنانەوەی بەڵگەی سەلمێنەر،هەر چەندە باسوخواسی ئێمە لە مەڕ هەقیقەت نییە، بەڵکو گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی ڕووی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەت ئەدیبان تاوەکو ئاسانکاری ڕێگەی سەخت و هەوراز بکەین، و مەرام و ئامانجەکانمان بە دروستی بپێکین، ئەگەر لە خودی ئەو کەسایەتییانەدا دوو جەمسەری واتا ( سالب و موجب ) لە یەك کەسایەتیدا کۆببێتەوە ئەوا لە بەرامبەر دا ئەرکەکانمان قورستر دەبێتەوە ئەگەر ئێمە ئەم دوو جەمسەرییە یەکلا نەکەینەوە ڕەنگە ئەو هەقیقەتەی ویستراوە نیشانمان بدرێت بە پەردەیەکی تەمتومانی و جۆرێکی جاڵجاڵۆکەیی و ئاڵۆسکاو و نادروستی دەمێنێتەوە و دوێنێ بە شێواوی دەهێڵینەوە بۆیە پێویستە لە هەموو دەرگاکانی بیرو بۆچوون بدرێت و ئاکام خوێندنەوەکان فرە دەبن و ئیمڕۆیش بۆ نەوەی سبەی دەبێتە بار، هەروەك بلینسکی دەڵێت : (( هەقیقەتی ڕەها ناوەڕۆکی شیعر پێکدێنێت ))، بێگومان ناوەڕۆکی شیعریش وێناکردنی ڕۆژگار نیشان دەدات، ئەو پانتایی و ئاسۆ بەرفراوانەی جیهانی ئەدەب و دال و مەدلولەکان و فانتازیك وا لە شاعیر دەکات بتوانێت ئیمڕۆ لە سبەیدا نەخشەڕێژ بکات، هەروەك زۆرێك لە شاعیرانی ئەم سەردەمە بە ڕەوتێکی بیرمەندی و ئاقڵمەندی دەزانن، ئیدی مەرج نییە سبەی لە چ





ئاقارێکدا دەگیرسێتەوە، گرنگ ئەوەیە جیهانێکی ئاڵۆسکاوی کەسەکان بە فرە ئاراستە و دید جێدەهێڵدرێت، ڕەنگە وەك ( ئەسیری )شاعیر لە فرە دیو و فرە دیدی خوێندنەوە قەلەمەکان وێڵ و عەوداڵ بکەن بۆ سۆراغکردن و ساغبوونەوەی ڕاستییەکان .

بۆ ڕۆچوونە نێو کرۆکی ژانرەکە پێویستیمان بە خوێندنەوەی ژیننامەی خودی شاعیر ( ئەسری ) و دەقە ئەدەبییەکانی هەیە، مەرج نییە لێرەدا بخرێتە ڕوو، خوێنەر بۆ خۆی لە سیاقی خوێندنەوە دا هەستی پێدەکات و بەر جەستە دەبێت، ناکرێت ئەم کەسایەتییە یان هە کەسایەتییەکی دیکەی هاوشێوەی ئەم لە خوێندنەوەدا بەر تەسك بکرێت و ببێتە شمولی و ڕەها هیچ کەسێکیش مافی ئەوەی نییە ئەم حاڵەتە بۆ خۆی قۆرخ بکات، چەندین ئاراستە و دیو بە خۆوە دەبینن و هەر خودان قەڵەمێکی ڕەخنە ئامێز بە جۆرێکی تایبەت بە دید و بۆچوونی شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی بۆ دەکات، تەنانەت بۆ چیرۆك و دەقی شیعریش یان هەر داهێنانێکی نووسینی ئەدەبی، دەشێت قەڵەمی ئەوتۆ سەردەربکەن پەی بە شتە شاراوەکان و شتی تازەی ئەو دەقە یان خودی کەسایەتییەکان لە دووتوێی دەق و ژیننامەکاندا سەر هەڵبدەن، سەر بە کون و کەلەبەری ئەوتۆدا بکەن شتی تازەباوی تیاهەڵبهێنجنن .

نکوڵی لەوە ناکرێت کە ( ئەسیری ) لە سەردەمی خۆیدا کوردپەروەرێکی دڵسوز و بە وەفای میللەتەکەی بووە و لەو جۆرە کەسایەتییەکی کەم وێنە و دەگمەن بووە، بە تایبەت کە دووچاری بەردباران بووە لە لایەن نەیارانی کوردەوە هەروەها بە دیدێکی فراوانەوە

چەوساندنەوەی نەتەوەکەی بە دیکردووە، بۆیە هەڵپە ئاراستەکانی بەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە دەقە شیعرییەکانیشی گەواهیدەری بۆ چوونەکانی هەموو ئەوانەیە کە بەم ژانرە بە بێ ڕاڕایی دووپاتی دەکەنەوە، ئێمە وای دەبینین کە لەم ڕووەوە ویستوویەتی سیاستوانێکی ئازاد و سەربەخۆ بێت، ڕوونتر و چاکتر وایە بڵێین ئەوەی ئێمە لامان گەڵاڵە بووە ئەوەی : (( کە ویستوویەتی لە ڕێگای ڕووناکبیرییەوە ڕابەرایەتی بزاڤێکی ڕزگاریخوازی میللەتەکەی بکات )). هەڵبەتە خۆ لە قەرەدانی کارێکی وا و خستنە ڕووی ماهییەتی تازە لە بۆچوونەکانی ( ئەسیری ) پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر لەمەی بەر دەستی ئێوەی خوێنەر هەیە، لێ ئێمە مشتێ نمونەی خەروارێك دەخەینە ڕوو، ئەوەی بۆی چووین وا هەست دەکەین ( ئەسیری ) نیازی بووە بە زمانی دیالۆگ و هێمنانە دوور لە توند و تیژی و بزاڤی چەکداری و خەباتی سەختی بەرەنگاربوونەوە و بەر خودان بتوانێت بە سانایی مافەکانی میللەتەکەی دەستە بەر بکات .

بەڵگەیش بۆ ئەم بۆچوونە دیقەتدانە لە شیعرە ستایشەکانی کە تەواو زۆر جار لێرە و لەوێ بە پێچەوانەی هەڵوێستە نەتەوییەکانی لە قەڵەم دەدرێت، کە ئامادە بووە ستایشی ڕەشید عالی گەیلانی بکات و خۆ بە دوور بگرێت لە ستایش و پشتگیری کردنی هەموو ئەو بزاڤە ڕزگاریخوازانەی چەکداری گەلی کوردستان چ لە کوردستانی باشوور یان کوردستانی ڕۆژهەڵات، باس لە ڕووباری خوێنی شەهیدانی کوردستانی باکوور دەکات، دەنا دوور و نزیك تۆخنی بزاڤەکانی کوردستانی باشوور نەکەوتووە هەر لە ساڵانی ١٩٢٠ تا دەگاتە ١٩٦٢ ساڵی کۆچی دوایی





شاعیر و پێشتریش، کە چەندین شۆڕش و بزاڤ و ڕاپەڕین ڕوویانداوە و ئەسیری خۆی لە قەرەی هیچ کام لەو جوڵانەوانە نەداوە، و ستایشی نەکردوون وهەندێجار لاوانی بەو ئاراستەیە هان نەداوە، لێرەدا حاڵەتێك بەر جەستە دەبێت کە ئەویش لەوەدا خۆ دەبینێتەوە کە ئەسیری لە گەڵ ئەوەی دووچاری چەوسانەوە دەبێت لە سەر دەستی نەیاران هەر بۆیە بۆن و پشتگیرییەکی زۆری ئینگلیزی پێوە دیارە، هەر لە هاندانی لاوان بۆ ڕووکردنە لەندەن بۆ خوێندن تا دەگاتە ستایشکردنی مەلیکی عێراق، لەم ڕێگاوە بە بڕوای ئێمە نیازمەند بووە وەك ڕابەرێك دەربکەوێت، بەخت لێرەیش یاری نەبووە، تەماشا ئەو ڕۆژە ڕەشەی شەشی ئەیلوولی بەردەرکی سەرای سلێمانی هیچی بۆ نەگوتووە دیارە هەستی نەبزواندووە یان ئەم گواستنەوەی خەباتی شاخ بۆ ناو شار لە بەرژەوەندی ئەمدا نەبووە، ڕەنگە بتوانین وەك خاڵێك بۆ کرۆکی ژانرەکەمانی دابنێین، ئەمەیش بەڵگەی حاشا هەڵنەگر نییە بۆ ئەوەی بڵێین بەڵی نیازمەند بووە وەك ڕابەرێك بەدەر بکەوێت .

( ئەسیری ) دوای ئەوەی لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا بەمەبەستی خوێندن زۆر شوێن و جێگەی کوردستان گەڕاوە و سروشتی ئەم نیشتیمانە کاریگەری لە سەر تۆمار کردووە، نەمازە دوای ئەوەی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری دەبینێت، بە ڕای ئێمە ئەم دیدارە کاریگەری تەواوی لە سەر ( ئەسیری ) کردووە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم بیرۆکە لای ( ئەسیری ) ئێمە وای بۆ دەچین لەم دیدارەدا باس لە داگیر کردنی خاکی کوردان لە لایەن هەر دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی

کراوە  بە زۆریش عوسمانی  هەر بۆیە بە گەڕانەوەی شیعرە دڵداری و ئەویندارییەکانی دەسوتێنێت .

لێرەدا پێویستیمان بە شیکارێکی چەمکی کەسایەتی هەیە لە ڕووی زانستی و ئەکادیمییەوە : (( بۆچوونەکانی فرۆید لە بارەی چەمکی تایبەت بە پێکهاتن و بونیادنانی کەسایەتی، ڕاستەوخۆ لە شارەزا بوونییەوە گەڵاڵە بووە، لە کاتێکدا کە چارەسەری نەخۆشەکانی کردووە ( هەڵبەتە مەبەست نەخۆشە دەروونییەکانە ) بۆ نمونە لە زۆربەیاندا دەرکەوتووە کە ئاراستە هۆشیارییەکان ئەوەی نەخۆشەکان دەریانبڕیوە، ناکرێت لە هەستەوە هەڵقوڵابن ئەم حاڵەتانە لە ئاستەکانی دونیای ئەو دیو هەستەوە جێگیرن، پسپۆری شارەزا بوونەکەی دڵنیای کردووە کە نەست یان نائاگایی دیاریکراوێکی دینامیکی گرینگی ڕەوشتە، هەروەها تێبینی کرد لە دەرئەنجامی ئەو ئاخاوتنانەی نەخۆشەکانی زۆربەی نەخۆشەکان نالۆژیکی بوون، ناکۆك بوون لە گەڵ کات و شوێندا، نامۆ بووە بە بوونیادی کەسەکە، بۆی دەرکەوتووە کە جەوهەری بیرکردنەوەکان ناکرێت لە نائاگاییەوە دەرچووبن، بەڵکو پشتی بە ئاستی چالاکی ئاوەز بەستووە کە لەودیو زرنگ بوون لە شتەکانی هۆشدایە ))(٣).

دەگەڕێینەوە سەر ژانرەکەی خۆمان، کاتێك ئەسیری تەنانەت لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە هەموو ڕوویەکەوە خۆ بە دوور دەگرێت، بە تایبەت لە سەرکردە باڵاکان بە پێی زانستی دەروونی و بە ڕای ئێمە کەسایەتی سەرکردە لە ناخیدا وەك دەسەڵاتێك دروست ببوو، بە پێی هەڵسەنگاندنی هاو بیروباوەڕەکانی کە لە زۆر جێگادا باسکراون بە تایبەت





لە کتێبەکەی دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید ( ئەسیری شاعیری نەتەوەخوازی کورد ) چاپی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکووك، بۆیە نامەوێت لێرەدا چەند بارەیان بکەمەوە، نمونەی باڵایی هەڵگرتووە، ئەوەی کە کۆمەڵیش لە گەڵیدا کۆك بووە وەك بانگێشت کردنی بۆ زانست و خوێندنیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن چونکە ئەو خەباتگێڕە چەکدارەی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی بەشداری بکات پێویستە لە خوێندن دوور بکەونەوە ئەو کاتێك بانگێشت و بانگەوازی کوردایەتی و کوردپەروەری دەکات بانگیشتی زانست و خوێندنیش دەکات کە دوو ڕەوتی دژ بە یەکن گەواهی ئەوە دەدەن کە نیازمەندبووە خەڵکی خۆ لە خوێندن نزیك بکەنەوە و لە دەوری بزاڤەکەی خۆی کۆ بکاتەوە و لە خەباتی چەکداری بە دوور بن، لێرەیش دووخاڵ دەخەینە ڕوو :

١- لای سەرکردە سیاسییەکان خەباتی چەکداری یەکلایی ببۆوە کە دوژمنانی نەتەوە مەحاڵە لە ڕێگای یاداشت و دیالۆگ و شێوازی هێمنانە مافە خوراو و پێشێلەکانی کورد بدرێت، تەنها بە زەبری چەك وخوێنڕشتن نەبێت، بەواتایەکی دی بە تۆبزی وەردەگیرێت . ئەم حاڵەتەیش ئەوە دروست و ساغ دەکاتەوە کە خەباتگێڕان زۆربەی هەرە زۆریان لە واقیعی خوێندن دوور دەکەونەوە، ئاشکرایشە خەباتی چەکداری بە بازووی لاوانی خۆ وڵاتی بەرێوە دەچێت لاوانیش لە ترۆپکی باڵابوونی خۆیاندان بۆ خوێندن و بەرە و پیری زانستی چون، بۆیە بانگەشەکردنی ئەسیری بۆ زانست دەچێتە خانەی دووەمی خەباتی ڕزگاریخوازی زۆرجار لێرە و لەوێ بە دیدێکی دیکە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت .

٢ - بزاڤی ڕۆشنبیری یان بزاڤ و خەباتی دیالۆگ، بە ڕای ئێمە ئەسیری شاعیر کە گومان لە کوردپەروەری ناکرێت، هەروەها نکوڵی لە هاندانی ناکرێت کە ڕێگای کوردایەتی نیشانداون و ڕەنگە زۆرێکیش لە ریزی بزاڤە ڕزگاریخوازە چەکدارەکانی کوردستانی باشوور بووبن بە خەباتگێڕ . لێ ئەوەی ئەسیری مەبەستی بووە بەرپا کردن و ڕابەرایەتی کردنی شۆڕش و بزاڤێکی هێمنانە و دیالۆگانە بووە بۆ گەیشتن بە مافی خۆ، ئێمە پێمانوایە ئەسیری نەیتوانیوە لەو ڕێبەرایەتی کردنە سەرکەوتوو بێت، دەشێت ئەمەیش فاکتی سەردەمی خۆی هەبێت ئیدی چ ئەوەی دوژمنەکان سەرسەخت بوون و هەرگیزاو هەرگیز قایل نەبوون دان بە مافەکانماندا بنێن، یانیش پڕ پیت وسامانی خاك و سروشتی کوردستان وایکردووە دوژمنان بە درێژایی مێژوو وابکەن ئەم خاکە داگیرکراو بێت و بە هیچ جۆرێك گوێ بۆ داخوازییە ڕەواکانمان شل نەکەن جا لە ڕێگای هێمنانە و دیالۆگانەوە بووبێت یان بە شێوازی خەباتی چەکدارانە بێت .

ئێمە پێویستە ڕێگاکانی پێهەڵچوون و پاشگەزبوونەوە لە ئامانج و مەبەستەکانی ئەسیری بەو پێیەی ئێمە دیاریمان کردووە و قسەی لە سەر دەکەین تێڕوانینی خۆمانی بۆ بخەینە بەر دەست، هەروەك گوتمان دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی تەواوی شیعرە ئەویندارى و دڵداریەکانی بە باڵای ڕەگەزی مێدا هەڵیدابوون سووتاندووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا لە رووی دەرکەوتنی کەسایەتی کۆمەڵ وەك سەرکردە دەردەخات، چونکە کەسایەتی سەرکردە تا ڕادەیەکی زۆر خۆی لەو جۆرە خەسڵەتانە دەپارێزێت، و ڕۆمانسیانە بەدەرناکەوێت .





لە ژیاننامەکەیدا وادەردەکەوێت شاعیر جۆرێك لە هەڵچوونی لا دروست بووە هەر ئەمەیش وایکردووە هەندێجار لە کێش و سەروای دەقە شیعرییەکان هەڵبێت و دوور بکەوێتەوە ئاشکرایشە کە هەستە نەتەوییەکەیە قوڵپی داوە و ئەم ڕێگای پێگرتووە، کە ئەمەیش دروست بوو ئەوا ویستوویەتی وەك وتارێکی نەتەوەیی لە دەقە شیعرییەکاندا دەریبخات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا فاکتەرە (( لە ڕاستیدا فاکتەر بۆ خۆی دەستەواژەیەکی ئاماری یان چەندایەتی یەکێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی کەسایەتییە یان یەکێك لە پێکهاتە بنەڕەتیەکانی کەسایەتییە ))

یان لە دوای قۆناغی گەڕانەوەی لەو گەشتەی لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا ئەنجامیداوە هەروەك لە ژیاننامەکەیدا هاتووە ئەمە فاکتەرە و لە پێکهاتەی بنەڕەتی ئەم قۆناغەی کەسایەتی شاعیرە خولقدان و سەرقاڵبوون و نووسینی شیعری نیشتیمانی و نەتەوەیی پێمانوایە زەمینە خۆشکردن بووە بۆ جاڕدانی بزاڤێك کە زەنگێکی مەترسیدار بووە بۆ خودی ئەسیری خۆی، فرۆید دەڵێ : (( هۆکاری دوورخستنەوەی شتگەلە کەڵەکە بووەکانی ناوەڕۆکی ئاگایی لە نائاگایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مەترسی و هێزی هەرەشەیەکی کاریگەر لە خودی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەکات کە پڕە لە مەترسی ))، دەشێ ئەم حاڵەتە ترس و دڵە ڕاوکێی لای ئەسیری دروست کردبێت بۆیە لە جاڕدانەکە نائومێد بووە و لە سەرنەکەوتنی یەکلابۆوە (( مرۆڤ بە ئاراستەیەکی روون بە زنجیرە پاڵنەرێك کاریگەر دەبێت کە سنووری پێداویستی غەریزەیی ببەزێنێت ))، غەریزە بە تەنها با ئێمە لە دەوری حاڵەتە جنسییەکەی بەر تەسك نەکەینەوە لە چوارچێوەیەکی شمولی

خوێندنـــــەوەمان بـــــۆی هـــــەبێت، تاقیکردنەوەی کەسایەتی و هەڵسەنگاندنی لـە رووی زانـستی دەروونییـەوە هەمەجۆر و هەمەچەشنە لەم رووەوە کەسایەتی بۆ وەها کارێك پێویـستە شـرۆڤەکاری سیاسـی و ئـابووری و سـەربازی و .....تـاد هـەبێت، ( کـارل رۆگـریس )* هەرەشـەی سـەرەکی بـۆ سـەر خـودی کەسـایەتی لـەوەدا دەبینێتەوە کە هەندێجار شارەزایی و لێزانینی هەستداری بـە شـێوەیەکی نادروست بۆ هێما دەگۆڕێت، بەواتا چەمکەکانی بە هەڵە نیشان دەدات .

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کـە رێگـر بـووە لـە بـەردەم ئەسـیری بـۆ سەرنەکەوتن لە بیرۆکەکەی و نەیتوانی ئامانج بپێکێت، لایـەنی ئـابووری بووە، کە بنەما و کۆڵەکەی سەرەکی هەر بزاوتن و جوڵەیەکە .

بە پێی ئەو وردەکاریانەی لە ژیانی ئەسیریدا بە دەست کـەوتوون، لـە تەمـەنی ١٨ سـاڵیدا گەشـتەکەی بـۆ ناوچـە جیاجیاکـانی کوردسـتان دەستپێکردووە تا بە ئەستەمبولیش گەیشتووە، هەر چەندە لە سـەر سـاڵی لە دایکبوونی جەدەل و مشتومڕێك هەیە و ساغ نەبۆتـەوە وەلـێ زۆربـەیان لە سەر ئەوە کۆکن کە سالی ١٨٩١ لە دایك بووە، کەواتە پێویستە بڵێین :

١٨٩١ + ١٨ = ١٩٠٩

ئەگەر لەم گەشتەیدا چوار ساڵیش مابێتەوە ئەوا دەکرێ بڵێین :

١٩٠٩ + ٤ = ١٩١٣

بە پێی فرمانی وزاری بە ژمارە ٣ / ٨٨٨ لـە رۆژی ٢٣ / ٦ / ١٩٣٥ لـە دادگـای شـەرعییە بـە سـەر نووسـەر دامـەزراوە لـە رۆژی ٢٠ ی هـەمان مانگدا دەست بەکار بووە، واتا لە دەوروبەری ناوەڕاسـتی دەیـەی دووەمـی





سەدەی رابردووەوە تـا ناوەڕاسـتی دەیـەی چوارەمی هـەمان سـەدە شـاعیر کاری بـۆ ئـەوە کـردووە وەك رابـەرێکی نەتـەوەیی دەربکـەوێت، لێرەیـشدا دەڵێن :

١٩٣٥ ساڵی دامەزراندن _ ١٩١٣ ساڵی گەڕانەوەی لە گەشتەکەی = ٢٢ ساڵ

لە سەروبەندی دامەزراندنیدا دەقێکی شیعری بۆ مامۆستا محەمەد ئـەمین زەکی دەنێرێت، دەشێ ئەم دەقە بۆ ئەم مەبەسـتەی باسـەکەمان بـە کـەڵك بێت و گەواهیدەرێکی بەر دەست بێت کە ویستوویەتی وەك رابـەرێك خـۆی دەر بخات، بابزانین دەڵێ چی :

**هەر چەنێ بیری بڵندم کرد و بەخت یاری نەدا**

**پشتیوانێکم نەبوو جێگەی هومێد هەو نەبوو**

**ئێستا تەنگاوم لە دەست کورتی ئەوا چارەم نەما**

**گەرچی لەم جۆرە ژیانە بوومە چەرمی ئاوە سوو**

**خێر خواهان سەر نویسی مەحکەمەی شەرعییەیان**

**بۆم نووسی داکو رزگار بم لە دەس نەنگی زوو**

لەم بەیتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە ماوەی نزیکەی بیست سـاڵ یـان زیاتر لە هەڵپە و هەوڵدا بووە بـۆ بیرێکـی بڵنـد خـۆی گووتـەنی بێتـە دی کەچی بەخت یاری نەبوو، بە هەر حاڵ ئـەو سـاڵە نادیارانـەی بـۆ خـۆی لـە خۆیدا جێگەی مشتومڕە ناکرێ بە تـەنها شـیعر نووسـین لـە سـاڵانێکی وا زۆردا کار و کردەوەی کەسێکی وەك ئەسیری بووبێت، ئێمە وای دەبینین ئەو کاری کردووە بۆ ئەوەی وەك رابەر و سەرکردەیەك دەربکەوێت بەڵام هۆکـار

گەلێك ڕێگر بوون لە بەردەمی ڕەنگە خوێندنەوەی نا دروستی خودی خۆی تیا بێت، ناتوانین ئەوە بسەلمێنین کە ئەسیری بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی کوردستانی باشوور بە ڕاست نەزانیبێت، چونکە هاندانەکانی خۆی لە خۆیدا گیانی بەرخودان و مقاوەمەتی دروست کردووە، تەماشا لە دەقی ( میللەت و وەتەنی ) لە گەڵ ئەوەی هانی گەنجان و لاوان دەدات دان بەوەدا دەنێت کە بۆ خۆیشی بە دووی ناو کەوتووە کە دەڵێ :

**هەر چەن بخۆی و بنۆشی و بپۆشی بێکەڵکە**

**ئەوەی کە کەڵکی بێ پاش مردنت برا ناوە**

لە ڕووی زانستی دەروونییەوە ئەمە حاڵەتێکە شاعیر لە ناخیدا چەسپاوە بە دووی ناودا لە سۆراغ و عەودالّدا بووە، کاری بۆ ناو و شورەتی خۆی کردووە، ناکرێ سیفەتێك بۆ خەڵك داوا بکات و خۆی لێ تەحریم بکات، هەڵبەتە جگە لەوەی وەك شاعیرێك بەدەرکەوتووە کە ئیمرۆ جێگای ڕێز و ئیفتیخاری ئێمەیە، هەروەها لە دەقی (( کەرکووك ئەلزلسە، کفری لۆرەنە )) شوبهاندنیان بە دوو هەرێمی فەڕەنسایی و خۆی لە خۆیدا جاڕدانە بۆ بە پایتەخت کردنی کوردایەتی، هەر لەم دەقەدا قەلاّی کەرکووکی بە جێی ئەڵمان لە قەڵەم داوە، بێگومان سەرکردە بیر دەکاتەوە شوێنی خۆی بە پایتەخت یان جێگایەکی مەزن بشوبهێنێت .

لە دەقی (( ماتەمنامەدا )) خۆی بە ڕابەر نیشان دەدات و بە میللەتەکەی دەڵێت با بچین بۆ پرسەی کوردی سەروو :

**یاران وەرن بابچینە پرسەی کوردی سەروو**

**ڕەنگین بین ئێمەیش ئە لەو شینە بەو خومە**





لە تەواوی دەقەکانی ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە ئەسیری چاك و خراپ باس لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەلاّت و باشوور ناکات، لە پاش دامەزراندنیشی باس لە هاندان و کورد پەروەری ناکات و لێکۆڵینەوەکانی دیکەیش ئاماژەیەکی وا زەقی تێدا بەر جەستە ناکرێت، چونکە بۆ خۆی لەو ئامانج و مەبەستەی نەخشەی بۆ کێشا بوو سەرکەوتوو نەبوو، دەنا هەر وەك گوتمان بانگەواز کردن بۆ زانست و خەباتکردنی چەکداری دوو کار و کردەی ئیزدیواجین و ناکرێ لە یەك کاتدا کۆ بکرێنەوە، کاتێك ئەسیری دووچاری نائومێدی و یەئس دەبێت پەنا بۆ کار کردنی دەوڵەت دەبات لە تەمەنێکی تێپەڕیوی دامەزراندنیش دادەمەزرێت.

دەقێکی دیکەی کە گەواهیدەرە بۆ ڕێبەرایەتی کردن (( وەسیەتە)) کەیە کە دەڵێ :

**وەسییەت بێ ئەگەر مردم وەرە سەر گۆڕەکەم قالە**

**بڵێ ئاواتەکەت پێکهات هەڵستە بێرە دەر خاڵە**

**کە بوویتە ( سەرجڵەو ) (سەرپۆلی ) لەشکران**

**لە بەر هیچ ئەزیەت و جەورێ، نەکەی ئۆف و نەکەی ناڵە**

دەبا ئیمرۆ ئەو موژدەی پێبدرێت کە نیەت و مەبەستەکانی ئەسیری دۆزرایەوە و هەوڵی داوە ببێتە سەرکردە ئەوە نییە لە وەسیەتەکەیشدا بۆ قالە هەمان شت دەڵێت، لە جێگەیەکی دیکە دەڵێ :

**عەزیزە ئەو کەسەی کۆش بکا بۆ هاوزمانی خۆی**

**ئەگەرچی ژینی تاڵە، عاجزە، بەدبەختە کەم حاڵە**

**شەهیدی میللەتم تەسلیمی خاکم کەن گەلی کوردی**

**بپۆشن خاکی سەر گۆڕم، بە ڕەیحان و گوڵ و لالە**

لەو دەقەی سەرەوەدا جۆرێك لە نرسیسیەت لای شاعیر بەرجەستە دەبێت وا دەردەکەوێت لە پاداشتی ماندوو بوونی بۆ میللەتەکەی بە ڕەوای بزانێت و بە پێویستی دەزانێت بکرێت و بگوترێت، لێرە و لەوێ دەگوترێت دووره پەرێزی ئەسیری لە بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی کوردستانی باشوور بە تایبەت شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید جێگەی گلەو گازندە و ڕەخنەیە، ئەمە لە جێی خۆیەتی، چونکە ئەوەتا ستایشی مەلیك غازی دەکات کەلە ساڵانی ١٩٣٣ بۆ ١٩٣٩ حوکمڕانی کردووە، لە سەردەمی ئەم پادشا هەقە بگوترێت کە : (( لە گەڵ ئەوەی وڵات لە ڕۆژانی مەلیك غازیدا دارووخا، گەنجێکی بێ ئەزموون بوو نێچیرێکی دەستی حاڵەتە یاخیبووەکانی هۆز و تیرە و کودەتا سەربازییەکان بوو، و هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتیش لە ئاراستەی سیاسەتی پێشووی پادشایی تێدا نەبوو، جگە لە ماوەیەکی کورت نەبێت لە نێوان ساڵان ١٩٣٦ بۆ ١٩٣٧ کە دەوڵەت نەریتێکی زیاتری عەرەبیانەی پێوە دیار بوو )) (٦). ڕەخنە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ستایشی کەسێکی دەسەڵاتداری دەوڵەتێکی کردووە دژ بە نەتەوەکەی ڕەفتاری ئەنجام داوە، تەماشا هەر لە سەردەمی ئەم پادشایە کە لە شیعری مەلیك غازیدا ستایشی کردووە : (( هێزی سوپا لە ساڵی ١٩٣٦ بۆ ٨٠٠ ئەفسەر و ١٩٥٠٠ سەرباز بەرزبۆتەوە،لە ساڵی ١٩٣٩ یش بۆ ١٤٢٦ ئەفسەر و ٢٦٣٤٥سەرباز لە گەڵ ئەوەیشدا لە ساڵی ١٩٣٣ ئەفسەری فڕۆکەوان زۆر کەمبوون بەڵام ژمارەیان لە ساڵی ١٩٣٦ گەیشتۆتە ٣٧





ئەفسەری فڕۆکەوان و کۆتایی ساڵی ١٩٣٧ بۆتە ١٢٧ ئەفسەری فڕۆکەوان)).

ڕەخنەکان لەوێدایە کە گەشەی سەربازی بە دەوڵەت داوە و دەوڵەت سیمایەکی عەرەبیانەی بە خۆوە دیتووە، کە لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵ دا ئەو گەشەکردنە سەربازییەی نەبووە، هەنگاوەکان لێرەوە بەرەو دەوڵەتی عێراقی پڕ چەك و تەقەمەنی نراوە و بە بەرایی لە قەڵەم دەدرێت، بە ڕای ئێمە ئەم پیا هەڵدانە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دووچاری یەئس دەبێت و بە ناچاری :

**ئێستا تەنگاوم و لە دەست کورتی ئەوا چارەم نەما**

**گەرچی لەم جۆرە ژیانە بوومە چەرمی ئاوە سوو**

دامەزراندنی لە فەرمانگەی میری لە پاش تەمەنی چل ساڵییەوە خۆی لە خۆیدا لە نائومێدییەوە سەرچاوەی گرتووە، بابزانین لە ستایشکردنی مەلیك غازی ( ئەسیری ) چ دبێژێت :

**هەر کە دانیشتە حوکم تاڵعی میللەت هەڵگیرسا**

**ئەلوەداعیٚ لە پەرێشانی ئەکا گەل هاکا**

**هەرە دیاریتری ئەولادی کەسێکی وایە**

**خوا کە فەرمویەتی دەرحەقی ئەوی لەو لاکە**

لە جێگەیەکی دیکەی هەمان دەق دەڵێ :

**هەر چەنیٚ کردەوە و ئەخلاقی جوانی بێژن**

**باوەڕی پیٚ بکە ڕاستە لە جەوابی ئاکە**

**دەوری کۆن بێنە خەیاڵ، حاڵی چلۆن بوو میللەت**

**سەیری ئاسایشی ئەمڕۆ بکە زۆر باڵاکە**

پاشان لە شوێنێکی تر دەڵێ :

**وردی دوا ڕۆژەوە بە، میللەتی کورد تێفکرە**

**لە چیا چاکە و کەڵکت بێ، مەوەستە واکە**

**موخلیسی ڕاستی مەلیك غازی – یی نەوجاهت بە**

**لەشکری مونتەزەمی ئەوبە لە ژێر ئاڵاکە**

ئێمە هەرگیز نامانەوێت لە بەهای شیعرە نیشتیمانی و کوردپەروەرییەکانی ئەسیری کەم بکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێت جارێکی دیکە شێلگیرانە بڵێین، ئەسیری بۆ ئەو ململانێ و کێشمەکێشە وایکردووە کوردایەتی بە بێ خەباتی چەکداری بکرێت و زمانی دیالۆگ و هێمنی بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی کورد بە مافی خۆی بگات و ئەو کاتیش بۆ خۆی رابەر بێت .

پێمانوایە ئەگەر شیعرەکانی زۆر بە وردی بخوێندرێتەوە لە هەموو شوێنێك رێنمایی و ئامۆژگاری و هاندانی بەرەو رەوتی چاکەی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری پێوە دیارە وخۆی بە رێنیشاندەر دادەنێت، نەك بە نووسین بلێت من رێنیشاندەرتانم بەڵکو لە شیعرەکانیدا ئەو مەغزایە دیارە ، لە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەسیریدا هەست دەکەین یەئسی پێوە دەرکەوتووە، با بزانین لە دەقی ( کفن لە بەرکەی چاکترە ) چی دەڵێت :

**گوێت لە دەنگی زرمەیی تۆپ و تفەنگ و بۆمبە بێ**

**وا لە نەشئەی دەنگی ساز و، نەغمەیی نەی چاترە**

**دەربەدەری، سەرکز و داماو بۆ رزگاریی گەل**

**وا لەوەی زیو و زەڕت بێ، لێرە لێخەی چاترە**





کەچی لە دەقی ( فێری عیلم بە ) تەواو پێچەوانەی ئەو شیعرەی سەرەوەیە، بە هەموو ئەوانەی نەك گوێ لە زرمەی تۆپ و تفەنگ دەگرن بەڵکو ئەوانەی دەبنە خەباتگێڕ دەڵێت کەر: ......

**کوردە چ فایدەی هەیە ئەم خەنجەرە**

**ئەم فیشەگە و ئەسلیحە و وەروەرە**

**بار مەکە ئاگر و ئاسن لە خۆت**

**باری گران لایقی گاو و کەرە**

ئەسیری کاری ئەوتۆی کردووە کە جێگای شانازی بێت، یەکێك لەو دەقە بەرزانەی شاعیر کە ئایینی بۆ میللەت و کوردپەروەری بەکارهێناوە، دەقە شیعرێکە بە ناوی (( نیشتیمان )) کە دەڵێ :

**سەر نەنێیە تەختی سینەی خاکی پاکی نیشتیمان**

**خوا پەرستی کەی، نییە فەڕی بۆ دین و ئیمان**

**حیکمەتی سەجدەی ئەتۆ خۆشویستنی جێتە بزان**

**رەهبەری کوردم ئەکەم بۆت، حیکمەتی دینت بەیان**

هاوکات ئەسیری لەو دەقەی سەرەوەدا جاڕدانی رەهبەری خۆی کردووە، دەشێ هەمان مەبەستی رەهبەری بێت کە ئێمە لەم باسەدا قووڵمان کردۆتەوە، بەتایبەت ئەو دەقەی بەناوی ( ستایشی محەمەد ئەمین زەکی ) یە، کە دەڵێ :

**هەر چەنێ هیوام هەبوو یەك یەك لە دەستم چوو گشتی چوو**

**هیچ مەبەستێکم نەما بۆ پاشە ڕۆژم بێجگە توو**

**هەر چەنێ بیری بڵندم کرد و بەخت یاری نەدا**

**پشتیوانێکم نەبوو جێگەی ئومێدم هەو نەبوو**

بە داخەوە نەك ئەسیری بەڵکو شاعیرانی دیکـەیش میللـەتی کوردیـان لـە گـەڵ دەوڵـەتانی وەك ژاپـۆن و بـەریتانیا و فەڕەنـسا و ئـەڵمان و ... تـاد بەراورد کردووە، لە کاتێکدا ئەوان زۆر دەمێکـە لـە سـەرخۆبوونی تـەواوی خۆیانــدان و ئێمــەیش بــە دەســتی زاڵمــان و چاوچــنۆکان و نــەزانانی دەســەڵاتدارانی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت گــیرۆدە و ئــالوودەی وێرانکــاری و تاکڕەوی دەسەڵاتیان بووین و بەزەبری جبەخانە و هێزی زەبـەلاح و جلـەوی دیکتاتۆریانە و نەبوونی دیموکراسی ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ و سـەرەڕای شـۆڕش دوای شــۆڕش هــەر بــەرەو شکــست و پاشــکەوتوویی چــووین . دیــارە نووسینێکی وا هەستیار و دیوانێکی پڕ لە شیعری تەواوی بوارەکانی دیکە هەم فرە خوێندنەوە هەڵدەگرێت هەمیش بۆ توێژینەوەی لەم جۆرە شـرۆڤەی زێتر گەرەکە . بە ئومێدین قەڵەمەکان بتوانن زیاتر هەموو لایەنەکانی ئەم شاعیرەو شاعیرانی تریش بخەنە ژێر نووکی قەڵەمی توەێژینەوە .

**ئەو سەرچاوانەی سوودم لێوەرگرتوون :**

*** دیوانی ئەسیری – ئامادەکردن و پێشەکی د . کوردستان موکریانی دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠٠٦ .**

*** ئەسیری شاعیری نەتەوەخوازی کورد – د . ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید لە بلاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتی نوسەرانی کورد ژمارە ( ٥٩) ٢٠٠٦ .**

*** گۆڤاری ویست ژمارە (٥) زستانی ٢٠٠٨ هەولێر، ڕێکخراوی کوردستان بۆ مەدەنیەت دەریدەکات .**





*** علم النفس المعاصر - د. حلمي المليجي – بيروت – دار النهضة العربية للطباعة والنشر.**

*** الشخصية والتربية – ديفيد فونتانا – ترجمة عبدالحميد يعقوب جبرائيل و د . صلاح محمد نوري – ١٩٨٩ – اربيل.**

*** العراق _ الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية في العهد العثمـاني حتى قيام الجمهورية – تأليف حنا بطاطو _ ترجمـة عفيـف الـرزاز – طهران مطبعة فرصاد ٢٠٠٥**

# زمانی رەخنە لە شیعرەکانی (صابری )دا

**(( وكان الله على كل شيء رقيبا ))**

**صدق الله العظيم**

**پێشەکی**

ناکرێ باس لە شاعیرێکی خواناس و دادپەروەرو موریدی تەریقەت و پیاوچاکی وەك ( صابری ) بکەین و لە رێبازو فیکری دوور بکەوینەوە، هەر چەندە هەولّی زۆرماندا لە دونیای پان و بەرین و بەرفراوانی تەسەوف و تەشویقبوونی ( صابری ) بۆ سۆفیگەرێتییەکەی پەنجە درێژ نەکەین چونکە هێندە زەحمەتە کە دیراسەی قوولّی پێویستە و رەنگە نەکرێ وا بەسانایی بە سەریدا برۆین، لە لایەکی دیکەوە بۆ خۆم هەستم کرد کە برادەرانی دیکە ئەم لایەنە فەرامۆش ناکەن، بۆیە پەنامان بۆ حالّەتێك برد کە رەنگە پەنجەی بۆ درێژ نەکرابێت ئەویش زمانی رەخنەیە لە شیعرەکانی شاعیر دا، هاوکات ناکرێ و ناشێت باس لە چەمك و بەهاکانی ئەو میتۆدە نەکەین، ئەو کاتانەیش پرسیارگەلێك دێنە ئاراوە لەوانە، ئاخۆ تا چەند پەیوەست بوون لە نێوان ئازادی و رەخنەدا هەیە ؟ ئازادی و رەخنە لە چ





سەردەمێکدا زیاتر سەرهەلّدەدەن ؟ بشێ لێرەدا ئازادی ماهیەت و کرۆکی باسی ئێمەی پێویست بێت ؟ شاعیر چون لە نێو ئایینی پیرۆزی ئیسلام کەلّکی وەرگرتووە و ئازادی وەك سەرچاوەیەك بەکار هێناوە بێ ئەوەی باس لەم چەمکە بکات ؟ رەخنە و ئازادی چ پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوانیاندا ریخۆشکەرە بۆ مەیسەر بوونی دادپەروەری ؟ ئیستاتیکاو بەها ئاکارییەکان مەوداکان بەر فرە دەکات یان بەر تەسك دەکاتەوە ؟

زمانی رەخنە زمانێکی تایبەتە و هەر نووسەرێك خودان زمانی خۆیە و جۆرە شێوازێك پەیڕەو دەکات، زمانی رەخنە هەجووە یان تەشهیر یان زبرترە لە تەشهیر، یانیش زۆر بە نەرمی ئامانج و مەبەستەکانی دەپێکێت؟ هەندێك پێیان وایە بە تەنها مرۆڤ زمانی رەخنەی هەیە هەر چەندە ئێرە جێگەی ئەوە نییە، وەلێ ئەمەیش توێژینەوەیەکی چڕ و پڕی گەرەکە، تەنها نمونەیەك دەهێنینەوە هەموو یەکێکمان گوێبیستی ئەو دەنگە دەنگ و مرخبوونەوەی گیاندارانی دیکە بووین بەر لەوەی بە یەکدا بکێشن هەندێ جار لە یەکدی دوور دەکەونەوە نەخێر هەندێجاری دیکە دەکەونە سەرو گوێلاکی یەکدی، بیگومان هەر یەکەیان خۆی بە خاوەن ماف دەزانێت ئەگەر لە یەك رەگەز بوون .

کەواتە زمان دەلالەتی گەیاندن و پەیوەست بوونە بە یەکترییەوە، هەر ئەمەیش وامان لێدەکات بە چاك بلّێین چاك و بە رووی خراپی ولە نادادپەروەری دەنگ بەرز بکەینەوە ئەم دەنگ بەرز کردنەوەیە رەخنەیە، کە رەخنەیش نەبوو ئازادی قۆرخکراوە .

ئەم لێکۆڵینەوەیەمان دابەشی دوو تەوەر کردووە بەم جۆرە :

**یەکەم : تەوەری ئازادی لای ( صابری ) شاعیر**

**دووەم : زمانی رەخنە لە شیعرەکانی ( صابری ) دا.**

# (( تەوەری یەکەم ))

## ئازادی لای صابری شاعیر

ئازادی ئەگەر بەو واتاو دەلالەتانەوە شرۆڤە بکەین کە بێسنوور و بەرەڵا بێت، ئەوا هیچ ئازادییەك ناوی نامێنێت و بەها ئاکارییەکانی خۆی و ئەو کۆمەڵگایەش لە دەست دەدات، هەندێ یاساو ڕێسا لە پێناو ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی دانراون، دەنا هیچ جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکە نامێنێت، خودای تاك و تەنها کە ئاوەز ( عەقڵ ) بە مرۆڤ دەبەخشێت بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکان ساغلەم و دروست بن، ڕێبازە ئایینەکان لە ڕێگای بیرکردنەوەی ئاوەزی مرۆڤەوە بە ئەنجام گەیشتوون و هەر لەو ڕێگایەشەوە بە ڕاستییەکانی ئایینی ئیسلام ( ناسین و ئاکار و نیستی ) گەیشتوون، هەر ئاوەز ڕێگای ڕاست و دروستی عیشقی ئیلاهی دۆزیوەتەوە بە تێفکرین لە دروستبوونی ئەم کەونەی ئێمە کە تیایدا دەژین، جگە لە ئایینی ئیسلام لە ئایینەکانی دیکەیشدا ڕێبازی عیشقی ئیلاهی دۆزراوەتەوە وەك تەسەوف کە لە ئایینەکانی دیکە هەن، لە سەروو ئەوانەیشەوە مرۆڤ شیکاری ڕوون و وردی لە بارەی مەقامەکانەوە کردووە





لە پێناو عاشقبوون و عاشقبوونی خودای تاك و تەنها ئەوانەیش وەك مەقامەکانی ( تۆبە و وەرع و زوهد و فەقر و سەبر و ڕەزا و تەوەکول) ی پەی پێبردووە ڕەنگە لە نووسینێکی وا کورتدا نەتوانین بە هیچ جۆرێك باس لە داهێنانەکانی عەقڵی مرۆڤ بکەین، هەر لە زانستە بەر فراوانەکان و داهێنانەکانی زانست تاوەکو بە جیهانی گلۆبالیزەیشن و سکۆلاریزمی ئەمڕۆ دەگات، بە هەموو ئەو داهێنان و بیرکردنەوانە لە ڕێگای ئازادی خود و سەربەستی خودی مرۆڤەوە بالآبوونی بەدەستهێناوە، دەنا ڕۆژێ لە ڕۆژان نەبیستراوە کە ئەدیسۆن زۆری لێکرا بێت کارەبا دابهێنێت، بۆیە ئازادی مرۆڤ ئازادییەکی ڕەهایە، بەڵام کاتێك سنووری بۆ دادەنرێت لە پێناو پاراستنی بەها ئاکارییەکانی مرۆڤایەتی و دووركەوتنەوە لەو دڕندایەتییەی کە ئەو دوایی گیاندارەکانی دیکە بە ئەنجامی دەگەیەنێت، کەواتە مرۆڤ ئازادە بەو چەمکەی کە باڵا دەستە بە سەر ئیرادەی خۆیدا تاوەکو بەردەوامی بە ڕەوتی چاکی و جوانی و خەسڵەتەکانی مرۆڤ بدات، پانتایی بیرکردنەوەی بەرفراوان بکات، تەواوی ئایینەکان و ئایینی ئیسلامیش بڕوای بەوە هەیە کە مرۆڤ بە ئازادی لە دایك بووە و بەم پێیەش دەیەوێت تا کۆتایی تەمەنی و نەمانی مرۆڤایەتی بندەست و کۆیلە نەبێت و ژێر دەستەیی نەژێت، لە بن ڕەحمەتی خالقێکدا بژیت کە بەخشندە و بە بەزەییە و خۆی لە ڕۆژی ئاخیرەتدا ئەو بەخشندەییەی پێببەخشێت و بە کردەوەکانی خۆیانی لە گەڵدا نەکات، ئەگەر بە وردی و ڕوونتر دیقەتی تەواوی ئایینەکان بدەین هەست دەکەین جگە لە بانگەشەکردن بۆ مرۆڤایەتی و بەرفراوانکردنی ویژدان لە ناخی هەر تاکێکدا بڕوای

تەواویشمان بە ئازادی تاك هەبووە لە پێناو رزگاربوون لە کۆیلایەتی و پەرستنی بتەکان و خۆ قورتارکردن لە دواکەوتوویی و هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن و داهێنانی زانستانە، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا قورتار بوونە لەو خوایانەی کە مرۆڤ بۆ خۆیان ناو و رەنگی بۆ داناون و دروستی کردوون کە خوای تاك و تەنها و بوونی پێویستی بە بیرکردنەوە وئازادییەك هەیە تاوەکو مرۆڤ بە یەقین بگات .

یەقین ئەو وشە ئاڵۆز و سەخت و دژوارەیە کە بە بوونی ژیان گەڕان بە دوای یەقین مەوداکان فراوانتر دەکات، یەقین لە هەموو گومانەکانی رۆژگار و سەردەمی خۆمان تا قۆناغ و سەردەم و رۆژگارەکان بە سەردەم و قۆناغ و رۆژگاری دیکە دەگۆڕین، لە زەمەنی ئیمرۆماندا دەمانەوێت بگەینە یەقین لە تەواوی بوارەکانی سیاسەت و دەسەڵات و داهێنانی زانستی و باری ئابووری و رۆشنبیری و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و شرۆڤەکاری وردتری قورئانی پیرۆز و بە دەستهێنانی زۆر لە داهێنانەکانی دیکەی ئەم کتێبە پیرۆزە .

هەموو ئەوانە بە تۆبزی و زوڵمی زاڵمان هاوێر نابن، چونکی ئازادی رێنیشاندەرمانە بۆ گەیشتن بە یەقین، هەرچەندە باس لەم پرسە ناکەین، بەڵکو ئازادی تاك بەرەو پانتاییەکانی دونیامان دەبا و روئیاکانمان بەرفراوانتر دەکات، ئیمامی عەلی رەزای خوای لە سەر بێت، لە بارەی ئازادییەوە دەفەرموێت : ( لا تکن عبد غیرك وقد خلقك الله حرا ) واتا : (کۆیلەی هیچ کەسێك مەبە، خودا بە ئازادی تۆی خولقاندووە ) لەم رووەوە دەگەینە ئەو مەبەستەی کە مرۆڤ بە تەواوی بیروباوەڕەکانییەوە ئازادە،





ئازادە لە خوشەویستنی هەر شتێك یان کەسێك بەڵام نەك بگاتە ئەندازەی پەرستن چونکە خودای تاك تەنها شایستەی پەرستنە لە بەر ئەوەی هەمووباڵا دەستییەك لە دەسەڵاتدا بە سەر گەورەیی گەردوون بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە، هەر مرۆڤێك کەسێکی دیکەی خۆشبوێت کردەیەکی ئاساییە وەك خۆشەویستی خەڵوەتنشینان بۆ رێباز و عیشقی ئیلاهی یان خۆشەویستی ئەویندراری بۆ دولبەر و لەیلا و سەلواکەی زۆرجاریش موریدانی رێبازی تەریقەت و سۆفیگەرێتی وەك هێما و دال و مەدلولی مەبەست و ئامانجی پیرۆزی خۆیان کە ئەویش بۆ عیشقی ئیلاهی دەگەڕێتەوەو بەکاری دێنن، هەندێجاریش ئەم خۆشەویستی و ئەوینە بۆ خۆی وەك ئازادییەکی تاك بەکار دەهێنرێت و لە ناخدا رەهایە و لە باتندا پانتاییەکی بەرفرە قۆرخ دەکات و لە زاهیریشدا بەر تەسك دەبێتەوە، لە حاڵەتی دیکەیشدا یاسا و رێسا و داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی خۆی فەرز کردووە وەك رێگرییەك ئاستەنگ بووە لە بەردەم ئەو ئەوینە، خودی خۆشەویستی چەند جارێك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و گەرەکە ئاماژەی پێبدەین، بەڵام لە چوار چێوەی خۆشەویستی بۆ خودا و پێغەمبەر تێنەپەڕیوە، لە سورەتی ( البقرە ) دا دەفەرموێت : (الژین امنو اشد حبا للە ) هەروەها لە سورەتی (ال عمران ) دەفەموێت : ( قل ان کنتم تحبون الله فأتبعونی یحببکم الله ویغفر لکم ژنوبکم )

ئاشقانی رێبازە جیاجیاکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە تایبەتی رێبازی سۆفیگەرێتی و پێشەوایانی لە رێگای ئاوەز و بیرکردنەوە و شرۆڤەکاری وردەوە پەیان بە خۆشەویستی بردووە بۆ بیرو فەلسەفەی سۆفیگەری خۆیان

بە کاریان هێناوە عەقڵیەتی تێدا بەرجەستە بووە وەك دەستەواژەیەك کە شایستەی فەلسەفەکەیان بێت و کۆك بێت لە گەڵ بەرژەوەندییەکانیان لە بونیادنانی بۆچونەکانیان سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان بە خودای گەورە و میهرەبان و ئەم کەونە و سروشت و ئەو شتە سەرسووڕهێنەرانەی خودا دروستی کردوون، وناویانا خۆشویستی ( المحبە )، ئێمە لێرەدا ڕۆدەچینە جیهانێکی گەلێك بەرفراوان و پانتاییەکی وا کە زۆر ئەستەمە لە وەها نووسینێکدا مافی خۆی پێبدرێت و پەل بۆ زۆر جێگا و لایەنی دیکە دەکوتیٚ، بۆیە ئێمە لە چوارچێوەی ئەم نووسینە زۆر پەل بۆ ئەملاولا ناکوتین، وەلیٚ ئەوەی زۆر گرینگ و پەیوەست بەم ژاترەوە بێت دەیخەینە بەر توێژینەوە، ڕەنگە ئەمەیش هاوکات مافی خۆی نەداتیٚ و تواناکان قۆرخ بکات و باسی جوداجودا هەڵبگرێت و ئێمە تیایدا کورتدەست بین .

قشیری خۆشویستی ( المحبە ) بەسەر پێنج بەشدا دابەشکردووە : ( هەستی، دەروونی، دڵیی، ئاوەزی، گیانی کە دەکاتە حسیە ونفسیە وقلبیە وعقلیە وروحیە ) لە راستیدا (هەستی) خۆی لە گوێڕایەڵی فەرمانەکان دەبینێتەوە، ئەمەیش نزمترین ئاستی خۆشویستییە، ( دەروون) ی لادانێکی بی دەسکەوتە، هەروەها خۆشویستی دڵیی ئاگرێکە لە دڵ بەردەبێت بۆ هەر مەبەست و ئامانجێك بێت هەروەك خۆشەویستەکەی دەوێت، ( ئاوەز) یش چاودێری خۆشەویستە لە بینین و ونبووندا، ( گیان ) یش خۆ بەختکردنە لە پێناو دڵخوازدا، ئەم پێنج خاڵەی باسمان کردن بۆ هەر یەکەیان ئامانج و مەبەستێك راست دەبێتەوە، مرۆڤ کاتێك کار دەکات بە مەبەستی بژێوی و بە خێوکردنی منداڵکانی خۆی ماندوو





دەکات ئارەقەی نێو چەوان دەڕێژێت هەموو دەزانین کە بەخێوکردنی منداڵیش مەبەستی خۆی هەیە جا یان بۆ ئەوەیە کە بەساڵاچوو لاکەوتەی ئەملاولا نەبێت و بەخێوی بکات یانیش نەوە دوای خۆی جێبهێڵێت، دیسانەوە ئەمەیش بۆ مەبەست و ئامانجی خۆیەتی، ئەگەر کار هەبوو کاردانەوە دەبێت ئەوا ئامانج و مەبەستیش لە پشت ئەم حاڵەتەوە هەیە، بۆیە زەروورەتە یان بە هیچ کلۆجێك ناکرێت مەبەست بۆ ئەم بەشانە نەبێت، با بزانین ئەو مەبەستانە چین : ( هەستی ) دەسکەوتی خوازراوە لە دڵخواز،( دەروون) ی ئامادەبوون ( التواجد )، مەبەستی ( دڵیی ) سۆزە ( الوجد )، مەبەستی ( ئاوەز ) بوونە ( الوجود ) مەبەستی ( گیان ) یش دەوراندۆرە ( الاحاگە )، ئەم ڕێچکە و ڕەوتە چەشنی پێپلیکانەیە چۆن ناکرێت مرۆڤ لە پێپلیکانەدا بازدان بدات چونکی ئازار و ئەزیەت بوون و دووچاربوونی پێوەیە و دەرئەنجام مایە پوچ دەردەچێت، ئەوا لە خۆشویستیدا ( موحیبەتدا ) داڕووخان دروست دەبێت و یەکانگیری فەراهەم نابێت، هەرچەندە لە باسەکەمان دەردەچین و دوور دەکەوینەوە بەڵام زەروورەتن خوێنەر ئاشنایان بێت چونکی وابەستەییەکی بە ژانرەکەی ئێمەوە هەیە، ئێمەیش تەنها لە موحیبەتدا هەڵوێستە دەکەین و زێتر ڕۆناچینە سەر باسی عیشق و ئەو دوای ڕێگای عیشقی ئیلاهی، هەر وەك گوتمان ئەو زنجیرە پلەدارییە ناکرێت بە حاڵەتێك لەو حاڵەتانە تێنەپەڕیت و خۆت بە مورید و دەروێش و سۆفی و خەڵوەتنشینی عیشقی خودایی بدۆزیتەوە، ئەم زنجیرە لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، ئامادەبوون بۆ خۆی ڕێگایە بۆ گەیشتن بە سۆز، لە نێوان دڵ و دەروونیشدا قۆناغێك یان

حاڵەتێك بەدی دەكەین و بوونی هەیە، كە جۆرێك لە بەختیاری بە هەست دەبەخشێت ئەگەر ئەم هەنگاوەی بڕی ئەوا سۆز دەچێتە دڵەوە بە بوون لە ئاوەزدا كۆتایی پێدێت، چونكی ئاوەزی تەواوكاری خودی دەرەكییە لە سۆزدارییەكی رووت و گیان رۆحیش لە دۆراندۆری ئەو بوونەدایە .

ئێمە باسمان لە مەبەست و ئامانجی ئەو حاڵەتانەی سەرەوە كرد بێئەوەی باس لە پەیوەست بوونیان بە چەمكی خۆیانەوە بكەین، دەتوانین بڵێین بوونی خود ( نفس ) لێرەدا پەیوەستییەكی عەفەویانە هەیە ئەویش پابەند بوون بە خۆشویستنی خود واتا نەرسیسیەتی مرۆڤ كە تیایدا مرۆ ئارەزووی تەواوكاری خود و مانەوەی دەكات، دووەم پەیوەست بوون خۆشویستی بۆ ئەو كەسەی خۆشیدەوێت، سێەم خۆشەویستی هەر كەسێك كە بەخشندە بوو لە ناخیدا بۆ خەڵكی دیكە، ئەگەر بەخشندەییش نەبوو بۆ ئەو ئەوا دەچێتە خانەی خۆشەویستی چاكە بۆ خەڵكی وەك جوانی بەوێنە یان خۆشەویستی بۆ خود، پەیوەستبوونی چوارەم خۆشەویستییە بۆ هەموو ئەو شتانەی لە ناخدا جوانی دەنوێنن جا لە وێنە دیاروبەرچاوەكان بێت یاخود واتا شاراوە و ناوەكییەكان، بەواتایەكی روونتر خۆشەویستی جوانییەكان بە وێنە یانیش بێ روونكاری و بوون، ئەوەی لەم پەیوەست بوونە خۆی دەگرێتەوە جوانی ئافرەتە ( جماليە المرأه ) ئەمەیش خۆشەویستییە بۆ جوانی و تەواوكاری جوانی بۆیە خۆشیدەوێت چونكە لە ناخەوە لای جوانە ئەمەیش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ حاڵەتی یەكەم و وەك خۆی خۆشیدەوێت، دواین پەیوەست بوون خۆشەویستییەتی لە نێوان خۆی و نێوان ئەو بۆنە راستەقینانەی لە ناخیدا چەكەرەی كردوون و بوونی خۆیان سەلماندووە .





كەواتە دەكرێ بڵێین سەرچاوەی خۆشەویستی لە هەبوونی ئازادییەوە ڕێدەگرێت و بوونی خۆی دەسەلمێنێت چونكی حالەتەكانی مەبەست و پەیوەستبوونەكان ئەوەمان بۆ دەردەخەن خۆشویستی چەمك و بەهای ئەوتۆیان هەیە كە ماناو دەلالەتەكانی ئازادی جاڕ دەدەن، كەسێك ئازادانە بیر نەكاتەوە بە مەیلی خۆی پەنا بۆ دیدو ئایدیاكان نەبات ناتوانێت خۆشەویستی لە ناخیدا تۆو بكات لەم حاڵەتەیشدا كۆتكردنی ئازادی ئەوا لە دەستدانی خۆشەویستی وبەها پیرۆزییەكانی مرۆڤ دەبێت، یەك خاڵ هەیە كە كرۆكی باسەكەمانی پێوە پەیوەستە ئەویش كە زامنی رەخنەیە لە دەقە شیعرییەكانی ( صابری ) دا، دەبێت بزانین رەخنە لە نادادپەروەرییەوە سەرهەڵدەدات و دەنگی خۆی بەرز دەكاتەوە كە ئازادیش نەبوو ئەو رەخنانە كپ دەبن تا ئەو زەمەنەی فەراهەمی ئازادی دەبێت .

ئەگەر بە باشی لە شیعرەكانی ( صابری ) ورد ببینەوە هەست دەكەین تەواوی ئازادی بە خۆی بەخشیوە تەماشا چۆن لە دەقی ( كۆتری دڵ لە ترسی چاوت جێ نەما ) دێتە دوان و ئەگەر بە دولبەرەكەی بێت یانیش بە هێما و رەمز بكەوێتە گۆ باس لە نادادپەروەری دەكات و ئازادیشە لە جاڕدانی ئەو هەستەی ناخی خۆیدا، لە ڕێگای خۆشویستن و ئەوینەوە بۆ دڵدارو دولبەرەكەی مەبەست و ئامانجە پیرۆزەكەی دەپێكێ كە دەڵێ :

**تۆ كە دەركەوتی ئەزانی چی بە سەر دێ مەردوومان**
**خۆر هەلات تێفكرە حاڵی شەونم و میسقاڵە زەڕ**
**خۆت ئەزانی بێگوناه ئازاری خەڵكی چا نییە**
**پێم بڵێ ئەی تۆ لە سەر چی وا لە گەڵ من دێتە شەڕ**

لە سەر ئەم گۆی زەمینە مرۆ بە تەنها بوونەوەرێك نییە، بەڵكو كائین وبوونەوەری دیكە هەن و بە بێ ئەو كائینانەیش هەڵكردن ئاستەم و زەحمەتە چونكی تەواوكاری یەكدین، بە هەمان شێوە لە رووی رەگەزیشەوە ناتواندرێت رەوتی ژیان درێژەی پێبدرێت، كەواتە تەواوكاری یەكدین بۆیە پەنابردن بۆ رەگەزی بەرامبەر خۆی لە خۆیدا درێژە پێدانی ژیانی مرۆڤایەتییە كە ئەمەیش نیعمەتێكی خوداییە بە خەڵقندەی خۆی بە خشیوە، لە كۆمەڵگانی مرۆڤایەتی زۆرجار بۆ پێكەوەیی سنووری داب و نەریت و یاساو رێساكان تێكشكێندراون، كە لە هەندێ لە كۆمەڵگاكان بەم هۆیەوە ئەو سیستماتێكە جورئەتی بۆ ئازادی پێویستە، كاتێك كەسایەتییەكی پیاوچاك ئایین پەروەری وەك ( صابری ) باس لە رەگەزی بەرامبەر وئەوین و عیشق دەكات دەكرێ وەك هێما و رەمزبەكاریهێنابێت هاوكات بە ئێمەیش بڵێت لە رۆژگاری ئێوەیش هەم و بە تەنها كوڕی سەردەمی خۆم نیم، مەبەست و ئامانجیشی لە رێگای ئەو دەلالەتانەوە پێكاوە و لە تەك سەردەمی ئێوەیش تەبا و كۆكم و رێبازە پیرۆزەكەی خۆمیش گەشەپێداوە و بە ئێوەم گەیاندووە . با پێكەوە دیقەتێكی ئەم دەقە بدەین كە بە ناوی ئەوینداریییەوە چۆن پەنا بۆ خودا دەبات و دەڵێ :

**تیری غەمزەت رۆستەم و بەهرامی كوڕی كرد ئەسیر**

**قەوسی ئەبرۆت بێگومان عاجز ئەكا سەعدی وەقاس**

**خوا جەفای قابیل بە من دی بێوەفایی دا بە من**

**صابرم گەرچی لە ژێر باری جەفا نابم خەلاس**





بە هەمان شێوە لە دەقی ( خودا هاوارە ) دا بۆ دولبەری بە هەمان شێوە بە ئازادی وەك چۆن جیناس لە نێوانیاندا بخولقێنێت دەڵێ :

**خودا هاوارە ئەمشەو دولبەرم لێ دابڕا چی بكەم**

**شەوارەی ئاگری دووری لە سینەم هەڵكەڕا چی بكەم**

**لە بەر دەرد و غەمی یارم نەخۆش و خانە بێزارم ....**

**وەكو مەجنون دڵم بۆ چۆڵ و سەحرا هەڵخرا چی بكەم**

ئەوە سەرگەردانی ودوالیزمی نییە كاتێك مرۆڤ بەر لە هەر ئایین و مەزهەبێك یان رۆچونە نێو ئایدیایەك یاخود گرێیەكی كۆمەڵایەتی بە هەر هۆیەكەوە بێت، ئیدی ئەو یاسا و رێسا و داب و نەریتانە رێگر بن یان بە هۆی لۆمە و سەرزەنشتكردنی دۆراندۆر بە سنووربەزاندنی ئەو هێڵە سوورانە دابنرێن، مرۆ بۆ خۆی ئازادییەكی رەهای هەیە، وەلێ ئەو ئازادییە بە هۆی فاكتەرەكانی كاریگەری لە سەر ئاوەز و دەروون و بڕوا بوون و ئینتیمابوون بە ئایدیایەك

نەرسكاوە، بەڵكو مرۆڤ سەربەستانە دەتوانێت هەر ئاراستەیەك هەڵبژێرێت، ئیدی راستە رێ بێت یانیش ساختە و پڕو پوچ، ئینتیمابوون بۆ هەر ئایین و مەزهەب و ئایدیایەك بە واتای قۆرخكردنی ئازادییەكان ناگەیەنێت، چونكی( صابری ) لە دەقە شیعرییە ئەوینداریییەكانی گریان دال و مەدلولیش بن ئەوەمان پێدەڵێت كە ناكرێ دەست و پێ یەخسیر بین لە ئاست دولبەرانمان، دیسانەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە مرۆڤ چەند ملكەچی كۆیلایەتی بێت بۆ خودای تاك و تەنها ئازادییەكانی بەرفراوانتر دەبێت لە بەر ئەوەی لە كۆیلە بوونی خۆی بۆ بت و كەسەكان ئازاد دەكات

بۆیە نزیك بوونەوە لە خودا دوور کەوتنەوەیە لە کۆیلایەتی بت و کەسەکان و عەقڵییەتی دواکەوتوویی، هەروەها زەمەنی کۆیلایەتی و دواکەوتوویی توورِ دەدات، پێویستە ئەوەیش بزانین کە مرۆڤ بەبێ بوونی خودای تاك و تەنها (کە ئەمەیش مەحاڵە ) مرۆڤ کائینێکی کوێر دەبوو و مەنفەزی خۆی نەدەدۆزییەوە بۆ پەی بردن بە ئاوەز و تێفکرین لە سروشت و دۆراندۆر بە ڕێگایەکی پڕو پوچ و سەرشێتانەی بونەوەرەکانی دیکە هەنگاوی دەنا، ( صابری ) لە گەڵ ئەوەی ئازادییەکی بە خۆی بەشیوە هاوزەمان من وای دەبینمەوە پەشیمان بۆتەوە و تۆبەی کردووە، و لە ڕەفتارەکانی پێشووی پەشیمانە، تەماشا لە دەقی ( یارەب ) چی دەڵێت :

**یارەب پەناه نییە غەیرەز پەناهی تۆ**

**بە سەد گوناهەوە رووم کردە بارەگاهی تۆ**

**ئومێد ئەکەم بە عەفو خەتام داپۆشی**

**تۆ پادشا و من بەندەیی روسیاهی تۆ**

**عومری خدر و موڵکی ئەسکەندەرم گەر دەبوو**

**سەرفم دەکرد بە خودا هەمووی لە راهی تۆ**

لە گەڵ ئەوەی شاعیر غەرقی ڕێبازی رۆحیانی ئیلاهی و ئایینی دەبێت و گیانی بە فیدای ئەو ڕێبازە دەکات، هاودەم هەروەك گوتمان بۆ ئەوین و دولبەرەکەی هەست بە سوتانی جەستەیی دەکات، بە جۆرێك کە وێنای شیعری و چێژی دەقمان دەداتێ، ئێمە پێمان وایە کە ( صابری ) باس لە سەد گوناه دەکات و داوای مەغفرەت دەکات ئەم دەقەی بە ناوی ( دەم





بێنە دەمم بانەمرم ) جۆرێك ئازادی بەخۆی داوە کەچی ڕەنگە بە یەکێك لەو سەد خەتایەی بزانێت :

**جانا لە هەناسەی دەمەکەت بۆنی شیفا تێ**

**دەم بێنە دەمم با نەمرم خێرت دەگاتێ**

**عومرێکە بەرۆژووم و نەبوو جەژنی ــ صیام ــ ێ**

**بەدبەختم و نەمدی لە شەوا قەدر و بەراتێ**

**کەوتوومە لە بەر قاپیەکەت سائیلی رووتم**

**شادمکەبە ئیحسان و ئینعام و زەکاتێ**

**ئەو وەعدەیە فەرمووتە کەچی ئیفات نەفەرموو**

**باوەڕبکە ئەمجا لە دەستت ئەچمە شکاتێ**

# (تەوەری دووەم)

## ڕەخنە لە شیعرەکانی ( صابری ) دا

گرینگ بەڵێندانە بە دەسپێکی هەر کارێـك، مێـژوو بـە درێـژایی تەمـەنی خۆی گوزارە لـە بـزاوتنی مـرۆڤ دەکـات، هـەر بۆخـۆی مانـا و دەلالـەتی ئەزمونی مرۆڤ نیشان دەدات، ڕۆئیای تایبەتمەندی بۆ هەیـە، کـە لـە سـەر زەوی و ناسنامەی خود دا پەیڕەوی کردووە، ئالێرەداتوێژینەوەکەی خۆی بە مەیسەر دەگەیەنێت، هەڵبەتە پرۆسـەی ئـەم توێژینەوەیـە دوای ئـەوەی لـە قۆناغی تۆمارکردن و گواستنەوە تۆمار دەبێت و قورتار دەبێت ( سیرەگرۆ ڕاستەوخۆ لە ڕووداو و بیرۆکەکان و ..... ) بۆ قۆناغی شرۆڤەیی ڕوونکاری کردن و ڕەخنەگرتن و گفتوگۆ کردن و سـوود وەرگـرتن دەگوازرێتـەوە، ئـەو کات هـەموو ئەوانـە شـیکار و شـرۆڤە و لێکدانـەوەی ڕەخنـەیی وردی بـۆ ڕەوش و فۆرمەلـە و بیرۆکـەکان دەوێـت، کـە خەسـڵەتی سـیمای مێـژووی گۆڕدرا و پێکدێنێت تا دەگاتە بەها ڕەهاکان .

ڕەنگە هەندێك پێیان وابێت ئەدەبی ئیسلامی ئـەدەبێکی نوێخوازییـە و تەمەنێکی زۆری نییە، گوایـە ئیمـرۆ بـە هـۆی ئـەو چەمکە بەرفراوانـەی سـیکۆلاریزم و گلۆبالیزەیـشن و پۆسـت مۆدرێنـە، پێویـستە ئـەدەبی ئیسلامیش سەرهەڵبدات و وەڵامی ئەو کۆمەڵە پرسیارە بداتـەوە کـە لـەم سەردەمەدا لە ڕێگای کۆمەڵە توێژینەوەیـەکی چڕ و پڕی ڕەخنـەیی سـەر





هەڵدەدەن، لەوانە دیـاریکردنی ئامـانج و کـار و مـەبەسـتەکانی، سـنوور و مەرج و فاکتەرەخوازراوەکانی ڕێنماییکردن و ئاراستە کردنی ڕووی ڕاست و دروسـت و تێپەڕانـدنی نـەرێنی و ئەرێنییـەکان، ئـەم کـۆت و بەنـدەی حوکمدانی ڕۆشنبیری گوایە ئیمرۆ کاریگەری بە سەر موسڵمانانەوە هەیە و تێفکرینەکانیان ئیفلیج و پەکدەخات، ئەگەر هەندێك پێیان وابێت ئـەدەبی ئیسلامی لە ڕۆژگاری ئیمرۆدا سەری هەڵداوە، ئەوا ئێمە پێمـان وایـە ئـەم ئەدەبـە لای ئێمـەی کـورد کۆنـە و دەقـەکانی نـالی و مـەحوی و بێخـود و ....تـاد گەواهیـدەری ڕاسـتەقینەی ئـەم گوتانـەمانن، ( صـابری ) یـش یەکێکـە لـەو شـاعیرە کوردانـەی پـەیڕەوی جۆرێـك لـە ئـەدەبی ئیـسلامی کردووە کە بە زەقی لە دەقە شیعرییەکانیدا زەق بۆتەوە .

کاتێك خوێنەران بە تاسوقەوە ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی نوێخـوازی و پاش نوێخـوازی لـە ئـامێز دەگـرن و بـەرەو ڕووی دەچـن هـەر لـە دەقـی شانۆیی و دراما و میلۆد و هونەری شیوەکاری و پەیکەرتاشی و نووسـینی کورتە چیرۆك و چیرۆك و نوڤلێت و ڕۆمـان و قەسـیدە و دەقـی شـیعری و جۆرێك لە فانتازیای ژیان و ڕەنگدانەوەی لە ناو ئەم ژانرانەدا بە ئاراسـتەی ئاینییەکەی بۆ خۆی بۆتە چەکێکی مەترسیدار بە ڕووی ئـەو خوێنەرانـەدا کە لاگیر بـوون و بونیادنـانی ڕۆئیایـەکی بـە بیروبـاوەڕ کـە خـۆی لـە لادان دەبینێتەوە واتا باوەڕهێنان بە خەڵکی بۆ لاگیر بوون لە بیروباوەڕی چەمکی سەردەم .

کەواتە با بپرسین ئاخۆ هۆکاری پاشەکشە کردنی ئەم ئەدەبە چی بـووە ؟ کە دەڵێین مێژووی کۆن نییـە، بـشێ خـودی ئـەو وڵاتـە زلهێزانـە بێـت یـان

سەرهەڵدانی سیکۆلاریزم و گلۆبالیزەیشن و پۆستمۆدرێنەیە، خەڵکی ڕۆشنبیر نهۆ بە دووی پێشکەوتنی زانست و قوتابخانە نوێخوازییەکانی ئەم بوارە دەگەڕێن، ئەدەبی ئیسلامی لای ئێمەی کوردیش چەقی بەست و لە پاشەکشەدا بووە و نەیتوانیوە لە گەڵ سەردەم هەنگاوەکانی هەڵبنێت، میتۆدێکی دانەهێنا و قوتابخانەیەکی ئەم بوارەی دانەمەزراند، دیسانەوە هەندێکی دیکە پێیان وایە ساڵی ١٩٨٥ لە سەردەستی ئەبو حەسەن ئەلنەدەوی رابیتەی ئەدەبی ئیسلامی پێکهاتووە، ئێمە پێمان وایە چەمکی ئەدەبی ئیسلامی کۆنە و رۆژگاری ئیمڕۆ دەمەزەردی دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پانتاییە بەرفراوانەی فەرهەنگ و کەلتوور و کەلەپوری میللەتان و گونجاندنی لە گەڵ ئەو میتۆدە پێشکەوتووەی ئەدەب بە لایەنە پڕ لە دال و مەدلولەکانییەوە . بۆیە پێویستە ئەدەب لەم ڕۆژەدا بە جۆرێك بکەوێتە کار هەستەکانی مرۆ بەلای خۆیدا پەلکێش بکات و کام لەم دوو دیوەی سیستەمی ئیسلامی و سیکۆلاریزم سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن، کامیان دەتوانن ئاوەز و ویژدان و هەست و سۆز و ئەندیشە و هەموو ئەمانە و کاریگەریان بە سەر گۆڕانەکانی ژیان بە لای خۆیاندا رابکێشن، هەر چەندە ئێمە باسەکەمان لەم حاڵەتەدا نییە، بەڵام هێندە دەڵێین ئەدیبی موسڵمان کاریگەری ئەو ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییە جیاجیایانەی بە سەرەوەیە و دواتر ئەدیبی موسڵمان بە دی دەکەین لە ئەدیبانی زیندون و هەندێکی دیکەیان ڕۆمانسی و هەندێکی دیکە ڕەمزی دەبن، ئەمەیش زۆرجار دەبێتە مایەی لادان لە ڕەوتی خۆی، هەروەك لە تەوەری یەکەمی ئەم نووسینە ئاماژەمان پێداوە .





بە تەنها ئەدەب ڕۆڵ و کاریگەری بە سەر پەلکێش کردنی خەڵکەوە نەبووە و نییە، بەڵکو بوارەکانی دیکەیش کاریگەری خۆیان هەیە لە وانە دادپەروەری و یەکسانی، هەبوونی سەرپێچی و زەوت کردنی مافی ئەم و ئەو هەموو ئەمانە لە نادادپەروەری و نایەکسانییەوە سەر هەڵدەدەن، کەواتە ئەدیب بۆ بەرقەرار بوونی دادپەروەری دەنگی نارەزایی بوونی خۆی بەرز دەکاتەوە و زمانی ڕەخنەی خۆی دەخاتەگەڕ، لەم ڕوانگەوە بابزانین دادپەروەری ئیسلامی چ خۆشگوزەرانییەك مەیسەر دەکات، لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەدەین، لەوانە :

١- گرێدانی پرسی دادپەروەری ئیسلامی بە پرسی زۆرکردن و ئارەزوومەندانە، دەڵێین گرینگی ئەم ژانرە لە دەرگای پەیوەست بوون بە مەیل و ئارەزوو لەلایەك و لە نێوان زۆرەملێ و ڕەتکردنەوەی داد لە لایەکی دیکەوە دێت، کاتێك مرۆ مەیل و ئارەزووی ئازادانە بوو ئەو کاتە سزا و پاداشتی دادپەروەرانە چەمك و دەلالەتی خۆی دەستەبەر دەکات، کاتێکیش مرۆڤ ناچار دەکرێت و دەچێتە ژێرباری زۆردارەوە ئەو کاتە مرۆڤ ئازادی و داد پەروەری لە دەست دەدات، بە واتا زمانی ڕەخنە بوونی نابێت.

٢- بایەخدان بە دادپەروەرییەك لە توێژینەوەکردندا وەك ژانرێك پەیوەست و پەیوەندداریێکی توند و تۆڵی هەبێت بە پرسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، کە خۆی لە خۆیدا بنەمای پەیامی پێغەمبەران بووە بۆ عمومی بە شەرییەت، لە سەر ئەم بنەمایە حکومەت و دەوڵەت هاتنە دامەزراندن .

٣- هەندێ جیاوازی لە توێژینەوەی ئەم ژانرەدا هەبووە، کە ژانرێك پەیوەست بێت بە دیفاکتۆیەکی سیاسی و کۆمەڵگای ئیسلامی تێدا بژیت، تیایاندا هەبووە پێیان وابووە ملکەچی خەلیفە و فەرمانڕەواکان بن ئەگەر زۆرداریش بووبن، کەچی لە بەرامبەردا و لای ئەوانی دیکە پێیان وابووە خۆ لەم حاڵەتە قورتار بکەن ئەگەر فەرمانڕەوا و خەلیفەکان فاسق و نادادپەروەر بن .

بە رای ئێمە ئەم سێ خاڵە مایەی سەرەکی زمانی رەخنە بوون بۆ جێگیر بوونی بنەما سەرەکییەکانی یاسای شەریعەتی ئیسلام لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەی زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانن و دەوڵەتیان بە دەوڵەتی ئیسلامی ناسراون بۆ ئەوەی دەرچوون لەم ڕێگەیەوە نەبێتەمایەی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا و دەوڵەت بە دووی ئەو هەنگاوە لابەلایانە نەکەون، لە رابردوودا بنەما بووە بۆ بەرزکردنەوەی بناغەی دەقی شیعری رەخنەیی، ئەو دەرچوون لە یاسایە کۆمەڵگایش ڕێگەی پێنادات، با پێکەوە سەیری ئەم دەقە شیعرییەی ( صابری ) بکەین، کە چۆن لە خۆی خستۆتە حاڵەتی دووەمی خاڵی سێیەوە و دەڵێ :

**ئەی شێخی تەکیە زل و خانوومانی دین بچووك**
**وەی پیری دەعیە زل و گران جان و عەقڵ سووك**
**بۆ مونفەعەت ئەچیتە پێشەوە برا گەورەکەم**
**ڕۆژی سەخا ئەکەویتە دووا وەك برا بچووك**
**ئەمرۆ بە پەڕ و باڵی دەوڵەمەندی ئەفڕی و سبەی**
**باڵ و پەڕت لە دۆزەخا ئەبێ هەڵە پرووك**





( صابری ) شاعیر کە کەسان و شیخی لەو جۆرە دەبینێت، ئێمە پێمان وایە بە دوو دیو دیقەتی هەر دوو ئەو کەسایاتیانە دەدات واتا لە بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانەدا خەڵکی دیکەیش هەن، کە لە دەقی ( عاشق و عاقڵ ) باسیان دەکات، بەواتایکی روونتر گوایە دوو جۆر خەڵك هەن، ئەم دەقە شیعرییە چەند جارێکی دارشتۆنەوە هەر جارە و تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە ئێمە ئەمەی خوارەوەمان هەڵبژارد، کە دەڵێ :

**عاشقان دڵیان بە دائیم پڕخەیاڵ و مەلاڵ**
**بۆیە رۆژ و شەو دەکەن بەحسی جەماڵ و زوڵف و خاڵ**
**عاشقان و عاقڵان ئەگەرچی رەنگ و سوورەتیان یەکە**
**هەر یەکێ تامێکی تێدایە تورنج و پورتوقاڵ**
**عاشقان ناڵان و بێ سەبر و قەرار و گوفتوگۆ**
**عاقڵان دڵشاد و خورەم نیکتەدان و خۆش مەقاڵ**
**عاشقان مەجنونی دووری لەیل و بیمار و زەعیف**
**عاقڵان ساغ و سەلیم و شاد و مەستی خەت و خاڵ**

پێمان وایە چەمکی ئەم دەقە هێند ئاڵۆز و سەخت نییە خوێنەر پەی بە واتاکەی نەبات، هەستیش دەکەین کە چۆن رەخنە دەگرێت، پێویستە بزانین خودی ( صابری ) شاعیر بۆ خۆی چ مەنفەز و ڕێگا چارەیەکی بەدی کردووە بۆ خۆ قورتار بوون لەوەها ئالودەیەك کە گرفتاری دەبین، ئەم دەقە بۆ ئیمڕۆیش لە سەرووی ئەو دەقانەیە کە سەربەرزی و ماهیەتی مرۆڤی دانا و حورمەتی حورمەتداران دەپارێزێت و دڵنیاین ئەو خەڵکانەی ئەمڕۆ لەم بازنەدان شانازی بەم دەقەوەی دەکەن، کە دەڵێ :

**کلاوی سەر دڕاوی خۆم بە تاجی پادشا نادەم**

**کەلاوەی دووکەڵاوی خۆم بە قەسر و گەنجی شا نادەم**

هەروەها لە شوێنێکی دیکەی ئەم دەقە دەڵێ :

**بە خوێنی جیفە بەرگی زاهیدی ئالودەکەم شێتم**

**بە تەوفیقی خودا دینم بە دوو نان و عەبا نادەم**

**کلیلی ( صابری ) قاپی هەموو مەقسودێ هەڵدەگرێ**

**( بحمدالله ) بە دەس گرتوومە ڕەنجی خۆم بە با نادەم**

ئەگەر خوێندنەوەی وردمان بۆ دەقە شیعرییەکانی ( صابری ) هەبێت هەست بە تەواوکاری یەکەی ژانر دەکەین لە نێوان چەند دەقێکیدا، وەك چۆن دەسپێکی دەق و پاشان هەڵچوون وخولْقاندنی دراماتیکیانە و پاشتر کۆتایی، ئێمە دەقەکانی شاعیر بە پێی خوێندنەوەی خۆمان بەم جۆرەی دەبینین، بەڵام شێوازەکەی جیاوازە، لە دەقێکدا باس لە جۆرە پرسێك دەکات، لە دەقێکی دیکە ڕێگا چارە و پێشنیار و گرتنە بەری ڕێی سەرکەوتن نیشان دەدات،( دەقی برا شێتی بەسە ) بۆ زۆر پرس ڕێگە چارەیە تاوەکو ڕێگەی ڕاستەقینە بگرینە بەر، بۆ ئیمڕۆیش ئەگەر ئەو وتانەی ( صابری ) بە هەند وەربگرین نابینە کۆیلەی ئەم و ئەو و ئازاد دەبین، لەم دەقە دەڵێ :

**برا شێتی بەسە عەقڵێ پەیاکە**

**لە خوڵق و خووی حەیوان خۆت جیاکە**

**دەمێکە وا ئەسیری نەفسی نزمی**

**وەرە حەربێ لە گەڵ نەفس و هەواکە**





لە جێگایەکی دیکەی هەمان دەق پێمان دەڵێ :

**بە (ئیستغفار) و گریانی سبەینان**

**برین و دەردی عوسیانت دەواکە**

**ئەگەر تانەی گوناهت کەوتە سەر چاو**

**عیلاجی تو تیای پای ئەولیاکە**

**تەماشاکردنی ئاوێنە یەعنی**

**لە ریش و ئیشی نارێکت حەیاکە**

تاك پێویستی بە جێگیر بوونێکی خود هەیە لە سەر ڕەوتێکی یاسایی و ئارامی لە حاڵەتی سایکۆلۆژیدا دەنا کۆمەڵگا بەرەو پەرتەوازە بوون دەبات، ئەمەیش دەبێتە مایەی لە بەریەك هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی شیرازەی ئەو داب و نەریت و یاسا و ڕێسایانە، بۆ لە بارنەبردنی ئەو پرۆسیسە هەمووڵایەکمان بە بیرمەند و ئەدیب و نوسەر و ڕۆژنامەنووسەوە دێینە دەنگ و ڕەخنە دەگرین لە تاك، ئەو تاکەی دەیەوێت ئەم حاڵەتە دروست بکات، دەبینە ڕێگر لە بەردەمیدا، ئیدی بەرپەرچە کردارەکان فاکتەرن بۆ خولْقاندن و پەی بردن بە ڕێگایەك لە ڕەوتەکە بترازێت و دەربچێت . ئەگەر بەها ئیستاتیکییەکانی بیروباوەڕ و بەهاکانی تیرە و ڕەگەز و مەزهەب لە سەر ڕاستییەکانی مرۆڤایەتی دەرکەوتن بەبێ شێواندن و لەکەدارکردن یان خۆسەپاندن بەڵکو بە قایلبوون لە ڕێگا باشەکان بەرە و باشتر، چاکەکانیش لە ڕێگای پێشکەش کردنی ڕاژە و تێرکردنی پێداویستییە شەرعییەکان بۆ هەموو لایەك بە بێ ئەوەی لە سەر تاك و دەستەیەك یان چین و توێژاڵێك کورت بکرێتەوە، جا ئەم حاڵەتە بە

هەر دوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی لە ئاییندا رووبدات بە هەمان شێوە کاریگەرییە دوو دیویەکەی بۆ کۆمەڵگا لێ دەکەوێتەوە، دیارە ( صابری ) شاعیر کە لە دەقی ( پەیامێ بۆ موسڵمانان ) هەستی بە دیوە نەرێنییەکەی کۆمەڵگا کردووە،کە شیرازەی ئایینەکە یان داب و نەریتەکە تێك بدات و لە بەر یەکی هەڵبوەشێنێتەوە، بۆیە هاوار دەکات و دەڵێ :

**ئەی موسڵمانان خودا لێمان قبوڵ ناکا**

**وا بەجارێ دینی خۆمان نایە سەر نان و کەوا**

**حوبی دونیا زەوقی دینداری لە دڵمانا نەهێشت**

**شەرمەزاری هەر دوو دونیا تابیعی نەفس و هەوا**

شاعیر لەم سەرلێ شێواندنەوە کە کۆمەڵگا تێی کەوتووە هێندە بێ ئومێد بووە کە چارەی لە دەستی خودی مرۆڤەکان دەرچووە و پێیان چارە سەر ناکرێت، بۆیە لە دوادێری ئەم دەقەدا ئاشکرای دەکات و دەڵێ :

**صابری ئەحواڵی ئەم دونیا مەگەر خوا چاکی کا**

**تۆ مەڵێ عالەم وەها خەڵکی نەڵێ ئەو شێخە وا**

لە گەڵ ئەوەی صابری نائومێد بوو لە چاك بوونی ئەم دونیایە، بە ناچاری هەر پەنا دەباتە بەر ئیرشاد و نیشاندانی ڕێی راست بە مەردوومی سەردەم و رۆژگاری خۆی، ئەوەتا لە دەقی ( بێ قیمەتی دونیا) دا دەڵێ :

**ساعاتێ فکری قیامەتکە کە سبحەینێ ئەڕۆی**

**چی ئەکەی جوابت چی یە تۆ چی ئەڵێی لەم رۆژەدا**

**تاوەکو ماوی لە دونیا بکە ( أحسان ) ی خۆت**

**گەر نەکەی مەسئول دەبێ کێ دێ جوابی تۆ ئەدا**





زمانی ( صابری ) لە دەقە رەخنەییەکانیدا بە شێوازێکی عەقڵانیەتە و وەها تانە و تەشەر دەگرێتە مرۆڤ کە بە خۆیدا بچێتەوە، بۆ ئەو سەردەمە زمانێکی زبر بووە کەچی ئەو زمان زبرییەی ئیمڕۆ دەتوانین بڵێین زۆرلە هەجووەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی هەجووترن، ( صابری ) پێمان دەڵێ دوور کەوتنەوەمان لە ئایینی ئیسلام ئەو هەموو بەڵا ناگەهانییەی بەسەر هێناوین، ئەوەتا لە دەقی ( پایزی پیرە ) دەڵێ :

**ئێمە دونیامان نەخست و ئەو هەموی خستینە ژێر**

**ئیعتیبار و دەسەڵات و پاڵەوانیمان نەما**

**ناخەڵف بووین و رەوشتی باب و باپیرانمان نەگرت**

**خوا شوناسی و ئیفتیخار و خانەدانیمان نەما**

**روو لە چۆڵی غەفڵەت و پشتمان لە کەعبەی مەقسەدە**

**ئەی موسڵمانینە کەڵکی ئاوەدانیمان نەما**

هەر کردەیەکی جوان هێمایە بۆ هەر کارێکی ئاکاری کە ئەویش چاکەیە، کاریگەری هونەری کە ئەدەبیش بۆ خۆی جۆرێکە لە هونەر جگە لەوەی چەندین لایەنی بەرزی هونەری لە خۆ دەگرێت، هاوکات داهێنانیشە ئەم بواری ئەدەبە وەك گوتمان کاریگەری بە سەر رەوشت و رەفتاری خەڵکییەوە هەیە، زۆر لەو کارکردانە کە چێژی هەوەس و نەفسی تێدایە مەترسیدار بوون و دەبن بۆ سەر هەر تاکێکی کۆمەڵگا، هەروەك چۆن ئەدیب و ئەدەبیاتی خەباتگێڕی سەردەمی بەرایی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان کاریگەری راستەوخۆی بە سەر لاوانەوە هەبووە بۆ چوونە ریزی شۆڕشەوە و سەنگەر گرتن لە دوژمن و خۆ قوربانکردنی خاك و نەتەوە، بە هەمان

شێوە ئەدیب و ئەدەبیات کاریگەری راستەخۆی دەبێت بۆ سەر کۆمەڵگا ئەگەر بە شێوازی عەقلانیەت بەکار نەهێنرا، لێرەدا پەیوەست بوونێك لە نێوان ئاکار و هونەردا هەیە، ئیستاتیکای زنجیرەی گەیەنەری ئەو پەیوەست بوونەیە، هەندێك پێیان وایە ئەولەوییەت بە ئاکار دەدرێت لە سەر حیسابی ئیستاتیکا، ئەمەی دوایی لە هونەردا دەردەکەوێت و هاوکات لە ئاکاریشدا رەنگ دەداتەوە، ( گارودی ) فەیلەسوفی فەرەنسی لە بارەی بەها ئاکارییەکان لە هونەردا وای دەبینێتەوە کە هونەر داهێنانێکی باڵایە واقیع و بوونی مرۆڤی تێدا دەردەکەوێت، واتا ئاوێنەیەکە رەنگی مرۆڤی وەك خۆی تێدا بەرجەستە دەکات، بۆیە داوامان لێ دەکات هونەرمەند رۆئیای ئایندە لە بەرچاو بگرێت، لە پێناو ئەوەی کارەکانی چوارچێوەیەکی تێکۆشانی نەتەوەیی و ئایدیای پێوە دیاربێت بۆ ئەوەی هاریکار بێت بۆ بونیادنانی کۆمەڵگا و دەوڵەت ..... تاد، بۆیە ( بۆدلێر ) پەنا بۆ خوازراوێك دەبات کە خستویەتییە روو لە بارەی پرسگەلێك کە توانای هونەرمەند و نوسەر دەردەخات لە چۆنیەتی هاندانی خەڵك بەرەو چاکە، کەواتە هونەر بەهایەکی ئاکارییە، لێرەدا بۆمان ساغ دەبێتەوە ئەگەر هونەرمەند و نوسەر بە ئیستاتیکای دەقەکانیان نەتوانن رووی شێواوی خەڵکی دەربخەن و داوای باشبوونی نەکەن مەحاڵە مەبەست و ئامانجەکان بێنە دەست، بۆیە زمانی رەخنە زمانێکی ساغلەمی ( صابری ) بووە و دەتوانین بڵێین یەك لە سەر سێی دەقەکانی بە زمانی رەخنە نوسراون و لە پێناوی چاککردنی کۆمەڵگا و پاراستنی بەها ئاکارییەکانی لە رێگای نیشاندانی ئیستاتیکای هونەری بووە جا بە خودی زمانی رەخنەوە بووبێت





یان خستنە رووی دیوی راستی و جوانی شتەکان . بەڵێ ( صابری ) لەم زمانەدا زمانی رەخنە سەرکەوتوو بووە، چونکە رەخنەی ئاراستەی ئەو شیخانە کردووە کە باسمان کرد وپاشان هاتە سەر دەسەڵات و پۆلیس و چەتە و لە دواییشدا ئیرشاداتی خۆی خستۆتە بەر دیدی خەڵك و خوێنەر :

**ئومەرا کافر و سادات و موسڵمان چەتە بێ**
**قوڕ و بۆیاغی دوو عالەم بەسەر ئەم میللەتە بێ**
**چونکە پۆلیس و چەتە دوژمنی دین و ماڵن**
**ئوسەرا با ئیشی ئەم دەردی سەر و زیللەت بێ**

بە پێی ئەو پێشەکییەی بۆ ئەو دەقەی سەرەوە نوسراوە،دەبێ ئەم دەقە لە سەردەمی شێخ مەحموود دا گوترا بێت و مەبەستی چەتەیش دەبێ شێخ مەحموود بووبێت چونکە لە بەیتێکی شیعرەکەدا دەڵێ :

**لە وڵاتێ کە گوزەر گاهی چەتە و پۆلیسە**
**موختەسەر کەس نییە بێ وەسوەسە وختەخت بێ**

بە واتا ئەوی سەر بە دەوڵەت بێ و ئەوی سەر بە چەتە بێ هەردووك ئاریشا خۆ هەن، بەس ئەوەی جێی سەرنجە بزاڤی شێخی نەمر بە چەتە ناوزەد دەکات، ئەگەر ئەو پێشەکییەکەی دەقەکە راست بێت، ئێمە لەو باوەڕەدا نین ( صابری ) بۆ خۆی لە شێخان بێت و خاوەن تەکییە و خانەقا بێت و کە دیارە نزیکایەتیشی لە گەڵ شێخی نەمردا هەبووە زەحمەتە بە چەتە ناوی بردبن، دەشێت وەك تانە و تەشەری ئەو سەردەمە و رەخنەی ئیمڕۆ پلاری تێگرتبێت، و هەر دوو دیوەکەی وەك رووە ئایینی و ویژدانە

مرۆییەکەی وەك یەك وەرگرت بێت و لە یەك روانگەوە دیقەتی داون، ئەم بەیتەی کۆتایی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە دەڵێ :

**( صابر ) ئەم میحنەت و ئەحواڵە جەزای ئەعماله**

**حەزەرت لەم مەرەزە پڕ دەرد و عیللەتە بێ**

لە دیوانەکەی دا عیللەت هاتووە، بەڵام هەرچۆنی دەخوێنیتەوە ( عیللەتە ) نە ( عیللەت ) لە رووی رێزمانی و پێکهاتەی دێر و تەواوکاری بەیتەکەدا، بۆیە بە ( عیللەتە ) تۆمارمان کرد .

زۆرن ئەوانەی لە خەڵوەتگاکاندا زیکر و تەریقەتی خۆیان دەکەن بۆ گەیشتن بە هەقیقەت لە کاتێکدا لە رۆژگاری ئیمرۆماندا هەقیقەت شێوێندراوە و لە بەر یەك هەڵوەشاوە و بە چەندین رۆئیا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، تەماشا لێرەدا دووپاتی دەکاتەوە کە چەتە و فیراری خستۆتە ریزی مەلیك و سەید و بەگزادە، لە هەقیقەتیش دەدوێ و بە دوویدا عەودالە و بە هەقی نازانێت، لێرەدا بۆمان ساغ دەبێتەوە کە پیاو چاکان چەتەن چونکە دەڵێ چ هەقە عەدوو حاکم و مەلیك و سەید و بەگزادە چەتە بێ، با بیخوێنینەوە :

**لە موسڵمانەوە بۆ جەنابی هەق مەزبەتە بێ**

**چ رەوای هەقە عەدوو حاکمی ئەم میللەتە بێ**

**مەلیك و سەید و بەگزادە فیرار و چەتە بێ**

**فوقەرا و ئوسەرا هەر بەشی ئەم زیللەتە بێ**

ئەگەر ( صابری ) بە ئەنقەست ناوی ( چەتە ) ی هەڵبژارد بێت ئەوا دەسەڵات ئەو کات وای پێ گوتوون و ( صابری ) وەك تەنز باس لە چەتەیی دەکات،





یانیش رووە مرۆڤایەتی و ئیسلامییەکەی وەرگرتووە، چونکە لە دەقێکی دیکەدا ئەسڵ و نەسل دەگەڕێنێتەوە سەر ( ئادەم و حەوا ) پێی وایە چەتە و دەسەڵات لە یەك تای تەرازوودان و جیاوازی لە نێوان رەنگ و زمانەکاندا نییە کە دەڵێ :

**ئەسڵ و نەسلی خۆت بزانە هاتوچوونت تێبگە**

**بابە گەورەت حەزرەتی ( ئادەم ) داکت حەوا**

**خالقت کێ یە اگاعەی پێ بکە ئەی بێ خەبەر**

**حەیفە لەو عاسی دەبی کەوتوویە دوی نەفس و هەوا**

دوای گەڕانێکی خێرا بە ناو دیوانەکەی ( صابری ) و خوێندنەوەی هەندێك لە دەقەکانی گەیشتینە راستییەك و بۆمان دەرکەوت کە ( صابری ) چەمکی ( ئازادی و دادپەروەری و رەخنە) ی پێکەوە گرێداوە، هەقیقەتیش لە هەبوونی دادپەروەریدا بەرجەستە دەبێت، کە بە زمانێکی جوان و رەوانی رەخنەیی نووسیونی، دەشێ لە گەڕانی دیکەدا زۆر لایەنی دیکەی رەخنەیی لە دیوانەکەی دا بخوێندرێتەوە و دیراسەی وردتری بکرێت، ئەمەی لێرەدا کراوە مشتێکە لە خەرواریك، و بەر کوڵی ئەو دیراسەیە کە دەکرێت لە سەری بنوسرێت ....

**ئەو سەرچاوانەی سوودم لێوەرگرتوون :**

*** قورئانی پیرۆز.**

*** دیوانی ( صابری ) چاپی دووەم کەرکووک ٢٠٠٨ کۆکردنەوەی شێخ عەبدولرەحمان شێخ نەجمەدین صابری.**

*** مجلة ( المنهج ) العدد ٢ سنة ٢٠٠٨ الصادرة من مركز الدراسات التخصصية في فكر السيد الشهيد محمد الصدر.**

*** سۆفیگەری _ شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا _ د . ئیبراهیم ئەحمەد شوان چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠١**

*** مجلة ( النهج ) العدد / ٤ السنة الثانية الصادرة من مركز الشهيدين الصدرين للدراسات والبحوث .**

*** فلسفة العشق الالهي في شعر الجزيري _ محمد امين دوسكي مراجعة وتقديم د. محمد بكر _ دهوك ٢٠٠٠**





# دوالیزمی لە ئاوەزێکی کراوەدا

**پێشەکی:-**

ئێمە ئەگەر لە کەسایەتی هەر تاکێ بدوێین، پێویستە سێ لایەنی هەستیار و گرینگ لەبەرچاو بگرین، کە ئەوانیش (هۆش – عەقڵ و مەعریفی کۆمەڵایەتی و سۆز و هەڵچوون)ن، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەم سێ لایەنە لە دوو بەشدا بخەینە بەرچاو، کە کەسایەتی ئەم سوارچاکەی بواری ئەدەب و رۆژنامەگەری دەردەخات. دەتوانین بڵێین یەکێ لە خاڵە دیار و گرینگەکانی پێناسەی کەسایەتی ئەوەیە:- کۆمەڵێ خەسڵەتی جەستەیی و هۆشداری و رەوشت و مەزاجییەت هەن، کە بە ڕوونی کەسێك لە کەسێکی دیکە جیا دەکاتەوە، دەتوانین ئەوە نیشان بدەین لە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کە شەهید شێخ مارف بەرزنجی کەسایەتییەك بووە، جیاوازی لەگەڵ خەڵکێکی ئاسایی و دیکەدا هەبووە لە بۆتەی ئەو خاڵەی ئاماژەمان پێدا، نەریتێکی جیاوازی لە خەڵکی دەوروبەری هەبووە، هەڵکەوتنی لە قادر کەرەمەوە سەرچاوەی گرتووە و بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕوو لە کەرکووك دەکات. پاشان پێکهێنانی خێزان بەرەو بەغدا بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی پارێزەری لە کۆلێژی ماف، پاشتر وەك پاڵێوراوی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو لە ساڵی ١٩٥٤ و هەڵبژاردنی، کۆت و بەند بوونی بە داب و نەریتی کۆن و پاشتر

ئازادبوون بە ئازادییەک، کە بیری نەتەوەیی و مەعریفی بەرفراوانتر و کراوەتر کرد، ئەمانە و ڕەوتی تایبەتی ژیانی وایکردووە لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ تاکی کۆمەڵ جیاواز بێت و جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، سەرباری نەهامەتی و کەمدەرامەتی کۆیلەی پارە و پوول نەبێت، سەرفیرازی نەتەوەکەی و ئازادی مرۆڤ مەشخەڵی ڕێی تێکۆشانی بەردەوامی بێت، بۆ دەستەبەر کردنی زانست و مەعریفە، دەگمەنن ئەو مرۆیانەی ئەم ڕێچکە دەگرن.

لەم شرۆڤەیەدا دوو لایەنی ژیانی شەهید شێخ مارف بەرزنجی دەخەینە ڕوو، ئەوانیش بیری نەتەوەیی و ئاوەز و بیری ئەپستمۆلۆژی. هەڵبەتە هەردوو لایەن بە تەنها لە چوارچێوەی تێکستە شیعرییەکانییەوە شرۆڤە دەکەین.

# بەشی یەکەم

## سۆز و هەڵچوون

ئەگەر بەوردی دیقەتی هەردوو سەدەی ڕابردوو نۆزدە و بیست بدەین، هەست دەکرێ ناسیۆنالیزم و بزاڤی ناسیۆنالیزمی زەقترین دیاردەی سیاسی بوون، لە جیهاندا. بەتایبەت لە ئەوروپادا، هاوکات ڕۆڵی ئەکتیڤیان نەک بە تەنها لە ڕەوتی مێژوو، بەڵکو لە خودی ڕەوتی ناسیۆنالیزمی لەناو زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی دونیادا بینیوە، نەتەوەی کوردیش یەکێک بووە لەو نەتەوانە کە هیچ کاتێک لە دیاردە ئەکتیڤییەکانی دونیادا دوورە پەرێز نەبوون. لە هەمان ئەو دوو سەدەیەدا کورد سوودی لەو ڕەوتە





وەرگرتووە و بە دوو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، لە قۆناغی یەکەمی دا کە سەدەی نۆزدەهەمە. لە ڕێگای ئیمارەتە کوردییەکانەوە بوونی خۆی سەلماندووە، بەڵام لە ١٨٥٠بەدواوە ئەو دەرفەتەیش لەبن دەستی کورد دا نەما، لە سەدەی بیستەم و قۆناغی دووەمدا ئەو کپی و بێدەنگییەی کورد سەری هەڵدایەوە لە ڕێگەی بزاڤ و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانەوە، ئیدی ئەگەر ئێمەیش کوڕی ئەو قۆناغەباین و ئینتیمای لەمسەری چەپەوە بۆ ئەو سەری ئیسلامی بایە، ئەوا هەمان ڕوحی نەتەوەیی لە ناخماندا جێگیر دەبوو، ئەم کورتەیەیش بە هیچ کلۆجێ پاساو بۆ ئینتیمای شاعیرنییە.

شەهید شێخ مارف بەرزنجی یەکێک لەو ئەدیبە ناسراو و دیارانە بوو، کە ژیانی بۆ ئاشتی و ئازادیی و سەرفیرازی نەتەوە و خاکەکەی تەرخان کردبوو، لە پێناو ئەو مەبەستەدا لە سەرەتایەکی زووی تەمەنییەوە دەکەوێتە نێو بۆتەی سیاسی و قاڵبوو دەبێ، ئەم تێکۆشانەی لە پارتی (هیوا)وە دەستی پێکرد، کە پارتێکی نەتەوەیی بوو بەرگری لە ئامانج و خواستەکانی گەلی کورد دەکرد، بە شێوەیەکی نهێنی کاری دەکرد، بە هەزاران ڕۆشنبیر و ئەفسەر و سەرباز و لاو و قوتابی لە چینە جیاجیاکانی گەل لەخۆ دەگرت، کە ئەدیب و ڕۆژنامەنووس شەهید شێخ مارف یەکێک لەو تێکۆشەرە ڕۆشنبیرانە بووە، دواتر کە بیری لە چەپڕەوی لە نێو ئەم حزبەیشدا پەیدا بووە، فاکتەرێک بووە بۆ ئەوەی بیری سۆسیالیزمی لای ئەم نووسەرە بەرفراوان بێت، کە لەیەک کاتدا بۆ دوو مەبەستی ستراتیژ بکۆشێت، هەم هەستی بە نەتەوەیی لا باڵا بکات هەم بیری چەپڕەوی، لە شیعرەکانیشیدا زۆر بە زەقی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات. لەم بەشەدا

پەنجە دەخەینە سەر چەند تێکستێکی نەتەوەیی ونیشتمانی شاعیر، لە دەقی "گەلی جێماو" دا کە بە هۆی ڕەوشی نالەباری سەردەمی نووسینی شیعرەکە لە ساڵی ١٩٥٦ و بەو هۆیەوە نەیتوانیوە لەیەك جێگادا تەواوی بکات پچڕپچڕی پێوەدیارە، بەڵام هەستێکی قوڵی نەتەوەیی خۆیان نیشان دەدات، کە لە بەرایی دا دەڵێ:

**ئەی گەلی جێماو، پەرت و لەت و پەت**

**هەی بەش بەشکراو لە چوار پێنج دەوڵەت**

لە جێگەیەکی دیکەی هەمان دەقدا دەڵێ:-

**چەند ملیۆن کورد هەن هەریەك زوبانن**

**هەموو دانیشتووی ناو کوردستانن**

**هەزاران ساڵە خۆیان گرتووە**

**سوپای ئەسکەندەر نەیشکاندووە**

لە کۆتاییەکەشیدا دەڵێ:-

**بەبیرا نایە کورد و کوردستان**

**بۆ دوژمنانی چۆڵ بێ بە ئاسان**

**زۆری نەماوە تیشکی ئازادی**

**تیشکی زێڕینی هەڵبێ بە شادی**

ئەم دەقە شیعرییە، تەواو بۆنی "ژ. ك" پێوە دیارە، لە (١١) بەیتی (٢) دێڕیدا (٧) حەوتجار ناوی کورد و کوردستان دەهێنێ، جگە لە جارێك بە گەل ناوی دەبات و خاکیشی بە سەر پێنج دەوڵەتدا دابەشکراو، ئێمە زۆرجار لێرەولەوێ باس لە دابەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر چوار





دەوڵەتدا دەکەین، بەڵام وادیارە شاعیر لێرەدا کوردەکانی یەکێتی سۆڤییەتی جاران بە بەشێکی دیکە هەژمار کردووە، ئەمە سۆز و هەڵچوونێکی دەروێشانەی نەتەوەییە، دیفاکتۆیە کە لە حاڵەتە نائاگاییەکەی شیعر نووسینەوە هاوێر بووە و بە خوێنەری گەیاندووە، لە چوارینەیەکی دیکە وەك حاڵگرتوو بە باڵای نیشمان و خاکی کوردستانا هەڵدەڵێ:-

**شاخی بەرز و جوان و وڵاتی کوردان**

**قەڵا و سەنگەر و پشت و پەنامان**

**چەند هەزار ساڵە ژینمان تێکەڵە**

**بووی بە نیشانەی کورد و کوردستان**

ئەو گۆڕانە بنەڕەتیانەی لە دنیادا وەك دیاردە سەر هەڵدەدات، نەتەوەکان لە سایەی خۆبەڕێوەبردندا، جگە لە ئازادی و دەستەبەر کردنی مافەکانیان، دەوڵەتی ناسیۆنالیستی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری ئەو گەلانەی گۆڕی کە پێشتر لەبن چەکمەی داگیرکەراندا دووچاری نەهامەتی هاتبوون و دواتر ئازاد بوون، بە تەنها کوردیش لە بۆتەی داگیرکاری بێ دەوڵەتیدا پەنگی دەخوارد، هەرچەندە لە سەرەتای نووسینی دەقە شیعرییەکانی خۆیدا حەز و خولیا و ئارەزوویەکی پەنگ خواردوو هەست پێدەکات و دنەی دەدات، بەڵام ناتوانی ئەو حەسرەتە بە پەنهانی لە ناخی خودا گێنگڵ پێ بدات. بۆیە لە شیعرەکانیدا هەستی نەتەوەیی بە ئاشکرا دەردەبڕێ، پێمان وایە سەرەتای دەسپێکی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ئینتیمابوونی بۆ پارتی نەتەوەیی وەك (هیوا)، هەرچەندە دەسپێکی شیعری

وادادەنرێت، کە لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بووە، مێژووەکەی ئەوە دەردەخات کە شەهید لە شوباتی ١٩٢١ لەدایك بووە، وەك نۆبەرەیش چەپکێ شیعری بەرایی خۆی لە ڕۆژنامەی دەستنووسی (باسەرە) بڵاوکردۆتەوە، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ساڵی ١٩٤٢، کەچی لەلایەکی دیکەوە لە کتێبی سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانیدا هاتووە، کە لە ساڵی ١٩٤٩ پارچەیەك شیعری بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر گۆڤاری (نزار) دا وتووە و تەنیا لە ساڵی ١٩٥٣ دوو پارچە شیعری لە هەفتەنامەی ڕۆژنامەی (ژین) دا خستۆتە پێش چاوی جەماوەر، لە یەکەم بڵاوکردنەوەیدا لە ڕۆژنامەی (دەستنووسی باسەرە) کە ساڵی ١٩٤٢ دەکات، شاعیر تەمەنی ٢١ ساڵ بووە، پارتی (هیوا)یش ساڵی ١٩٣٩ دامەزراوە، بۆیە دەڵێین ئەو شیعرانەی لەوکاتانەدا بووە و هەستی نەتەوەیی ئەم حزبەی پێوە دیار بووە.

**تیر و شیری خۆم ئەبەستم ڕوو لە کێوی توور ئەکەم**
**دژمنی بەدخواهی کوردانم لە خاکم دوور ئەکەم**
**تیر و شیری خۆم ئەبەستم پاسی کوردستان ئەکەم**
**دوژمنی خاکی وڵاتم پەرتی سەرکێوان ئەکەم**

تا کۆتایی ئەم دەقە شیعرییە شاعیر زۆر بە حەماسەتی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە دەنووسێ، کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان پچڕپچڕی دەقە شیعرییەکەی نییە، بەقەد ئەوەی مەبەستمانە ئیحساسە نەتەوەییەکانی بخەینە ڕوو، کە بە چ کەف و کۆڵێکەوە هانای بۆ بردووە، تەماشا بۆ جەژنی نەورۆزیش داخ و کە سەرباری لە گرتووخانەی بەغداوە دەردەبڕێ:-





**ئەم نەورۆزەش لە زیندانا**
**ژیان نییە، ئەمە ژانا**
**ژانیش سەرەتای ژیانە**

ئیدراکی نەتەوەیی لای شەهید شێخ مارف بەرزنجی وا بلێسەی دابوو، کە بانگەشەی کوردستانی مەزن، کوردستانی گەورە بکات، هەڵبەتە ئەم گوزارەیە بە ڕوونی بەرجەستەیە، چونکە (ناسیۆنالیزمی لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقیادا، ڕەوتێکی تەواو جیاوازی بەخۆوە گرت، لەم وڵاتانەدا دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بەشێوەی ئەوروپایی دووبارە نەبۆوە، چونکە ئەم ولاتانە لە باروودۆخێکی بابەتیی سیاسی و کلتووری جیاواز و ئاستێکی دیکەی گەشەکردنی ئابووری کۆمەڵایەتیدا بوون)[1]، ئەم حاڵەتە لای شاعیر ڕوون بوو لێی بەئاگا بوو، کەچی ئەوەی ڕەوتی مێژوو بە میرات جێیهێشتبوو دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراق بوو، کە لە ١٩٢٤ بە تەواوی خاکی کوردستانی باشووری پێوەلکێندرا، بەمەرجێ کورد بەشێ لە مافە ڕۆشنبیرییەکانی فەراهەم بکرێت، هەرچەندە لە سنووری سلێمانی و هەولێر خوێندنی کوردی هەبوو و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی هەبوون، لێ ئەمانە هاندەر بوون تاوەکو شاعیر هەستە نەتەوەییەکانی زێتر قووڵ ببێتەوە، چونکە مافە نەتەوەییەکان بە تەواوی مەیسەر نەببوو، ئەمانە بیری نەتەوەییان بەرفراوانتر کرد و لێرەوە کە لە دەقی (ئاخێز) تۆماری کردووە، ئەم دەقە لە پاش شۆڕشی بارزان و کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد نووسراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ بڵاوکراوەتەوە.

**ئەرێ لاوی بەهێز، پیری نەبەز، کیژانی شۆڕئەنگێز**

**لە کوردستاندا وەك نەوبەهاری زوو بکەن ئاخێز**

لە جێگەیەکی دیکەی ئەم دەقەدا دەڵێ:-

**لە کوردستانی مەزنا، سایەداری و پایەداری کەین**

**بە فەن و عیلم و دانایی لەگەڵ عالەم برایی کەین**

**ببینە میللەتێکی تێگەیشتوو پێگەیشتووی وا**

**نەکەس زۆرمان بەسەردا کاو نەزۆرمان بێ بەسەر کەسدا**

هەرچەندە ئێمە بەرایی دەقەکەمان نەخستەڕوو، لە بەراییدا باس لە داماوی میللەتەکەی و ئەو کۆت و بەندە دەکات، کە پێوەی بەندە.. ئەڵبەتە کۆت و بەندی سیاسی، تاوەکو لە ناوەندی دەقەکەدا داوای هەرچی زووتر ڕاپەڕینی گەنج و لاو و پیر و کیژانی کورد دەکا، بۆ ئەوەی لە کوردستانی مەزنا خود موختاری خۆی سەروەر بکا بە هونەر و زانست و شارەزایی و پسپۆڕی لەگەڵ میللەت و نەتەوەکانی دونیادا برایی بکەن و پەیوەندی ببەستن، ببینە میللەتێکی بەئاگا و وریا، لە بوارە جیاجیاکاندا دوانەکەوین، سەروەری خۆمان بپارێزین، ئەوەی ئیمڕۆیش بەدەست هاتووە، خوێنی گەشی هەزاران لاو و تێکۆشەر و کۆڵنەدەری بۆتە قوربانی، خەونی ئەوان بوو، ئەوەتا دوای ئەوەی شەهید شێخ مارف بەرزنجی لە وەسییەت نامەکەیدا بێتاوانی خۆی لەو تۆمەتانە دەردەخات، لەکاتێ بەرەو پەتی قەنارەی دەبەن بە هوتاف کێشان بۆ نەمری و سەربەزی کورد و ئاشتی و ئازادی و دادوەری کۆمەڵایەتی، بەرەو ڕووی مەرگ دەچێت و ژیانی خۆی قوربانی خاك و نەتەوەکەی دەکات.





# بەشی دووەم

## "هۆش (عەقڵ) مەعریفی کۆمەڵایەتی"

لە دەرگایەکی دیکەوە کەسایەتی شەهید لە دیدی شیعرەکانییەوە دەخەینە ڕوو، دەمانەوێ بڵێین کارتێکەری کۆمەڵایەتی دنەی داوە، بۆ ئەوەی ڕێچکەی ئازادیخواهان لە سەردەمی خۆیدا بگرێتەبەر، ئەریك فرۆم دەڵێ: "هەستی خەڵکی ژیانی خەڵك دیاری ناکات، بەپێچەوانەوە ژیانی کۆمەڵایەتییە، کە هەستی خەڵك دیاری دەکات"[٢] پێشوەخت و بۆ زێتر ڕوون کردنەوە، پێمان باشە شرۆڤەیەکی هەست بخەینە بەرچاو، ئاخۆ هەست چییە...!؟ (مەبەست لە هەست سەرجەم ئەو حەز و ئارەزوو و ویست و ڕووداو و چالاکییانەیە، کە بەردەوام تاك هەستیان پێدەکات و لە بەردەم هەستەوەرەکانی مرۆڤدان)[٣]، کە ئەمەیش بە بڕوای فرۆید و زۆرێك لە بیرمەندان، یەکێکە لە سێ کۆڵکەی بینای عەقڵی مرۆڤ، چاکتر وایە ئێستا ڕۆچینە ژیانی شەهید شێخ مارف بەرزنجی و نموونە بهێنینەوە، کە بۆ خودی خۆی لە کاتی ڕووداوەکاندا هەستی پێکردن و کاردانەوەی لە بەرامبەردا هەبووە، کە دەڵێ:-

(ئێستەیش ئەو حەسرەتەم لەدڵدایە، کە ئەم دی منداڵەکانی هاوڕێم هەر یەکە ئەچنە باوەشی دایکی خۆیان و هەر من کەس نییە بچمە باوەشی، لە دوورەوە کز ڕائەوەستام و تەماشای ئەو جۆش و سۆزەم ئەکرد، کە دایکەکان لەگەڵ کوڕەکانیان ئەینوێنن و بە بەرۆکەوە نووساندن و ماچ

کردنیان). ئەمە بۆخۆی لە چیرۆك دەچێت، کەچی ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و لە خەیاڵی نووسەر دوورە، تەماشاکە دەڵێ: - (ئێستەیش ئەو حەسرەتەم لەدڵدایە). حەسرەتی داخ و کەسەری سەردەمی منداڵی و بێ نازی دایك، ئەمە کاردانەوەیە و هەستێکە ئاوەز پەی پێبردووە، یان دەڵێ:- (لە دوورەوە کز ڕائەوەستام و تەماشای ئەو جۆش و سۆزەم ئەکرد... تا) با هەر یەکێکمان ئەو وێنە بێنینە پێش چاو دەکرێ بە هەست و هۆشێکی قووڵ دابنرێت، هەستکردنێك بووە، کە هەر ئەودەم کاردانەوەی هەبووە، کە کز ڕاوەستاوە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گوتەکەی (ئەریك فرۆم) لە جێی خۆیدایە، هەستی تاك ژیانی خەڵك دیاری ناکات، ئەو هەستکردنەوەی شاعیر ژیانی خەڵکی دیاری نەکردووە، بەڵام زیرەکی و بیرمەندی و دانایی خولقاندووە.

ئێستا نموونەیەك هەر لە ژیانی شەهید دەهێنینەوە، کە ژیانی کۆمەڵایەتی چۆن هەستی خەڵك یاخود تاك دیاری دەکات.

دەڵێ: - "گەلێجار کە ئەوەندە بێ پارە ئەبووم خۆزگەم بەو منداڵە کرێکارانە ئەخواست کە گەچ و بەردیان ڕائەکێشا و لە ناو تۆزی گەچ دا پێستە بۆرەکانیان چینێك بۆدەری گەچی گرتبوو، بەڵام کامەرانییەکی سادە بە ڕوویانەوە دیاربوو"، لێرەدا نووسەر بێ پارەیی خۆی بە بڕوای ئێمە بۆ دەرەبەگ و بورژواکان دەگەڕێنێتەوە، چونکە لە بیرکردنەوەدا لە بوونی هەستدا باس لەو کرێکارانە دەکات، کە بە ئارەقەی نێوچەوان نان پەیدا دەکەن، نەك ئەو کۆشك و باڵەخانانەی ئەو سەردەمە لە کەرکووکدا هەبوون، ئەمە لەلایەك چاوهەڵنەهێنانە بە بورژوا و لەلایەکی دیکە





باسکردنی شەکەت و ماندوو بوونی جەستەی کرێکارەکان، کە هەر کامەرانیش دەبارێنن و ڕوخساریان جۆش و خرۆشی پێوە دیارە، دەقاودەق ئەوە دەردەخات، کە ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەسەر هەستی تاك و خەڵکەوە هەیە، بابزانین لێرەوە کە چەندین نموونەی دیکەی بەسەردا تێپەڕیوە، چۆن وای لێکردووە کاردانەوەی پراکتیکی هەبێت، لە جێگەیەکی دیکەی ژیاننامەکەیدا دەڵێ:- "دەرەبەگە زلەکانم ترساند بوو، چونکە دەعوای فەلاحەکانم ئەگرت و زۆر ئازایانە تێئەکۆشام زدیان و لەگەڵی دەعوادا سەرکەوتم بەرامبەریان، زۆرتر لەوە کە فەلاحەکانم هان ئەدا، کە عەریزە و مەزبەتەی زۆربکەنەوە لە زدی ئەو حاکمانەی، کە لایەنگری ئەو شێخ و ئاغایانە ئەگرن". ئەم کارتێکردنەی ژیانی کۆمەڵایەتی کارێکی ئەوتۆیان کردووە، کەسێکی ڕۆشنفکری وەك شەهید ڕەوتی ژیانی بگۆڕێت، ئەو کارتێکردنەی کۆمەڵگا وایکردووە ڕێبازی سۆسیالیزمی و چەپڕەوی لە بواری سیاسیدا بگرێتەبەر لە پێناو ئازادی مرۆڤ و یەکسانی لە نێوانیاندا، لە شیعرەکانیشیدا ئەو دیاردە بەزەقی دیارن، لە تێکستی- هێزی ڕەنجدەران- دا دەڵێ:-

**لێ گەڕێ بابینە ڕۆڵەی گەل لەتەك گەلدا بڕۆین**
**بۆ شەڕی گورگی ژیانی گەل بە مەردانە بڕۆین**
**تەخت و تاجی زوڵم تێك دەین بە هێزی ڕەنجدەران**
**بێتە مەیدان چوست و چالاك، بانەمێنێ بێ فەڕان**

لە جێگەیەکی دیکەی هەمان دەقدا دەڵێ:-

**ئەرز و ئاو بۆ ڕەنجدەران و بۆ کرێکار کارگا**

**تەندروستی بۆ گەل و هەروەك هەموو بۆ خوێندنگا**

**بێ ئەوەی ڕەنگ و زوبان دابەش بکا جنسی بەشەر**

**هەروەکو گورگ و چەقەڵ بۆ خوێنی گۆشتی بزن و مەڕ**

ئەگەر شاعیر بیرێکی سۆسیالیزمی لە ئاوەزدا ڕەگی دانەکوتا بێت، ئەوا بیر و باوەڕەکەی دەقاودەق بە هەمان ئاراستەیە و لە نێو عەقڵ و بیردا تواوەتەوە، ئەم دەقەی سەرەوە و چەندین دەقی دیکە بیری سۆسیالیزمی تێدا باڵایە، هەیشە خۆی بەهێزی بازووی ڕەنجدەران و کرێکاران و قوتابیان بەستۆتەوە، ئەگەر وردتر بڕوانینە دەقەکە، هەست دەکرێ هەموو ئەو چینانە دژ بە بورژوا و سەرمایەدارییی کە لەو ڕۆژگارەدا وەها باو بوو، - جۆن کاسید –ی بیرمەند لە سیستمی سەرمایەداریدا دەڵێ:- " یەکێك لەوانە گرنگەکانی مارکس ئەوەیە، کە ڕەوتی سەرمایە بەرەو لای پاوانخوازی دەچێت"(٤) شرۆڤەی زێتر، گریمان ڕەنجدەرێك ڕۆژانەی ڕۆژێکی پێداویستی ڕۆژێکی تەواو نەکرد، کەواتە سەرمایە بوونی خۆی دەسەلمێنێ.

شاعیر هەستی بە زوڵم لێکردن نەکردووە، بۆیە عەقڵ و بیری تیژی خۆی لەو بوارە و لە پێناو ئازاد کردنی کۆیلایەتی مرۆڤ، ئیدی بە هۆی چینایەتی بوو بێت یان ڕەگەزپەرستی، هەزمکردن یان پەیڕەو کردنی تیۆری ئەنجلس و مارکس لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کار و بواری ئابووری و دروست بوونی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی ڕەنجدەران، سەرهەڵدانی ململانێی لێ پەیدا دەبێت. ئەمەیش لەلایەن هێزی سەرمایەوە زاڵبوون دەخولقێنێ، بەم تێڕوانینەوە بە عەقڵی وریا و بەئاگاوە، بە بیری





دەوڵەمەندی ڕۆشنفکرییەوە پاڵپشت و پشتگیری لە چەوساوە و بن دەستان کردووە و خۆی بە ڕێبەر و فریاد ڕەس زانیوە، کاتێ لە دەقی سەرەوە باس لە نەبوونی جیاوازی نێوان زمان و ڕەنگ دەکات.

بەرفراوان بوونی ئاسۆی بیرکردنەوەی وادەکات بەدوای بووندا بگەڕێ، لە دونیای قوڵ و بێ بن بڕوانێ، ئەوەتا لە دەقی "من و بوون " ئەم لایەنە بەرجەستە دەکات:-

**کە سەیری ڕابردوو ئەکەم**

**بەنیادەم لە شوێن بەنیادەم**

**ملیۆنەها ساڵ و زەمان**

**شەوە، ڕۆژە، مردن، ژیان**

لە جێگەیەکی دیکەی دەقەکەدا دەڵێ:-

**نە شوێن، نەڕەنگ، نەبوون، نەدەنگ**

**نامێنن گشت کپ و بێ دەنگ**

**چەند خۆر لە خۆر زۆر گەورەتر**

**چەند ئەستێرە لە ئەرز زلتر**

**کوژایەوە جێی نەماوە**

**کەس نازانێ چۆن فەوتاوە**

لە کۆتاییەکەشیدا دەڵێ:-

**بم توانیایا بۆ ئینسان**

**نەم هێشتایە ئازار و ژان**

**بەڵام ژینێ فەری نەبێ**

**بۆ گشتی سوودێکی نەبێ**

**کەی ئەو کەسە ئینسانە**

**یان ئەو ژینە کەی ژیانە**

پێمان وایە خوێندنەوەی ئەم دەقە خۆی لە چوارچێوەی ئەو کێشمەکێش و ململانێیەدا دەبینێتەوە، کە بە درێژایی مێژوویەکی زۆر دوور لەنێو مرۆڤایەتیدا هەبووە و بەردەوام بووە، بەڵام ئەوەی کە گرینگە مرۆڤ پەیوەستە بەوەی پێداویستی ژیانی خۆی دابین بکات، بۆ ئەمەیش پێویستی بە کارکردنە، ئەگەر کارنەکات دیارە بوونی خۆیشی ونە، مارکس لەم بارەیەوە دەڵێ:- "پێویستە مرۆڤ پێداویستییەکانی ژیان بۆ خودی خۆی دەستەبەر بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ مێژوو دروست بکات"[٥] ئەم بۆچوونەی سەرەوە هاوتەریبە لەگەڵ دوادوای دەقەکەدا، بۆخۆیشی — شاعیر — ئەو توانا و قودرەتەی نییە ژیانی مرۆڤایەتی خۆشگوزەران بکات، بۆیە پەنا بۆ خودی مرۆڤ دەباتەوە، کە مێژوو تۆماربکات، سوودمەند بێت، تەمبەڵ و سست و بێ نرخ نەبێت، بەها بۆخۆی دروست بکا، ئەگەر توانای دروست کردنی ئەو بەهای نەبوو، ئەوا نەبوونی چاکترە لە بوون. نیچە پێی وایە ئەقڵ بە شێوەیەك بوون دێنێتە بەرچاو سوودی بۆ ژیان هەبێت.

شاعیر بلۆکی خۆرهەڵاتی کاریگەری بەسەر ئاوەزییەوە هەبووە، هەر ئەم بلۆکە بۆتە مایەی ئەوەی زێتر بە دونیای ئەبستمۆلۆژی ئاشنا بێت و تێدا بگوزەرێ، ئەم کارتێکەرەیش هەروەك گوتمان کۆمەڵگا یان ژیانی کۆمەڵایەتی، یان زۆرینە کاریگەری بەسەر تاك یان خەڵکەوە دەبێت، لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا چ بۆ هەستی نەتەوەیی یان چینایەتی سۆز و





هەڵچوونی پێوە دیارە، کاتێ دەقێکی شیعری بۆ فڕۆکەوانێك دەنووسێ بەدۆراندۆری زەویدا دەسووڕێتەوە و سەر بە بلۆکی خۆرهەڵات دەبێ، ئەو جۆش و خرۆش و ئاوێتە بوونەیە هانی دەدات، بۆ "گاگارین" فڕۆکەوانی یەکێتی سۆڤییەت بڵێ:-

**پۆلاگرین**

**پرشنگی ڕۆژی لێنین**

**بۆ ڕۆژی ئاسمانی بەرین**

لە کۆتاییشدا دەڵێ:-

**کوڕی جوتیارێکی زەمین**

**مژدەی سەرکەوتنی لێنین**

**وەك فریشتە**

**ئەبا بۆ ئاسمانی بەرین**

دیارە "گاگارین"کوڕی جوتیارێك بووە، لە یەکێ لە گوندەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کە ڕۆژی ١٩٦٨/١٢/٢٠ کۆچی دوایی کردووە، شەهید لەم دەقەدا هەست و سۆز و هەڵچوونی خۆی بەرامبەر ئەو کارەی "یۆری گاگارین" دەربڕیووە و ناڕاستەوخۆ هاندانێك لە دیدی شاعیرەوە بەرجەستە دەبێت، پێمان وایە ئەم پیاهەڵدانە جگە لە دەروێشی و موریدی بۆ ڕێبازی گاگارین چیدیکە بەدی ناکەین، چونکە پیاهەڵدانی بۆ کەسێك بوو، کەتا ئەو دەمە لە ژیاندا مابوو، ئەگەر شاعیر تەمەنی درێژباو ئەو بیرویستریکای گۆرباتشۆڤی بدیبا، بێگومان ئەو سۆزەی بەو جۆرە نەدەدما و لایەنە نەتەوەییەکە گرەوی خۆی دەبردەوە.

لە پوختەیەکی کورتی ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت شەهید شێخ مارف بەرزنجی دوالیزمییەکی عەقڵ و بەرفراوان بوونی هۆشمەندی و بیری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی تێدا ئاوێتە بوو، هەر ئەمەیش وایکردووە ئیمڕۆ ناوی بەزیندوویی ڕابگرین و تاوەکو قەڵەم لەکار بەردەوام بێت، ئەم جۆرە مرۆڤانە لەیاد ناکرێن.





**سەرچاوەکان :**

*** سەرجەم بابەتەکانی مارف بەرزنجی / عومەر مەعروف بەرزنجی – سامان مارف بەرزنجی .**

*** گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە ( ٦ ) حوزەیرانی ١٩٩٨ ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی ئەخلاقی،د: ڕەفیق سابیر (ل ٣٧).**

*** گۆڤاری سەنتەری برایەتی – فرۆید و شیتەڵکردنەوەی دەروونی – د: کەریم شەریف قەرەچەتانی ( ١٨٩ ) .**

*** میتۆد و جیاوازی خوێندنەوەیەك بۆ فەلسەفەی مارکسیزم / سمکۆ محەمەد ٢٠٠٨ .**

*** گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٣) / خستنە ڕوویەکی گشتی سیستەمی سۆسیالیستی لە دیدی ( کارل مارکس ) ەوە و جەوهەری سۆسیالیستی زانستی و خەوشەکانی – پ ی : ئەحمەد حەسەن چاوشین .**

*** من الحداثة الى ما بعد الحداثة القصة الرمزية الحديثة / رۆبرت شۆلز – اختيار وترجمة سهيل نجم / منشورات الاتحاد العام لادباء وكتاب العراق .**

# مستەفا و لەتیفە لە دەقی ( بێ ئومێدی )دا

خۆشەویستی و عیشق و گیانبازی دڵداری، هەستێکی خۆرسکی و هەڕەمەکیانە نییە لای هەر تاکێك سەرپێیانە بەر جەستە ببێت و لە ئان و ساتێکیشدا دەربڕدرێت و هەر زوو بە زوویی بپوکێتەوە، بەڵکو بە تێپەڕبوونی زەمەن و گەورە بوونی تەمەن و نەشونمای جەستەیی و پەیوەستبوون بە فسیۆلۆژییەوە دەرکەوتنی خۆی دەسەپێنێت و جێگیر دەبێت، و وا بە سانایی هەڵناتەکێندرێت (( حاڵی نەبوون لە چەمکی خۆشەویستی بەواتا بەرفراوان و شمولییەکەی، مرۆڤی خۆشویست دنە دەدا بۆ تویژینەوە لە پاساوەکانی مرۆڤ و هەڵوێستە دیفاکتۆییەکان لە ئاستی مرۆ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دڵکارانە تویژینەوە بۆ چەمکی خۆشەویستی بکات ... یەکەمین کردەیش کە مرۆ پێویستە هەستی پێبکات – لێبووردەییە – خۆشەویستی وا دەکات تێڕوانین بۆ کردەی ژیاری تێڕوانینێکی گەشبینانە بێت بە ئایندەیەکی بێ رك و کینە و درۆ))"١".





خۆشەویستی هەستێکی نهێنی و شاراوەیە لە ناخی هەر تاکێکدا بوونی هەیە، لای زۆریان بە هۆی داب و نەریتی جۆراو جۆرەوە نادرکێنرێت، جۆرێك لە قوربانیدانی گەرەکە، خۆشەویستی زمان لە ئاستیدا پەکی دەکەوێت و ناتوانێ هێزی باسکردنی ناخی دەربڕێت، ئەوین ئازارێکی بە سوێیە و لە هەمانکاتدا تام و چێژی هەنگوینییە و بۆنی گوڵاویشی هەیە ، بۆ خۆی هەستێکی جوان و پاك و بێگەردییە، چەشنی کانیاو و زناوی زەنوێرستان کە بن زیخ و چەو بێ، ئەوین پڕە لە رۆحی بەرائەت و کین و رك و بوغزی لە خۆ نەگرتووە تاڵی و توند و تیژی و ناخۆشییەکانیشی ئاسوودەییە، ئەوینداری ئاڵوگۆڕێکی دوو سەرەیە، هەر دووك پێکەوە لە یەك جەستە و دڵدان، خۆشەویستی پارچەیەك پشکۆ و گڕە لە دڵی ئاشقان دەگیرسێتەوە و هاوکات سەمفۆنیایەکە لە سەر ژێ و ریتمەکانی میلۆدی سەما دەکات، ماندوو بوونێکی بێ کۆتاییە هەر چەندە خەونەکان قوڵتر و خەمەکان گرانتر دەکات، تێکئاڵانی تێڕوانینی چاوەکانە لە ئاسمانێکی سیحراویدا هاوارەکان دەنگ دەداتەوە، درۆ لە بۆتە و قەد و باڵای ئەویندا جێگەی زۆر لەنگ و شلۆقە، خۆشەویستی دەردێکی کوشندەیە و فرمێسکێکی ونبووە لە جیهانی خەم و کەف و کوڵی عیشق بوون جۆش دەدا و دانامرکێتەوە و تەنها خەمەکان کەم دەکاتەوە، دواترۆپکی خۆشەویستیش بە ئاوێتە بوونی سیکسی کۆتایی پێدێت، ئەوە ماوە بڵێین خۆشەویستی زۆر بە ئارامی و هێمنی بەرەو ئاوەز پەل دەکوتێ و بە هەڵەشەیی ئۆقرە ناگرێ و کە جێگیریش بوو دەرچوونی مەحاڵە .

بەر کوڵی ئەوین و سۆزی دڵ، بەراییەکە بۆ ئەو داستانەی خۆی لە نێو دەقی " بێ ئومێدی " دکتۆر مستەفا زەنگنە و ئەویندارەکەی خاتوو زینی کەرکووك ( لەتیفەخانی ) بەهەشتی مەلاس داوە، هەموو لایەکمان گوێبیستی گۆرانی " بێ ئومێدی " هونەرمەند قادر مەردان بووین، دەشێ زۆربەیشمان تێکستەکەمان ئەزبەر کردبێت، ئێمە پەیوەندیمان بە رووداوی ئەم سەرهاتە دڵدارییەوە نییە چونکی خودی شاعیر لە چەند گۆڤارێك بڵاویکردۆتەوە، هەر ئەمەیش ئەوەی ساغکردۆتەوە کە ئەو تێکستە بە قەڵەمی مستەفا زەنگنە نوسراوە و کەسی دیکە خاوەنی نییە .

زۆر لە جاران دەقە شیعرییەکان لە دایکبوونی هزرێکی پەنگخواردووی ئەندێشەیە و پانتایی هزری شاعیر قۆرخ دەکات، راستە لێرەدا خەیاڵ بەشێك لە پانتایی ئاوەز و بیرکردنەوەی داگیر کردووە، وەلی ئەمە بەو واتایە نایەت کە تەواوی ئاوەز نووقمی نائاگایی و خەیاڵ بوو بێت، بیرمەند و ئەدیب و سیاسەتمەداری ئێرلەندی ( برك ) لەم رووەوە دبێژێت : ((ئاوەزی مرۆڤ جۆرێك لە توانای شایانی تایبەت بە خۆی هەیە، دەتوانێ نواندنی وێنای کەرەستەیەك بە رێکوپێکی و فۆرمەڵەکردنەوە بکا، کە هەستەکان درکیان پێکردووە، ئەم وێنانە بە رێگایەکی نوێ و بە پێی رازاندنەوەی جۆراوجۆرەوە پێکەوە پەیوەستن، ئەم توانایە پێی دەگوترێ خەیاڵ، هەر شتێك بانگەشەی ژیری یان وێنا یاخود داهێنان و هەر کارێکی لەو جۆرە بکات بۆ هەمان چەق دەگەڕێتەوە )) (٢).

هەر چەندە ( برك ) لە نێوان خەیاڵ و توانای ئاوەز پێکەوە گرێدانێکی مەیسەر کردووە، لەم دەقەی برای نووسەر ئەو بۆچوونە پشتڕاست





کراوەتەوە، خەیاڵ و ئازارەکانی ئاوەز پێکەوە گرێدراون و لای ئێمەی خوێنەر و بیسەری گۆرانییەکە هەستەکانمان بەرەو دونیایەکی جەنجاڵ و تەلیسماوی ختوکە دەدرێت .

کەچی رەنگە بیرمەند و نوسەر و ئەدیب و کەسانی دیکە هەبن بە جۆرێکی دیکە بەراوورد و هاوشێوەیی لە نێوان خەیاڵ و توانای هزر لێکبدەنەوە، بێ ئومێدی یەکانگیری لە نێوان کەسایەتی و خەیاڵی شیعری لای شاعیر و خوێنەر دروست دەکات، کۆلردج : (( بە تەواوکاری نموونەیی وەسفی دەکات، رۆحی مرۆڤایەتی هەموو لە هەمبەر بەرەو کاریگەرێتی بە بەرپرسیار دەزانێت، بە پێی بەها و رێژە و پێگەی خۆی توانا یەك لە دوای یەکەکان دەخاتە ژێر رکێفەوە، ئەویش بڵندایی و رۆح لە یەکێتیدا تێر دەکات، بە هۆی ئەو هێزە پێکهاتووە سیحرییە لە نێو یەکدیدا ئاوێتە دەبن و دەتوێنەوە کە راست و رەوان ناومان لێنا خەیاڵ )) (٣) .

پێمان وایە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تێکستەکە بخەینە بەر دەستی خوێنەر و دواتریش شرۆڤەیەکی بۆ بکەین،

**بێ ئومێدی کەوتە دڵی خەمناکم          سامناکیم پۆشی رۆژی رووناکم**
**تەنها گوڵێك بوو هیوا و مەبەستم          بەڵام بە بێ بۆن دەرچوو لە دەستم**

************

**ژینم تەرخان کرد بۆ شادمانی ئەو          پەرستگای من بوو تەنها نیگای ئەو**
**یەکمان خۆش ئەویست بە گشت ماناوە          لە یاد یەك نەچین تا ژینمان ماوە**
**تروسکەی خۆری بەر بەیانم بوو          ئامانجی دڵەی بێ ئارامم بوو**
**بەڵام ئێستاکە لە قەبری تەنگە          ئەوجا بابگریم بۆ ئەم ئاهەنگە**

**ئەی فەلەك دەورانت بروخی**

*************

**هەڵسە ئەو قەبرە جێگای تۆ نییە        خاکی ژێر زەمین نیگای تۆ نییە**
**وەرە ئەم دڵە با قەبری تۆ بێ        با نێوچاوانم جێی نیگای تۆ بێ**
**یار.... یار ... یار..........**

*************

**بێ ئومێدی کەوتە دڵی خەمناکم        سامناکیم پۆشی ڕۆژی رووناکم**
**تەنها گوڵێك بوو هیوا و مەبەستم        بەڵام بە بێ بۆن دەرچوو لە دەستم**

****************************

هەروەك لە پێشەکییەکەدا ئاماژەمان پێدا ئەوین و عیشق پرۆسیسیکی سەخت و دژوارە و کەم کەس بەرگەی دابڕانی دەکات، بۆیە ئێمە چ پەیوەندییەکمان بە وردەکاری نێو چیرۆکی نێوان مستەفا زەنگنە و لەتیفە نییە، بە قەد ئەوەی لامان مەبەستە لایەنی شیعری تێکستەکەیە، لە چەندین رووەوە شرۆڤەی دەکەین و خوێنەر بۆ خۆی ئازادە لە وەرگرتنی تێڕوانینەکانمان، لە دواییشدا لە رووی دەروونییەوە شەن و کەوییەکی کورت دەخەینە روو .

هەر چەندە تێکستی ( بێ ئومێدی ) لە دوو توێی شیعری کلاسێکی خۆی لە قاڵب داوە وەلێ لە ناوەرۆکدا لەرووی هونەرییەوە لە فۆرمەلەیەکی سەردەمیانەدایە، دەربارەی کێشی دەقەکە ئەگەرچی دە بڕگەییە کەچی دێری یەکەمی بەیتی یەکەم لە یانزە بڕگەدا خۆی دەنوێنێ و بە هیچ کلۆجێکیش کاریگەری بە سەر تێکدانی دەقەکەوە نییە و لەنگ و شێواو و





وێرانی نەکردووە، بەڵکو زۆر جوانکاریانە و وەستایانە لە قاڵبدراوە، ئەمەیش ئەو رێچکە نوێیە پشتڕاست و ساغ دەکاتەوە کە شیعر زیاتر پەیوەستە بە ریتم و هارمۆنییەتی میلۆدی و کۆك بوون لە تەك مۆزیك، د . مسنەفا ئەو سەردەم ئەو سەردەمی پێکەوە گرێداوە بە پەیڕەوکردنی ئەم میتۆد و رێچکەیە، جا نازانین کردەیەکی عەفەوییانە بووە یاخود بە پێی میتۆدی باو دارێژراوە .

سەبارەت بە سەروا هەندێك ناکۆکبوونی تێدایە بەڵام ناچێتە خانەی شێواندنی دەقەکە، لێ بە هەمان شێوە ئەمەیش لە خانەی جوانکاریدا خۆی دەگرێ، ئەگەر دیقەتی دێری یەکەم لە بەیتی یەکەم بدەین دەبینین کردەیەکی باو و ئاسایی پیادە کردووە، لە هەمانکات ئەگەر کە دەچینە سەر دێری یەکەم و دووەمی بەیتی دووەم تەوزیفیکی جوانی سەروایی هەست پێدەکەین ئەمەیش بە گەمەیەکی سەرکەوتوانەی زمان توانیوویەتی تام و چێژێکی پێببەخشێ، کە کۆتاییان هەردوو دێر بە ( ئەو ) دێت، بەڵام پێش کۆتایی هەردوو وشەی ( شادمانی ) و ( نیگای ) هەیە، ( ن ) شادمانی و ( ن ) نیگا لێکچوونی دوو پیت و دووبارە بوونەوەیان لە ناو دوو وشەی جیاواز جۆرێك لە مۆزیکی هێمن و ئارام لە سەر زمان و ئاوەزدا دەخولقێنێ، هەروەها کۆتایی هەمان دوو وشە ( انی ) و ( ای ) لە خوێندنەوەی تێکرای دێڕەکە هەست بە ونبوونی پیتی ( ن ) لێرەیشدا ناکرێ، کەواتە سەرکەوتوانە بینای دێرەکە و سەرواکەی کراوە، بە هەمان شێوە ئەم حاڵەتەی لە نێوان هەر دوو وشەی ( بەربەیانم ) و ( ئارامم بوو ) دووبارە کردۆتەوە ( ن ) و ( م ) لێرەدا ئینسجامێکی مۆزیکی لە

نێوانیاندا هەیە، بەم پێیە دەتوانین بڵێین بەرای شاعیر جگە لە ناوەڕۆکی شیعرەکە لە رووی داڕشتنیشەوە هەقی دەستخۆشانەی هەیە .

سەبارەت بە زمانی شیعرەکەیش پێیمان باشە خوێنەر زۆر بە وردی دیقەتی بدات، هەست بە زمانێکی پاراوی لای شاعیر دەکا، لێرەدا بە تایبەت لە شارێکی وەك کەرکووکیش بۆ سەردەمی بەر لە ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ زمانی وەك ناسنامەیەکی پاك و بێگەردی نەتەوەیەکی زیندووی بەکارهێناوە، برۆنەر دەڵێ : (( زمان ئامرازێکە کە بە هۆی وروژێنەرێکی دەرەکییەوە بیرۆکە دەدۆزێتەوە، ئەوە زمانە کەوا دەکات مرۆڤ بە شێوەیەکی ئەبستراکت، سەر بەخۆ و رەخنە ئامێز بیر بکاتەوە، زمان دەبێتە مەرجی بیرێکی تاکێکی ئازاد )) ( ٤ ) .

لە بەراییدا چمکێك لە شرۆڤەی خۆمان لەسەر خەیاڵ و توانای ئاوەز خستە روو بۆ هەر داهێنانێك، بەڵام زمان کۆڵەکە و بنەمای سەرەکییە بۆ هەر داهێنان و دەربڕینی ئەندێشە و ئاخاوتنێك، پاراو بوونی زمان زێتر چسێژ بە دەق دەبەخشێ، نکوڵی لەو زمانە پاك و پاراوەی شاعیر لەم دەقەدا ناکرێ وئەو زمانە جێی سەرنج و تێبینی نییە، نەمازە بۆ سەردەمانێك دەگەڕێتەوە کە ٤٣ ساڵی لە تەمەنی خۆی بڕیوە، لێ تام و بۆنی زمانی ئیمڕۆی هەیە و یەکێکە لەو دەقانەی مردن پەی پێنابات و بە زیندوویی دەمێنێتەوە، هەر چەندە زمانی خوێندن و نووسین لە دوای ١١ / ٣ / ١٩٧٠ بە هۆی ئەو دانپێدانە سیاسییە بەرەو پێشڤە چووە و گەشونمای بە خۆوە دیتووە، کاتی نووسینی ئەم شیعرە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەدیبان و شاعیران و خاوەن قەڵەمەکان هەمیشە لە سۆراغی پەیڤ و زمانێکی جوان





و بێ گەرد شەونخوونی و ماندوو بوونێکی زۆر بکێشن، نەخاسمە بۆ نووسینی دەقێکی شیعری کە ئەو سەردەمە کۆمەڵێك کۆت و بەندی دەسەڵاتداران لە سەر زمانی کوردی هەبووە، هەموو کارێکی جوانکاری جێی ستایشە بە دەقی بێئومێدیشەوە .

لە لایەکی دیکەوە لە کۆست و کۆتەڵێکی وەك لەتیفەخاندا مستەفا دووچاری عەبەسی بوونی خۆی دەکەوێ و دەکەوێتە هەڵەی کاتەوە، ئەندریە مالرۆ لە ساڵی ١٩٢٥ دا دەڵێ : (( لە ناخی مرۆڤی ئەورووپیدا جۆرێك لە کرۆکی عەبەسی هەیە و بە سەر ساتە گەورەکانی ژیاندا زاڵ دەبێت )) (٥). ئەم حاڵەتە لێرەدا باڵی بە سەر شاعیر دا کێشاوە و دروستانە ئامانجی خۆی نەپێکاوە، با بە وردی دێری یەکەم جارێکی دی بخوێنینەوە، تەماشاکە دەڵێ :

**بێ ئومێدی کەوتە دڵی غەمناکم**

چاکتر بوو لە بری غەمناکم، بێ باکم بایە، چونکی تێکەڵییەکی کاتی لێ هاوێر بووە، با سەیری بکەین، دیارە و شاراوە نییە ئەم دەقە لە دوای سوتانی ( لە تیفە خان ) نووسراوە، کەواتە پێشتر دڵی شاعیر خەمناك نەبووە بەڵکو دڵشاد و بێ باك بووە، هەروەك بۆخۆیشی دبێژێت مارە بڕی بووە، کەواتە لەو پەڕی کەیفسازیدا بووە نەك دڵی غەمناك بوو بێت، ئومێدی هەبووە لە چاوەنواڕی ئایندەیەکی گەش بووە، کەواتە دلخۆش بووە، بۆیە پاش و پێش لە زەمەن دروست دەکات، بەڵام زیرەکانە لە دێری دووەم ئەمە راست دەکاتەوە و دەڵێ :

**سامناکیم پۆشی رۆژی رووناکم**

ئەمە پشتڕاستکردنەوەی وتەکانی سەرەوەمانە، دەمانەوێ بڵێین بەڵێ سامناکی لە رۆژی رووناکی پۆشی نەك غەمناکی، دیارە ئەمە دێڕی یەکەم دەسڕێتەوە، دەکرا پاشو پێشی دێرەکان رووی راستی بێت هەروەك عارەب دەڵێ ( العکس هو الصحیح )، ئەمە لای ئێمە راستکردنەوەیەکی ئەو دوو دێڕەیە، کە دەکرا د . مستەفا بە خۆی جوانتر و بە ئاوەزێکی بەر فراوانتر بە دەقەکەدا بچوبایەتەوە، یان دەشێ بڵێین برای شاعیریش بۆ خۆی لەم رووەوە قسەی خۆی هەبێت، بەڵام بە هەر حاڵ ئەم دەقە شیعرییە شتێکی مەجازی یان بۆ نوخبە نووسین نییە بەڵکو دەقێکە بۆ جەماوەر نووسین و هەر خۆی دەقی گۆرانییە، ئەم حاڵەیش وای کردووە رەواجێکی بەرفراوانی هەبێت چ لە رووی خودی دەقەکە یان میلۆدی و ئەدای گۆرانییەکە، بۆیە بووە سەر وێردی زمانی زۆربەی زۆری تاکی کورد .دکتۆر مستەفا کەسی پەیوەنددار و پەیوەستداره بە رووداوەکە و چیرۆکی ئەڤیندارییەکە بە رێگایەکی هۆشیاری هەستی بە ئازارەکانی لە دەستدانی دولبەر و یارەکەی کردووە و بورکانێکی مەزنی تەقاندۆتەوە و ئیمڕۆ و دوێنێ سەدایەکی هەبووە و سبەینێش بە هەمان ئاراستە و ئاقاردا دەچێ، هەر وەك چۆن باس لە مەم و زین و شیرین و فەرهاد و لەیلی و مەجنون و ........ تاد، دەکرێت .

کەرکووکییەکان مافی خۆیانە شانازی بەم چیرۆك و دەقە شیعرییەوە بکەن کە لە قولایی هەردوو گەڕەکی ئیسکان و ئازادی سەرهاتی ئەڤیندارییەکە رووی داوە و دەستی پێکردووە و کۆتاییەکەیشی بە نوسینی تێکستەکە و ئاواز و چڕینی لە لایەن مامۆستا قادر مەردانەوە تۆمار





کراوە، هەر چەندە نهۆ مامۆستا قادر مەردان هەتا نووسینی ئەم ژانرە ناساغە و ئاکنجی وڵاتی سویدە .

ئەوەی پێویستە بگوترێ داستانێکی بە هەق ئەویندارییە و تۆمار کراوە، وەلێ ئەوەی جێگەی سەرنج و قسەی ئێرە و ئەوێیە یان خەڵکی دەماو دەم قسەی خۆیان دەکەن ئەوەیە کە دەبایە برای شاعیر لە پاش ئەم رووداو و نوسینی ئەم دەقەوە، وەك ئەوەی قسەی سەرزاری کۆمەڵایەتییە و ناویان لێناوە ( تەرکی دونیای ) بکردبا و پرۆسەی هاوسەرگیری لە خۆ تەحریم بکردبا، زیندووێتی ئەم رووداوە بە نەمری و مەزنی دەمایەوە، لەم رووەوەیش دەشێ قسە و قسەلۆك زۆربووبن، لێ ئێمە لێرە دەڵێین هەموو ئەوانەی ئەو قاوە گەرم و گوڕ دەکەن با ئەو پرۆسەیە لە خۆیاندا وەك ئەزموون بێ، دوای ئەوە ئەوجا لێرە و لەوێ سەر قافڵەی ئەو دەنگۆ و قاوانە بکا، ئێمە پێمان وایە ئەم حاڵەتە پەیوەست بوونێکی دەروونی لە نێوان چیرۆکەکە و پرۆسەکانی هاوسەرگیری مستەفاوە هەیە، (( پەروەردە کردنی پاڵنەری کۆمەڵایەتی تاك لە ژێر گوشاری ئەو ژینگە رۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییە روودەدات کە تیایدا دەژی )) ( ٦ ) .

کەواتە ژینگە رۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەکەی سەردەم و دەور و بەری شاعیر بە بێ ئەوەی بە هۆشیاری و ئاگاییەوە هەڵسوکەوت بکات راستەخۆ یان ناراستەوخۆ لە بێ ئاگاییەوە کاریگەری بە سەرەوە هەبووە، د . مستەفا هەستی بە غیابی ئاگایی کردووە و متبوون و کپبوون لە ناخیدا گێنگڵی خواردووە، هەمیشە بە عیشق و تینوێتی زۆرەوە لە ئەوینی روانیوە، لە پاش ئەوەوە زانستی دەروونی دووپاتی دەکاتەوە کە ئەم جۆرە

مرۆڤانە تا دوا هەناسەی ژیانیان هۆگری عیشق و ئەوین دەبن و لێی دەست بەردار نابن ئەمە حاڵەتێکە بە دەستی خۆیان نییە و غەریزەکان لە ناوەوە جۆش دەسێنیّ و کڵپە دەکات، چەند پەل و پۆ بۆ عیشقبازی بکوتن هەمیشە خۆیان بە شکست خواردوو دەزانن، بۆیە بەردەوام لە قەرەبوو کردنەوەی رابردوون پێیان وایە مەحاڵە ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە نەخاسمە لە زەمەنی هەرزەییدا دووچاری هاتبن چونکە مرۆڤ هەرچی بکات کە زانستیش نەیتوانیوە چارەسەر بدۆزێتەوە کە زەمەنی لاوی هەرگیز ناگەڕێتەوە بە هەمان شێوەیش قەرەبووی ئەو سەردەمەیش درێژە دەکێشیّ و قەرەبوویش ناکرێتەوە، (( لایەنی نائاگایی ئاوەز لە کاری بەردەوامدایە لە کاتی نووستن و هۆشیاریشدا هەر لە کارە، بە کورتی نائاگایی ئەو لایەنە دەروونی و کەسایەتییە یە کە ناتوانیّ حاڵەتی ئاگایی پڕ بکاتەوە، بە شرۆڤەی دەروونی نەبێت، لە – واتا بەراییەکانیش – پێك دێت، ئەمەیش هەرگیز ناکاتە ئاگایی، مەیل و ئارەزوو و توانستە متبووەکان کە لە کاتی ئاگاییدا بوونیان هەبووە، بەڵام دواتر لە خانەی ئاگایی دەرهێنراوە، بە ڕێگایەکی راستەوخۆ ناوەرۆکی نازانرێت، بە هۆی تێڕامان و پەیوەستە ئازاد نەبێت )) (٧ ) .

پێمانوایە شاعیر لە نێو جەنجاڵی ئەو ئاگاییەوە ئارەزوو و مەیلە مت و کپبووەکان لە حاڵەتی دەروێشانەی ئەوین و بە بیّ ئاگابوون لە ڕەقیب دەکەوێتە داوی عیشقێکی دیییەوە و حاڵ دەیگریّ و تەسەوفی عیشق بەرەو خۆ بە دەستەوەدان جلەوی شل دەکا، کاتیّ وەئاگا دێتەوە کار لە کار ترازاوە و ناچارە ڕەقیبی لیّ بە ئاگا بکا، کە ئەوین و سوزی عیشق و





دڵداری یەك دوای یەك ئاوەزی قۆرخ دەکا و ناکریّ وا بە سانایی دەست بەرداری ببێت،.(( پاڵنەرە نائاگایی و ئارەزووە متبووەکان ئارام ناگرن و ناوەستن بەڵکو لە هەوڵ و تێکۆشان بەردەوام دەبیّ بۆ ئەوەی بە چەندین شێواز ناخی خۆی دەربڕیّ، کاتێك سەرکەوتوو دەبێت ڕەقیب غافڵگیرە بە وێنا نکوڵییەکەی دەردەکەوێت هەر وەك لە خەونەکاندا دەربڕینێکی هێماییە لە کرۆکی نائاگایی )) (٨ ) .

ئەوەی لای ئێمە و لە هزرماندا سەبارەت بە بیّ ئومێدی تۆمار کرا بوو هێندە بوو خستمانە روو، بە هیوایین خوێنەر لە تێڕوانینی بۆ دەقەکە شرۆڤەی دیکەی لا دروست ببیّ، تەنها هێندە هەیە کە جارێکی دی باسی بکەینەوە ئەمە دەقێکە بۆ جەماوەر نوسە لایەنی مەجازی و هێمای نارۆشنی تێدا نییە .

**ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم دەقە سوودم لێوەرگرتوون :**


**(١) سیکولوجیة الحب عند المرأة – تألیف جمال مصطفی مردان – ١٩٨٩ – بغداد**

**(٢) موسوعة المصطلح النقدي –التصور والخیال – تألیف ر . ل . بریت، ترجمة :عبدالواحد لؤلؤة .**

**(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو**

**(٤) گۆڤاری ڕەهەند ژمارە ١١ ی ساڵی ٢٠٠٠ ناسنامە و زمان مەهاباد قەرەداغی .**

**(٥) موسوعة المصطلح النقدي – اللامعقول – تألیف أرنولد ب هنجلف – ترجمة عبدالواحد لؤلؤة**

**(٦) علم النفس المعاصر – تألیف د. حلمي الملیجي – بیروت .**

**(٧)هەمان سەرچاوەی پێشوو**

**(٨)هەمان سەرچاوەی پێشوو**

## سەرەقەڵەمێکی سادە بۆ " خاسەی خۆڕاگر "

بۆ حاڵی بوون لە هەر دەقێك دەتوانرێ لە ڕێگای زمانـەوە سـانایی و واتـا روونی و تەمومژاوی بەرجەستە ببێت، بەم پێیـە زمـان جەوهـەری هـەموو دەقێکە لە دەقە ئەدەبییەکان، ئەگەر زمان خودان چـەندین یاسـا و کـۆد و میتـۆدی دیـاریکراو بێـت، ئـەوا دەشـێ دواتـر خـودی ئـەدەب ببێتـە سیستەمێکی زمانەوانی .

دەبێ قەناعەتی تەواومان بەو ڕێباز و سیـستەمە هـەبێت کـە زمـان و شێوە زارەکان پێ بە پێی قۆناغ و سـەردەمەکان گەشـەی کـردووە و جـۆر و شێوەی گۆڕاوە تا بە نهۆی ئیمرۆ گەیشتووە، ئێمە ئەگەر بـۆ شـرۆڤەکاری هەر دەقێك پشت بە چەمك و بنەما زانستییەکانی زمان ببەستین، گەرەکە لە نووسەر و مێژوو کە دوو فاکتەری سەرەکی دەقن دانەبڕێین .

ئەڵاوێر و شیکاری ڕۆمان وا سـانا نییـە و ڕەنگـە لـەوەها نووسـینێکی کورتـدا ژانـرە گرینگـەکانی بخرێتـە بـەرباس و خـواس و تـەواوی هـەقی شرۆڤەکاری خۆی پێ نەدرێت .





ڕۆمان پانتاییەکی بەرفراوان و جیهـانی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، ئـەم حاڵەتەیش لای هەر کەسـێك خۆرسـکیانە هـاوێر نـەبووە بوعـد و مـەودای دووری خۆی هەس، کە دەشێ خەلفییەتێکی مـەعریفی ( ئەبـستمۆلۆژی ) ڕۆڵی کارای تێدا هـەبێت ئەڵبەتـە ئاشـنایەتی و شـارەزایی و پـسپۆری لـە بوارە تەکنیکییەکانی زمان و هونەری زمان و فانتازیـا و زەمـەن و جـۆری حیکایەت و گێڕەر و حیواری تاکی کەسـەکان لـە سـەردەمە جوداکـان یـان سـەردەمی دیـاریکراو، سـەرباری ڕۆچـوون بـە کەرەسـتە و پێداویـستی و کەلوپەل ودار و زێڕ و زیوی خودی ئەو سەردەمە و وەسـف و تـەوزیفکردنی وەك خـۆی جیگـە و شـوێنەوارەکان و مەکانـەتی ڕووداوەکـان عـاملی سەرکەوتنی هەر ڕۆمانێکـە نـەمازە نەتەوەیـەکی وەك ئێمـە کـە لـە ڕووی هونەری سینەماوە دواکەوتووین، بەڕای ئێمە ئەدیبانمان چمکێکی سەرەکی ئەم بوارەی لە ئەستۆدایە و گەرەکە بکۆشێ بۆ بنبڕکردنی، کە زۆری ڕۆمان بۆشـاییەك پـڕ دەکاتـەوە کـە ئێمـە تیایـدا هـەتیوین و نـەمانتوانیووە بـە ئەندازەی گەلانی دونیا ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە .

جگە لەو فاکتەرانەی باسمانکردن ڕۆماننووس گەرەکە لە هـەر دەقێکـی ڕۆماندا بتوانێ بە لێزانی و لێهاتووییەوە پانتاییەکی باش و لە بار بۆ خۆی بڕەخسێنێ و بە هەلی بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی فیکر و فەلـسەفەی تایبـەت بـە ژیان یاخود کرۆکی ئەو پرسـەی دەیـەوێت لـە ڕۆمانەکـەدا تـەرحی بکـات، بخاتە ڕوو . دەنا ئـەوە هـەرگیز ناخرێتـە خانـەی ڕۆمـانی ئیمـڕۆوە کـە لـە سەردەمی بونیادگەری و پاش نوێخوازی گـوزەر دەکـەین، پێویـستیمان بـە

كۆمەڵێ فاكتەری زانستی سەردەمیانە هەیە . ئەو گێڕانەوە سادەییەی حیكایەتی كۆن بە هیچ جۆرێك سیفاتی ڕۆمانی پێنابەخشرێت .

لێرەدا جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە لقی كەركووكی یەكێتی نووسەرانی كورد بكەین، كە لە پاش كۆنفرانسی ئازادییەوە زێتر لە ( ٩٠ ) تەوەت كتێبی بۆ نووسەرانی شارەكە و دەرەوەی شار بە چاپگەیاندووە . ئەوەی زێتر سەرنجی ڕاكێشام كتێبی زنجیرە ( ٨٩ ) بوو، كە ناوی ڕۆمانی لە خۆگرتووە بە ناوی " خاسەی خۆڕاگر " ی برای نووسەر ( موعتەسەم ساڵەیی ) لە ساڵی ٢٠٠٧ بە چاپی گەیاندووە و كەوتۆتە بەر دیدی خوێنەران .

بێگومان ناكرێ و نەبووە هەر نووسینێك بە خودی ئەم ڕۆمانەوە هێڵێكی ڕاست و چەپی بە سەردا بدرێت و ڕەشبكرێتەوە و سەرلەبەری بكرێ بە هیچ، ڕەنگە خوێنەری ئاسایی ( جەماوەر) چێژی لێوەربگرن، كە تا ئەندازەیەكیش ئەم جۆرە خوێنەرانە لە هەموو ئەو بنەمایانەی باسمانكردن و دواتریش زیاتر باسی دەكەین بێئاگان، بەڵێ دەبێ ئەو ماندووبوون و شەنخونییەی برای نووسەر بە هەند وەربگیرێت و لە بەر چاوبێت، ئەمەیش ئەو واتایە ناگەیەنێت چاوی لێ بنوقێنین و تێپەڕ ببێت .

دەبوایە كاكە ( موعتەسەم ) داڕشتنێكی ورد و تەواوی بكردبا و زمانێكی باڵای تێدا بخستبایەتەكار و گەمەیەكی هونەری زمان و تەكنیك و فانتازیا و گێڕانەوەكان بدابایە، بۆ خۆی كەسێكی قاڵبووە لە بواری ئەدەبدا و دەكرا چەند كەسێك یان یەكێك پیایدا بچوبایەتەوە، چونكە داڕشتنی زمان فاكتەرێكی سەرەكی پەلكێشكردنی خوێنەرە بۆ تەماس





بوون لە گەڵ دەقدا، لێرە مەبەستمان لە خوێنەر هەموو جۆرە خوێنەرێكە، بە داخەوە ئەم ڕۆمانە لای كەسانی ئەدیب نەیتوانیووە ئەو مەبەستە بە دەست بێنێت، لە پاش خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك خوێنەر لە چۆنیەتی داڕشتنی زمانەكە وەڕس دەبێت و دەست بەرداری خوێندنەوە دەبێت .

ئێمە وای دەبینینەوە كە برای نووسەر لە عەوداڵ و سۆراغكردنی تواناكانی خۆی وەگەڕخستووە چ لە ڕووی مێژوو چ لە ڕووی شوێن و كەسەكان، وەلێ ئەم عەوداڵ بوونە نەیتوانیووە مەرامەكان بە دەست بێنێت، هەندێ لایەنی پێكاوە، بەڵام سەد دەر سەد نەیتوانیووە، ئێمە كە وادەڵێین دەمانەوێت بێژین كە نووسەر بۆ ئەم ڕۆمانە تەنها پشتی بە مێژوو و ڕووداو و شوێنە ڕاستییەكان بەستووە .

" خاسەی خۆڕاگر " باس لە كەسێك دەكات بەناوی ( خولە زێوییەیی ) زێوییە ئەو گەڕەكەیە ڕووداوی ڕۆمانەكەی تێدا تۆمار دەكرێت، نازانین ئاخۆ ئەم ( خولە ) ناوە كەسێك بووە، بوونی لە گەڕەكەكەدا هەبووە یاخود ئیقتیباسكراوە بۆ دەبڕینی لایەنی خەبات و بەرخودانی ئەم گەڕەكە كە كەسێك بەم ناوەوە لە خڕێكی وەك خاسەی كەركووك بتوانێت لە دەوڵەت یاخی ببێت و بە ڕووی دەسەڵاتدا هەڵبشاخێت .

هەروەها هەندێ لە وێنە ڕووداوەكان هەست دەكرێت لێرەو لەوێ ئیقتیباسكرابێت دەشێ خودی نووسەر لەم لایەنە بێ ئاگابێت و عەفەوییانە كەوتبێتە ناو ڕۆمانەكەوە وەك ئاماژەمان پێدا زۆر شت لە نێو ڕۆمانەكە بە دیدەكەین ڕاستن و بوونیان هەیە وەك چەمی خۆشی، گوندی یارەلی، سەربازگەی بارووتخانە و تەلبەندەكەی، شەمەندەفەرەكە و كاتی ڕۆشتنی بۆ

هەولێر و، گەڕانەوەی سەردانەکەی مەلیك فەیسەڵ بۆ سلێمانی و، گەڕانەوەی تەرمی شیخ مەحموود لە بەغداوە بۆسلێمانی، بێستانەکان و هەبوونی بەروبوومەکان وەك کاڵەك و شووتی و یرۆزی و کالیار کە بەرهەمی ئەو سنوورەن، ئەمانە وەك خۆی خراوەتە روو بێگومان نووسەر لە عەوداڵ و سۆراغی ئەمانە نەبووبێت ئەوا بۆ خۆی شارەزایی هەبووە و بە چاکی باسی کردوون، دیسانەوە تەوزیفکردنی ئەو دەشت ودەرەی ئەو دەڤەرە بۆ خۆی جێگای دەستخۆشی و شارەزاییەکی باشە  وەلێ جەغار بە زمانێکی ئەدەبی وەك پێویست شوێن پێی وشە و تەوزیفکردن نەکەوتووە .

دوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك خوێنەر بە تەنها لە بازنەی ژانرێك گیر دەخوات و دەخولێتەوە، کە ئەویش راوکردنی کەروێشکە، جگە لەوەیش پێش وەختە لای خوێنەر مسۆگەربوونی دەسکەوتی نێچیری ئەو شەوە جاڕ دەدات، ئەم سەرقاڵکردنەی خوێنەر بەراوکردنی کەروێشك تا کۆتایی خواردنی کەروێشکەکە لە نیوەڕۆ خوانێکا وا نیشانی خوێنەر دەدات، کە راوکردن خولیایەکی بەردەوامی خەڵکی ئەم سنوورە بێت، لە گەڵ ئەوە دا نووسەر دەڵێ :

- **کاروان دوای دانانی تەڵەکە هەر ئاوڕی دواوەی دەدایەوە .**

بەم پێیە بێت داونانەوە بە لای کاروانەوە سەیر و سەمەرەیە، کەچی لە ناوەڕاست و دوا دوای ئەم چیرۆکە خوێنەر تێدەگات کە کاروان (١٢) ساڵە و باوکی جێی هێشتووە و خۆی و دایکی لای نەنکی و باپیری و خاڵی دەژین، ئەوانیش لە شارەوە بۆ سەر بێستان دەچن، کەواتە کاروان ساڵانە بە تایبەت پاش بەهار هەروەك لە رۆمانەکە دەردەکەوێت دەچنە سەر





بێستان، بێگومان کاروان سەردانیان دەکات، لە ماوەی دواتر لە ( ١٢ ) ساڵی تەمەنی کاروان و جێهێشتنی باوکی، مومکین نییە کاروان یەکەمجاری بووبێت داو بنێتەوە، دیارە لە سەر بێستان بەردەوام ئەم کارە ( داو نراوەتەوە ) و کاروانیش لەو ماوە دوور و درێژەدا بێگومان سەردانی کردوون، چونکە گەڕانەوەی لە سەر بێستان بۆ ناو شاری کەرکووك وەك یەکێکی شارەزا نیشاندراوە، کەواتە  ( داو ) نانەوە شتێکی ئاسایی بووە لای کاروان و تەنانەت وەك نەریتێکی لێهاتووە .

رەنگە نەکرێ لە نووسینێکی وەها کورتدا زۆر بە وردی تەواوی " خاسەی خۆڕاگر " شرۆڤە بکەین، لێ لێرە و لەوێ هەڵوێستە دەکەین و دید و تێڕوانینی خۆمان دەردەبڕین، هاوکات ناشمانەوێ لە روانگەی دۆستانە و خزمانە پێچەوانەکەی قسەی خۆمان بکەین، بەڵکو دەمانەوێت بە ئینسافەوە لە مەڕ " خاسەی خۆڕاکر " بدوێین، ئاخۆ دەشێ لە خانەی رۆمان بئاخنرێ ؟ هەڵبەتە ئێمە ئەمە بۆ خوێنەرانی نائاسایی جێدەهێڵین، بەڕای ئێمە ئەوی کاك دکتۆر عەبدولکەریم حاجی حمە علی لە ژمارە ( ٤ ) ی مانگی تشرینی دووەمی ( ٢٠٠٧ ) لە گۆڤاری " رۆژی زانکۆ " ختوویەتییە روو پێمانوایە وەك خوێنەرێکی ئاسایی و بێئاگا لە دونیای ئەدەب بووە .

کورد دەڵێ کە زۆر گوترا چاك و خراپ دەردەبڕدرێت، ئاخۆ ئەم چاکە و خراپە بۆ بواری رۆشنبیری و ئەدەب گەرەکە ؟ بێگومان نەخێر، لە رووی زانستیشەوە " هاوشانی دیالێکتێکی کۆك بوو – totalistant - ی مارکسییەت وا دەردەکەوێت کە مشتومڕێکی زۆری ناکۆکبوون لە نێوان

زانستی سروشت — زانستی ڕۆح — دا هەیە، کە جێ پەنجەی لە فەلسەفەی سەدەی بیست بەجێهێشتووە، هەروەها ئەویش هەڵوێستێکی بەرگری لە کەرتێکدا ئاشکرا کردووە، کە بەهای پێخۆشبوونی تێدا بە هێز بووە، یان بەلانی کەمەوە ئەو کەرتەی تێڕوانینی چڕوپڕی ڕەسەنی خۆی وەلا دەنێ بۆ بەهای ئاڵوگۆڕکردن، لۆژیکی چڕوپڕ بە تەواوی زانستی سروشت حوکمڕانی دەکات، ئەو زانستەی لای خۆیەوە تایبەتمەندێتی چۆنایەتی واقیعی مێژوویی — ڕۆشنبیری — وەلا دەنێت " (١) .

یاخود ( نیچە ) تیۆرێکی ڕۆشنبیری داهێناوە دەڵێ : (( بە زانینی بنەوان پوچەڵی وەجاغ زێتر دەردەکەوێت )) (٢)، کەواتە بۆ ئەوەی ئێمە ڕۆشنبیرییەکی تۆکمە بە دەستەوە بدەین و واقیعی مێژوو نەدۆڕێنین و بە هێزتری بکەین نەك پوچەڵی بکەینەوە، بەر لە هەموو شتێك لە بەراییدا پێویستیمان بە زمانێکی ڕەوان و دەلالەتی ئەوتۆ هەیە کە هاوشانی ئەدەبی نوێخوازی و پتش نوێخوازی بێت .

هەندێجار لە " خاسەی خۆڕاگر " دەسکاری مێژوو کراوە و بە زەقی دیارە ئەمەیش بە تاکی ئاسایی هەزم ناکرێ، ئەگەر ئەم بەسەرهاتە لە دەوروبەری کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بێت و کاروانیش چواردەساڵان بوو بێت، ئەوا دەکاتە دەوروبەری ساڵانی ( ١٩٤٢ — ١٩٤٣ ) کە کاروان لە دایك بوو بێت، لێرەدا پرسیارێك ئاراستەی خودی نووسەر دەکەین، ئێستایشی لە گەڵدا بێت ئەو پیاوە بە ساڵاچووانەی تەمەنیان بۆ ئەو دەورو بەرە دەگەڕێتەوە، کەسێکیان لە ناودا هەیە کە ناوێکی کوردی پەتی هەبێت، لە کاروان و کارزان و کارۆخ و .....تاد بچێت، بۆیە ئالێرەوە





خوێنەر هەست بە دەسکاریکردنی مێژوو دەکات، ئەگەر خەیاڵ و فانتازیا مەبەست بێت، ئەوا مێژوو و شوێنەکان واقعین، دواتر لە شتی دیکەیش دەدوێین .

زمانی حیوار لە ڕۆماندا زۆر گرینگ و بنەمای سەرەکییە، پێویستە نووسەر زۆر لە حیواری سەردەمەکان ئاشنا بێت و سەردەرکردوو بێت، یان شێوازی نووسینی زمان گەرەکە زمانێکی ئەدەبی تەواو بێت، لێرەدا نموونەیەك بۆ برای نووسەر دەخەینە ڕوو، بە ئومێدین بە تەواوی ئەو بە ئەو جۆرە نووسینانەدا بچێتەوە کە لە زمانی ئەدەب ترازاون و لەنگی دروستکردووە، لە لاپەڕە ( ٧ ) دا دەڵێ :

- **خۆراکەکە دانرا کە بریتی بوو لە بامیە و لۆبیای کوڵاو کە لە ناو چەند دەورییەیەکدا دانرا بوو .**

بە ڕای ئێمە دەبوایە پێش ئەم نووسینە و لە جێگەیەکدا ئاماژا بە لێنانی چێشتی بامیە و لۆبیای کوڵاو بدرابا و ئەو کات نووسەر بەم جۆرە بهاتبایە نووسین (( **لە چەند دەورییەیەکدا ئێوارە خوانەکە دانرا کە بۆ ئەو ئێوارەیە ئامادەکرا بوو** ))، نووسەر پێویستە زمانی خۆی لە زمانی حیواری سەردەمەکاندا جیاواز بێت، یان کە دەڵێ : (( **کە بریتی بوو لە .....** )) ئەم نووسینە لەنگی بە ڕۆمان دەدات، چیرۆك لاواز دەکات، گەرەکە لە تەك زمانی سەردەم تەفاعول بکەین بزانین چۆن دەنووسین، لەو جۆرە نووسینەی نووسەر لە چەند جێگەیەکی دیکەی ڕۆمانەکە هەیە و لاوازی کردووە .

گوتمان حیواری کەسەکان پێویستی بە شارەزایی نووسەر هەیە بۆ هەر یەك لە سەردەمەکان، تەماشا لە حیواری مام کەریم لە لاپەڕە ( ١٢ ) دەڵێ :

**- ئۆمەری هاوەڵم، باش بوو ساڵی پار توانیم پێشوازی لە تەرمەکەی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموود بکەم و تێر و بە کوڵ بۆی بگریم .**

پێمانوایە ئەو وشەی ( **هاوەڵم** ) زێدەیە لەو سەردەمە رێبازی مارکسییەت و کۆمۆنیستی لە ئەوجی باڵابوونیدا بوو بۆ وشەی ( **هاورێم** ) دەشێ رەواتر بووایە، چونکە ئەوان لە کەرکوکەوە چووبوونە ( چەمی خۆشی ) دیسانەوە بۆ ئەو زەمەنە وشەی ( **پێشوازی** ) کەمێ قورسە، دەبوایە بە دووی بەدیلی بگەڕابا، وەك لە ( **خزمەت بوون** ) و شتی لەو جۆرە، ئێمە نامانەوێت بێژین نووسەر واو وای بنووسیبا، لێ نووسەر لە نووسینی حیواری تاکەکان ئازادە، بەڵام مەرجە لەو سەردەمەدا ئەو جۆرە قسە و دەمودووانە بنووسرێن کە باو و هی کاتی خۆیانن .

بۆ رەنگرێژی رۆشنبیری بێگومان پێویستیمان بە شیکاری زانستی هەیە، ئەگەرچی ئەنیشتاین کاریگەرییەکی زۆری لە سەر رەنگرێژکردنی رۆشنبیری ئیتاڵیادا هەبوو ( لە رێگەی مشتومڕ لە بارەی تەنگژەی ئاوەز) ەوە، هەروەك لە رۆشنبیری ئەگلۆ ساکسونیدا بە ( هەستکردنی سیفەتی مێژوویی و ئیستاتیکای لۆژیکی ) (٣) .

وەك گوتمان گەرەکمانە رەوتی ئەدەبیمان هاوشانی ئەدەبی جیهانی و رێباز و قوتابخانە تازەکان بێت، کە چی رۆمانی لەم جۆرە بەرەو پاشەوەمان دەبات، دەکرا هەمان رووداو بە زمانێکی جیاواز و داهێنانێکی





دیکەوە وروژاندنی بخولقاندبا بە داخەوە بەو نەفەسە کورتەوە، داهێنانێکی خنکاند، زمان رۆڵی سەرەکی بۆ ئەم بوارە دەگێڕێ .

دیوێکی دیکەی ئەم نووسینە ( خاسەی خۆڕاگر ) خوێنەر هەست بە عەوداڵبوون بۆ دونیای ئەرستۆکراتی دەکات، نووسەر بۆ خۆی واما نیشان دەدات، نەیویستووە بیرێکی لیبراڵی بە دەستەوە بدات، کە بە واتایەکی دروست لیبراڵی بیرێکی ناوەندییە، هەروەك ( بۆ خۆی لیبراڵی هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی نزیك بێتەوە تەنانەت تێکەڵاو بوون لە نێوان جیهانی سروشت و جیهانی کاری مرۆیی دروست دەکات، بە پشت بەستن بە روئیایەکی زەبر و زەنگی کەمتر لە سەپاندنی سروشت کە بیرمەندە نوێخوازەکان دایانرشتووە بۆ ئەو هۆنینەوانەی لە دەرئەنجامی فیزیا و کیمیا و زانستی ژیانەوە هاوێر بووە ) (٤) .

بۆ خوێندنەوەی جارێکی دیکەی دەقەکە ئەم دیوە بە زەقی دەردەکەوێت و ماندووبوون وراکەڕاك و دەربەدەری و ململانێی خولە زێوییەیی بۆ دروستکردنی ژیان، نزیکبوونەوە لە نێوان ژیان و کاری مرۆیی بە دەستەوە دەدات، واتا سروشت وکاری مرۆیی ئاویتە دەکات، وەلێ ئەمانە هەن و کەچی لایەنی ئەرستۆکراتی زەق دەکاتەوە .

ئەم پرسە بۆ خۆی لایەنی فۆرم دەگرێتەوە چونکە بەلای هایدگەرەوە گرینگییەکی قووڵی سەبارەت بە فەلسەفەی شیکاری هەیە، لە دەقی وەهادا تواناکان بۆ پێناسەی بیری میتافیزیکی دەخرێتەکار، لە ئەوپەڕیدا بۆ سنووری بیرکردنەوە و یاداشتکردنەوە ( An – den ken ) بە شێوەیەکی زێتر روونتر پەیوەندی لە گەڵ کەلەپووردا دوو توخمن وەك

ئاماژەیەکی گشتی ناوەڕۆك بۆ پەیوەندی نێوان بوون و زمان دەخەینە روو، بە دیاریکردن لە واتای عەدەمییەت .

وەك گووتمان ئەم رۆمانە لە پێشینەی ئەپستمۆلۆژی نەدارە و دەوڵەمەند نییە .

جگە لە کاتی خودی دەقەکە کە جێگای مشتومڕ و قسە لە سەر کردنە، هاوکات خستنە رووی یەك کات بە جیاوازی وەك ساڵی پار و ئیمساڵ شێواندنێکی خولقاندووە، هەر کەسێك زۆر بە وردی دەقەکە نەخوێنێتەوە هەست بەو دوالیزمەی کات ناکات، پێشتر لە حیواری مام کەریم ئاماژەمان بەوەدا کە ساڵی پار تەرمی شێخ مەحموود بە بازاڕی عاشوور و یادگاردا بەرەو سلێمانی گەڕاوەتەوە، لە لاپەڕە ( ١٢ ) دا ئەم کارە پشتڕاستکراوەتەوە کە دەڵێ :

- **ئەمساڵ مەلیك فەیسەڵی لاو بە بازاڕی عاشوور و یادگارا بە خۆی ئۆتۆمبێلەکانییەوە رەت بوو بەرەو شاری سلێمانی کەوتەرێ .**

کەچی لە لاپەڕە ( ١٣ ) دا کاتی پار و ئەمساڵی شێواندووە و گۆڕانی بە سەردا هێناوە، کە دەڵێ :

- **کاروان نقەی لە خۆی بڕیبوو، بە پەرۆشییەکی زۆرەوە گوێڕایەڵی قسەکانی باپیرەی و مام کەریم بوو، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بەشداری لە قسەکردن بکات و بە دانیشتوان بڵێت کە خۆیشی ساڵی پار چاوی بە مەلیك فەیسەڵ کەوت کە لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیەوە بە زەردەخەنەوە دەستی لێ هەڵبڕی ......**






لە لایەك مام کەریم دەڵێ : **ساڵی پار لە پێشوازی تەرمی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموود .... تاد،** لە لایەکی دیکە ( **کاروان بە دانیشتوان بڵێت کە خۆیشی ساڵی پار چاوی بە مەلیك فەیسەڵ کەوت کە لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیەوە .......** ) .

گریمان کاروان مندالە و زەمەنی لێتێکچووە و جیاوازی لە نێوان ساڵی پار و ئەمساڵدا ناکات، بەڵام نووسەر دێت و لە لاپەڕە ( ١٤ ) تەئکید دەکاتەوە و ئەو هەڵەیە دووبارە دەکاتەوە، کە دەڵێ :

- **پێشوازیکردنی مەلیك ساڵی پار جیاوازییەکی تەواوی هەبوو لە گەڵ هاتنی تەرمەکەی شیخ مەحموود لەمساڵدا، ساڵی پار خەڵکی پێدەکەنین و چەپڵەیان لێدەدا و مەڕ، بزنیان لەمبەر و لەوبەری جادەکاندا لە پێش رەوتی ئۆتۆمبێلی مەلیکدا سەردەبڕی، کەچی بە پێچەوانەوە ئەمساڵ بە چاوی خۆی ئەو ئۆتۆمبێلەی بینی کە تەرمی شێخی هەڵگرتبوو، خەڵکی شار بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە خرۆشابوونە مل یەك و فرمێسك بە خوڕ لە چاویان دادەباری .**

شێوەی گێڕانەوە یا نووسینی رۆمان، دونیای تایبەت بە خۆی هەیە نەمازە بۆ رۆژگاری ئیمڕۆ، گەرەکە رێبازی ریالیزم وەلا بنێین چونکە ماهییەتی هێند نییە، سەردەمی ریالیزمی بەسەرچووە، پێویستیمان بە رێبازی نوێ و رەگەزەگانی رۆماننووسین هەیە، کە خۆی لەم شەش خاڵە دەبینێتەوە :

١ - **زمان** language

٢ - **کات و شوێن** setting

-٣ **تەکنیکی گێڕانەوە** techniques of narration

٤ - **کارەکتەر** character

٥ - **پیم ( مەغزا )** theme

٦ - **گرێ تانوپۆ** plot

ئەگەر هەر یەك لە ئێمە وەك رەخنەگرێك بڕوانینە ( خاسەی خـۆڕاگر ) هەست دەکەین لە هەر شەش بنەما و رەگەزەکانی رۆمان نەدارە یان سست و لاوازە و پێویستی بە بەهێزکردن هەیە، دەنا ئەدەبی کوردی نایەوێ بەرەو پاشـەوە بـچێت ریالیزمانـە دەقـەکانمان بنووسـینەوە، پێویـستیمان بـەوەها رۆمانێك هەیە کـە گەشـە بکـات لـە ڕووداوی راسـتی و هەسـت پێکـراوی سـادەوە لـە هەسـتی منداڵـدا بـۆ راسـتییەکی خـەیاڵی ئـازاد و رەهـا بگوازینەوە.

ئەگەر بەم جۆرە بێت ئەوا ناکەوینە ئەو هەڵانەوە کە دووچاری نووسـەر بـووە، بۆیـە گەرەکـە ( رەنگـە هەنـدێ شـت لـە هـەموو بیرکردنـەوە مەعریفییەکانمان نزیك ببێتەوە، ئەگەر تێبینیمـان کـرد تـا چ ئەنـدازەیکی زۆر وشـەکانمان پـشت بـە بیرۆکـە هەسـتپێکراوە گـشتییەکانمان دەبەسـتێت ......، گومان ناکەم کە ئێمە ئەگەر توانیمان ئەو وشانە بـۆ سەرچـاوەکانی بگەڕێنینـەوە، لـە هـەموو زمانـەکان، ئـەو ناوانـەی سـوود بـە شـتەکان دەگەیەنێت و ناکەونە ژێر کاریگەری هەستەکانمان بـەڵکو بـۆ یەکـەمجار لـە بیری هەستپێکراودا بونیاد دەنرێ ) ( ٥ ) .

ئەوەتا لە لاپەڕە ( ١٨ ) دا بەڕای ئێمە لە بیرکراوە و دەشـێ بـە هەڵـە دابنرێـت و دەبوایـە نووسـەر ئـەم حاڵەتـەی تۆمـار کردبـا، کـە ئـەویش





هەڵگرتنی گۆشتی کەروێـشکەکەیە و پاراسـتنی لـە دەم سـەگ و پـشیلەی دەڤەرەکە و مانەوەی ئەو گۆشتە بۆ بەیانی، بە واتا دەبوایا ئامـاژەی بـەوە بدابایە کە سەگەکانی ئەم ناوچەیە وا راییکـراون پاراسـتنی سـەر و مـاڵ و هەر شتێ لە کەپرەکانە بکەن و تاوەکو گۆشتیان نەدرێتی پەلاماری گۆشت نەدەن .

ئەگەر لەم دەقەدا نووسەر پەنای بـۆ خـەیاڵ و وێنـا و فانتازیـا بردبایـە ئەوا هێندە بە شێوەی ماتریالیییەوە پەیوەست نـەدەبوو، پـەلی بـۆ دونیـای پانوبەرین و فراوانەکەی ئەدەب و بنەماکانی رۆماننوسین دەبرد بەرای ئێمە نووسـەر هـەوڵی داوە واقیعێـك وەك خـۆی بـۆ خـوێنر دروسـت بکـات و بگێڕێتـەوە لەمەیـشدا وەك پێویـست نـەبووە و نـەیتوانیووە سـەرکەوتن مسۆگەر بکات، واقیعیشی وەك خۆی لە کەرەستە و پێداویستی و حیواری سەردەمەکە نەگواستۆتەوە، بە هەڵەیەکی زەقـدا کـەوتووە کـاتێ بـاس لـە رۆژگاری ساڵی ١٩٥٧ دەکات، کارکردن بـە دینارێـك نـەبووە، نـەمازە بـۆ منداڵێکی چواردە ساڵان، وەك خۆی دەڵێت، لێرەدا هەڵەکـە زەقـتر دەبێـت ئەگەر بۆ چەند رۆژێکیش بێت ئەوا چۆن کاروان داونانەوەی لاسـەیر بـووە و دینارێکی بەلاوە ئاسایی بووە، لە باوکمەوە بیـستوومە ئـەو سـەردەمە لـە گەڕەکی ئازادی زەوی بە گوریس بووە و زۆر هەرزانیش بووە، گوریسی زۆر زۆر لە دینار کەمتر بووە، گریمان بە دینارێك کاری کردووە، یان باپیری وەك دەسگیرۆیی دینارێکی دابێتێ، یەکـەم دەبوایـە ئـەم حاڵەتـە بـاس بکـات، دووەم کاروان دەبوایە لە حاڵەتێکی ئیجگار خۆشیدابووایە، پاشان ونبوونی دینارێك بۆ ئەو سەردەمە خـەم و خەفـەتی زۆری گەرەکـە و نووسـەر دەری

نەبڕیووە، ئەز بە دەساڵ دوای ئەو مێژووە ٥٠ فلسم ونکردووە و دەزانم چ ئازارێکی تاڵی هەیە و ئێستاش لە بیرم ناچێتەوە .

( تیۆریکی دیکەی تەنگژەدار هەیە وای دەبینێتەوە کە زمان و ڕەنگدانەوەی وێنای واقیع نییە بە لکو ئامرازێکە و لە ڕێگایەوە واقیع بەرجەستە دەکات و هەست دەکرێ کە ڕاستەقینەیە ) (٦) .

بیرمەندەکان و کەسانی بە ساڵاچوو پێیانوایە لە زەمەنی ڕابردوودا ژیان زۆر سەخت بووە، بە تایبەت لە کات و ساڵی ئەم ڕۆمانەدا، کەچی نووسەر بۆ مامۆستا قادر و کوڕەکەی کە خوێندکاری کۆلیژی یاسا بووە لە زانکۆی بەغدا هیچ ئاماژەیەکی بە سەرچاوەی داهات و بژێویان لە ماڵەوە نەداوە، ئەمە لای خوێنەر پرسیار دروست دەکات .

لێرەدا گەرەکمە ئاماژە بەوە بدەین کە ئیبرازکردنی هەر کەسێك، یان کەسایەتییەك مەبەستێکی لە پشتەوەیە کەوابێ پێویستە هەندێ وردەکاری زەروور هەبوون باس بکرێن، سارتەر لەم بارەیەوە، دبێژێت : ( **پێویستە ئێمە ئێستا بۆ شانۆی کەسایەتییەکان بگەڕێینەوە** )(٧) .

( **پاڵەوانەکان ئازادن، کەوتونە نێو داوی هەموانی وەك ئێمە، پرسەکان چین .. !؟ هیچ کەسایەتییەك دەرناکەوێت ئەگەر پرسێکی بۆ دەست نیشان نەکرا بێت و یەکسانیش نابن بە پرسە هەڵبژێردراوەکان نەبێت، هیوا دەخوازرێ کە هەموو ئەدەب دروست کراو بێت، باڵ بە سەر ئەم کێشانەی شانۆی تازەدا بکێشێ** ) (٨) .

هەر لە ڕوانگەی گواستنەوەیەکی شێوێندراوی واقیع، شتێکی دیکە سەرنجی ڕاکێشام، کاتێك کاروان دێتەوە و لای عەبەی باغەوان لادەدات،





ئەو کاتەی دەڕوات و عەبەی باغەوان ڕای دەسپێرێ چینییەك ماستی بۆ بکڕێت و ( ٥٠ ) پەنجا فلسی دەداتێ، لەم ڕووەوە تەنها ئەوەندە دەڵێم کە ئەز لە دوادوای شەستەکان چینییەك ماستم بە (٢٠) بیست فلس کڕیوە، وا هەست دەکرێ نووسەر تێکەڵ و پێکەڵی دروست کردبێت، ئەو سەردەمە زێتر دراو عانە بووە، نەك فلس، فلس لە سەردەمی کۆماری لە ناو خەڵکدا بووە باو و ناوهێنانی .

ژدوماهیدا جارەکادی دزڤرێینە سەر زمانی ڕۆمانەکە هەروەك لە سەرەتاوە باسمان کرد زمانێکی شێواوە، بە واتا دەبووایە بە جۆرێکی دیکەی زمان بینووسیبا، چونکە ( **یەکەمین ئەرکی نووسەر ئەوەیە شکۆمەندی زمان بگەڕێنێتەوە، سەرباری ئەوەی دەگوترێت ئێمە بیر لە زمان دەکەینەوە، زێدە ڕۆیی چرووکییە کە بڕوا بکرێ ئێمە چاکەکان دەشارینەوە ئەمەیش دەربڕینی پەیڤەکان بە هێز ناکات، ئا لەو کاتەدا بڕوا ناکەم ئەوەی مەبەستە بگەیەنرێت، ئەمەیش سەرچاوەی هەموو توندو تیژییەکە** ) (٩) .

کاتێك نووسەر دەقێك بلاودەکاتەوە نەخاسمە پەیوەندی بە مێژوو و سەردەمی دوورەوە هەبێت ( ڕابردوو )، کە بە خۆی تێیدا نەژیا بێت، ئەوا پێویستە زۆر بە وردی چ بە سۆراخکردن و عەودالّ بوون بە سەر وردەکارییەکانی ئەو زەمەنە یانیش خوێندنەوەی چڕ و پڕی ئەو زەمەنە بکات، یانیش هیچ نەبێت دەقەکە نیشانی کەسانێك بدرێ و تێبینی و سەرتجی لە بارەوە دەربڕدرێت، ئەگەر ئەم ڕێگایانە نەبوو و پیادە نەکرا

ئەوا بێگومان نووسەر تیرۆرکردنی خۆی بە دەستی خۆی جاڕ دەدات و بۆ زەمەنێکی دەسڕێتەوە .

دڵنیاین برای نووسەر کاك موعتەسەم ساڵەیی سۆراغی زۆری کردووە و شتی باشی چنگ کەوتووە، لێ بە رای ئێمە نەگەیشتبووە کامڵ بوون بۆ ئەم دەقەی و مەبەستی خۆی نەپێکا، ئەگەر وەك سۆز و ئەندێشەیەکی خۆڕاگری دیقەتی بدەین، کە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو لە خۆ دەگرێت و هەندێ کەس پێیوایە یاداشتەکانی بە بیر هێناوەتەوە، هاوکات ئاشکرابوونی ( **خولە زێوییەیی** ) لە لایەن ئازادی مامۆستا قادرەوە و لە بەر چاوی عەبەی باغەوان و رەشید چاوڕەش و بلە پۆلیس رەنگە لای خەڵکی ئاسایی خەم و پەژارە بە قوڵپی گریان دەربڕین و فرمێسك لە چاوانیان بەدی بکرێت و هاروژاندن بخولقێنێت، دەکرێ بێژین نووسەر بەم شێوازە تەقلیدییە رێچکەی بۆ جەماوەر نووسینی گرتبێتە بەر، بۆیە ناکرێت سەرلەبەری ماندوو بوونی مەحوو بکرێتەوە، وەك سەرەتا و یەکەمین خۆ لە قەرەدانی وەها کارێك جێگای دەست خۆشییە و بە هیواین لە ئایندەدا رەچاوی بنەماکانی رۆمان نووسین بکات، ئەگەر ( **خاسەی خۆڕاگر** ) نەبا ئەم نووسینەیش و نووسینی دیکەیش لەمبارەوە نەدەبوون، گرینگ ئەوەیە برای نووسەر ئەم شرۆڤە سەرپێییە بە هەند وەربگرێت و سنگی لە ئاستماندا فراوان بێت و دەستخۆش .





**سەرچاوەکان :**

**١ -نهاية الحداثة – الفلسفات العدمية والتفسيرية في ثقافة مابعد الحداثة١٩٨٧ –جياني ظاتيمؤ، ترجمة: د فاطمة الجيوشي دمشق١٩٩٨**

**٢ - هەمان سەرچاوەی پێشوو**

**٣ - هەمان سەرچاوەی پێشوو .**

**٤ - نقد الحداثة – ولادة الذات، القسم الثاني – الان تورين – ترجمة صباح الجهيم / دمشق ١٩٩٨ .**

**٥ - موسوعة المصطلح النقدي – الواقعية – ديمين كرانت – ترجمة د : عبدالواحد لؤلؤة / بغداد ١٩٨٠ .**

**٦ - هەمان سەرچاوەی پێشوو .**

**٧ - موسوعة المصطلح النقدي – اللامعقول – ارنولدث هنجلف – ترجمة د: عبدالواحد لؤلؤة – دار الرشيد للنشر / بغداد ١٩٧٩ .**

**٨ - هەمان سەرچاوەی پێشوو .**

**٩ - هەمان سەرچاوەی پێشوو .**

# پیاهەڵدان بگۆڕین بۆ رەخنەی بوونیادنەرانە

ئەگەر لە رۆژگاری کلاسیك و ریالیزم تا بە نوێخوازی و فۆرمی گران دەگات، شاعیر بیویستبا لە دەست شیعر هەڵبێت و کەمێك لەو ئیلتیزامەی شیعر دوور بکەوتبایەتەوە و ئاوەز و بیری لە نووسینێکی بەرفراوان بێ ئیلتیزام دەربڕیبایە و لە سەر کاغەز هەڵبڕێژێت، بۆ ساتێك لە تەك پەخشان پشووی دەدا و دەحەوایەوە، ناخی خۆی ئازادانە تر و بە بەر کەماڵتر دەردەبڕی، وەلێ نەۆ کاتێك شاعیر لە دەقی شیعری یا قەسیدە هەڵدێت، گەرەکە ئەو دەقەی مەودای فراوانترە لە رووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە بە هێزتر بێت، نەك بەو جۆرەی خوێنەری ئاسایی پەی بە دالومەدلوولەکانی ببات، بەڵکو پێویستە هێندە ئاڵۆز و پڕ رەنگ بێت، کە بە تەنها وەك کارێك بۆ رەخنەگر بمێنێتەوە، راستە رەخنەگریش خوێنەرە، وەلێ خوێنەرێکی بە ئاگا و کەسێکی دەگمەن و تایبەتە، ئێ خۆ ناشکرێ ئەو دەقە بە جۆرێك بێت کە خوێنەر چێژی لێ وەرنەگرێت، ئەگەر دەق چێژێکی ئەدەبیانەی باشی هەبێت، ئەوا کاردانەوەی خوێنەری ئاسایی





هەرِەمەکیانە نابێت، ئەگەر بە ئینسافەوە قەڵەمگر بێت، خوێنەر یەکگرتنێکی ئیستاتیکی و پێکەوە گرێدانی دەقی لە رووی ناوەڕۆکەوە گەرەکە، هەڵبەتە لە نێوان خوێنەر و دەق ماوەیەك هەیە، ئەو ماوەیە زەروورەتە چێژ بەخش بێت " هانز رۆبرت یۆس " بە ماوەیەکی ئیستاتیکی دادەنێت، کەواتە پێویستە دەق هێندە جوان و پڕ چێژ بێت پاش خوێندنەوەی ئیهانە نەکرێت .

دەمانەوێ بە قەڵەمێکی ئازادانە پەنجە لە سەر ئەو رستە و وشانە دابنێین کە هەستی بێزاریمان ختوکە دەدن، نامانەوێ بە چەند وشە و پەیڤی رەانەقدار دنەی خۆمان لە هەمبەر دەقێکدا بدەین کە بۆ خۆی ئەگەر وشە نەبێت پێمانوایە هیچە، هیچ بە واتا رۆمانەکەی ( خوسرەو جاف ) نا، بەڵکو بە مانا پراکتیکییەکە سەر و گوێلاك کوتانی وشە، چ مانایەك دەبەخشێت لە هەمبەر ماچێك رەزیل و ریسوا بکرێت و هەموو شتێکی پیرۆز رەش و کاڵ بکاتەوە .

ئەو نامیلکەیەی ژمارە ( ٧ ) ی لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکووك لە خۆ گرتووە، کۆمەڵە دەقێکە بە ماچ زمانی دەپژێ گەلێ شتی دوور لە دەقی ئەدەبی پاش نوێخوازی درکاندووە، کە نووسەر دەیەوێت لە شیعر هەڵبێت، پێویستە دەقێکی جوانتر لە دەقی شیعری هاوێر بکات، کەچی بە داخەوە تێیدا بەدی ناکرێت، رەنگە ئەمە ئەگەر بڵێین تاوان، تاوانی نووسەر نییە بە قەد ئەو دەزگای ئەم بەناو دەقانەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە .

کەسێ جورئەت و زاتی ئەوە بکات بێژێ : ( **وشەکان کراسگەلێکی چڵکنن** ) ئیدی دەقەکانی چۆن شلوێ و لێخن نین ؟ ئەدی ئەو دەقانە بە چی نووسراون ....!؟ بەو زمانەی بەر لەوەی مرۆڤ زمان بگرێ لە تاو ئازار و ئەشکەنجەی ئاژەڵە دڕندەکان ناڵەناڵ و فبغانی دەستپێکردووە، ئەگەر وابێت، پێمانوایە کاری نوسینی دەق و شیعر ئەمڕۆ ئەوە نییە پرۆسیسێکی فیکری یان سیاسی رووت بێت .

خوێندنەوەی ئەم دەقە، کە ئێمە پێمانوایە .... پەخشانێکە بۆ سەردەمانی خەڵك نووسین و دوور لە دەستەبژێر دەگەڕێتەوە، لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە بە پێوەری وتاربێژی دارێژرابێت، زیاترین هێزی ئاشکرایە و ئەمەیش قورسایی هونەر و داهێنانەکەی لە دەست دەدات، ئەو دەمانە خوێنەری ئاسایی هەرەمەکیانە بە نێوی دەکەوێت و شتە تەقدیسەکانی لە بن پێ دەنێت کە دەق بۆ خۆی خودان پیرۆزییەکی بێکۆتاییە، نەمازەی لای خودی ئەو نووسەرەی بە یەکێك لە جگەرگۆشەکانی دەزانێت، ئەو ساتانەیش بە بارتەقای ژیانی ئینسانێك پیرۆز دەبێت .

پێمانوایە لە بری ماچێ، یان - ماچ - ەکان ، بەردەوام نووسەر لە نێو دەلاقەی کوپەیەکی هەنگوینی پڕ لەزەتی هەڵڕشتنی غەریزەکانی بێت، ئەو دەم وەئاگا دێتەوە چ هەڵێەکی گەورەی دەرهەق هەم خودی ژیان هەم خودی ئامانجی دەقەکەی کردووە، ژیان گەورەترین و مەزنترین رۆحە بۆ کائینەکان ( درەخت، ئاژەڵ، مرۆڤ، باڵندە ... ) هەموو بوونەوەرێك زمانی خۆی هەیە، بەڵام هیچ کامێکیان هێندەی مرۆڤ لە رێگای عەقڵەوە وشە و





ئاخاوتن و نووسینی پەی پێنەبردووە، هەر بەم پرۆسەیەش من لە ئەوانی دوور حاڵی بووم، نووسین و پەیڤ ئەڵقەی لێکگەیشتنە، خۆشەویستی داهێناوە، ئەو ساتانەی هەر یەك لە ئێمە لە رێگای نووسینەوە عەشقی خۆی بۆ خاك و نیشتیمان و نەتەوە و بیروباوەڕ و دولبەر و ئازیزی دەردەبڕێت، کەواتە وشە ئەو تواناداریەیە بەرامبەر بخاتە گریان و بزە و پێکەنین .

## ماچ هەبوو غایەڵەی نامەی هەبێت

ئەوە ماچ نەبوو، گرانەتای هەوەسی سۆز بوو، پەلی بۆ دەسبازی دەکوتا، بە ئەم هەموو سۆزەوە ویستی جۆرێك لە فەلسەفە بێنێتە ئارا، وەلێ نەك سەرکەوتوو نەبوو بەڵکو هەر زوو بە زوو پوکایەوە، ئەم نامیلکەی ماچە دەمەکانی چەقۆی رەخنە زەرد دەکەنەوە، کەفوکوڵی توند هەڵدەرێژن، بەڵام هەر کەسێ پێی بدوێ، قەڵەمی کاغەزە سپییەکان دەلەوتێنێت، بەو دیدگایە دەدوێن، چونکە دەقەکان هێشتان لە مانای بوونی نووسیندا نغرۆ نەبوون تا پێدەگرێ و بست بە بست باڵا دەکا زۆری دەوێت .

نووسینی دەق نەمازە ئەدەبی کاری رەها رەفزدەکەنەوە لە ( ١ ) دا تەنها ماچ و بەس، ماچ رەها بوو، هەموو شتەکان سڕابوونەوە، ئەو وشە ناسك و جوانانەیش دەبووایە بوونیان نەبێت، بە رای ماچنووس ، وشە نەك بەتەنها — **کراسگەلێکی چڵکنن** — بەڵکو بۆ خۆی گەلێکی رق لە وشەیە، شتی تایبەتی و کەسی دەکرێ شیاو بێت، وەلێ ناشێ شتگەلی خۆتمان بە سەردا بسەپێنیت، تایبەتی نابێتە گشتگیر، نامانەوێت هەر

بگەڕێینەوە سەر ماچ، چونکە سەرو گوێلاك شکاندنی وشە وای لێمانکردووە بێژین ئیدی ئێوە ئەدەبی بئاخافن ئەدەبی حەرفێکیش بنووسن، ئێمە دەمانەوێت راستە رێ پەی پێبەرین، شتە چەوت و هەڵەکان راست بکەینەوە خودی مرۆڤ بخەینە سەر راستە رێ، " هایدگر " دووپاتیدەکاتەوە کە راستی مرۆڤایەتی ئەوەیە بۆ خۆی مرۆڤ و نێزیکی لە لۆژیك بوون شی بکاتەوە پرسی سەرەکی لەم گرفتە فەلسەفییە مرۆڤایەتییەدا ئەوەی چۆن فێر بین چۆن بە دووی راستیدا عەوداڵ بین ..؟ ئەو پرسیارگەلە چیت کە دەبێ بکرێت ..؟

ئەگەر دەقی (**غایەڵەی نامەیەك** ) بخوێنینەوە، ئەوا زۆرمان لا سەیر دەبێت هەست بە یەك ئامانجی نووسین نەکەین، راستییەکان بە ئاسانی دەستەمۆی واتا بن، کە بانگەشەی سڕینەوەی — وشە — لە ماچ دا بەدی دەکرێت و لێرە و ئەمبەر و ئەوبەر دەکات، ئێمە گوتمان کە لە شیعر دوور دەکەوینەوە و هانا بۆ نووسینی دەق دەبەین، ناکرێ لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هەروا بە سانایی بە سەر دەقەکەدا باز بدەین و خۆ لە ئاستیدا کوێر و کەڕ بکەین، بەڵکو پێویستە بزانین لەو دەقەدا چی گوتراوە، ئاخۆ پەخشانێکی رووتە و هیچی دی ..؟ ئەوا ناکرێ بە هیچ کەسێك بشوبهێندرێت چونکە ئەوانەی دەستیان قەڵەمی گرتووە، هەر لە قوتابی و خوێنکار و تا بە فێرکار و نووسەر و ئەدیب و زانا دەگات، هەموو لە بەرایی تەمەن پەخشاننووس بوون، هەر یەکەیان لە سەر خواستی مامۆستا بووبێت یا خوایشتی خۆی کاری لەو جۆرەی ئەنجامگیرکردووە، بەڵام کە نووسەر یان ئەدیب لە خانەی فیکر و فەلسەفەدا قەڵەمی وەگەڕ بخات و بازێك بە





رۆژگاری ئێستادا بدات، ئەوا نووسینی سادە و نووسینی سەردەمی بەرایی لێقبوڵ ناکرێت و خوێنەری نائاسایی بە سەریدا تێپەڕ نابێت و بە دوای بەر ئەنجامیدا دەگەڕێت، فەلسەفە بەشێکە لە پێکهاتەی ئاوەزی مرۆڤ چونکە پەیوەستە بەو ئەگەرە فرانەی کە بوونیان تێدا هەیە، هەست و ئاگایی و وێنا و سۆزەکانی تێدا گێنگڵ دەخوات، ئاوێتە بوونێکی زانستیانە پێکهاتەی ئاوەز لە چوارچێوەی " ئایین، رۆشنبیری، ئابووری سیاسی " دا، دروستبوونی خۆی بەر جەستە دەکات، بێگومان هەموو ئەو لایەنانە و گەلێك بواری دیکەی مێژوویی و لۆژیکی میتافیزیکی و شوێن و کات و فەلسەفەیش بە دوای راستییەکەوەن کە راستی بوون بێت .

وەك بیەوێت بە ناچاری بگەڕێتەوە سەر نووسین، ئەمەیش لە دووتوێی ئەو نامە غایەڵەدارەدایە، ئەگەر نووسین جێگەی گومان بێت، ئیدی نازانین بە چ پێوەرێك دەدوێت، بشێ رێژە نەگۆڕێکی دیکەی دیبێتەوە و ٢٢ / ٧ رەفز بکاتەوە و چارەسەری شیکاری دۆزیبێتەوە .

دەیەوێت لێرەدا شتێك دەربڕێت و بیدرکێنێت بەڵام دوالیزمی لە نووسینەکانیدا سەر مەشقە، هەر جارەی لە تەك رەوتێکدا شەنی خۆی دەکات، دەمێ پەنا بۆ وشە دەبات دەمێکی دیکە لێی دەچێتە قینەوە، ئەوا پێویستیمان بە چەندین وێنا هەیە لە دەقدا، وەك ئەو شاعیرەی لەم کۆپلەیەدا وێناسیەکی جوانی نیشان داوین، کە دەڵێ :

**لە بن مانتۆ و پەچەی بە زۆر**

**حەزت دەکرد**

**نامەی دەستت پەنجەم بگوشێ**

**منیش نەوێر و هەترەش چوو**

**کەچی لە پڕ سینەی دادڕاوت دەرخست**

**شقڵی مەمکت لە درزەوە**

**ئۆخەیەك بوو**

**وەختە بوو تاسەم هەڵ لووشێ**

کەچی " **غایەڵە** " نووس هاتووە شتە سواوەکان دووبارە دەکاتەوە، کە دەڵێ " **ڕۆح خۆشەویستییە، خۆشەویستی ڕۆحە، ڕۆح تامەزرۆی جەستەیە ..، جەدەلییەتی بەدەنە، ڕۆح هاوکێشەی بەدەنی شتەکانییە، هەموو شتێ ڕۆحی هەیە، هەر لە گەردێکی بچوکەوە تا دەگاتە کۆتایی گەردون** "( ل ١٢ ) .

نازانین ئەم جۆرە نووسینانە بۆ دەگوترێنەوە ..؟ ڕۆح بەر لە ئێستا زۆری لە سەر نووسراوە، ئەکادیمیانە و زانستیانە، بواری فیکری و فەلسەفی تەنی، بشێ ئەمە شتیکی نوێباو بێ و ئێمە پەی پێنەبەین...؟ ئەگەر مەبەست لایەنە فیکری و فەلسەفی و تیۆرییەکە بێت، ئەوا ئایین و دابونەریت و خوڕەوشت و بەرهەمەکانی دیکەی ئەدەبی و فیکری دەچنە خانەی کلتووری ڕۆحەوە .

ئێمە پێویستیمان بە جۆرە داهێنانێك هەیە، کۆمەڵگا لە قۆناغێکەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، ئەگەر ئەو بازانە لە ئایین و دابونەریتەوە یان خوڕەوشتەوە دەست پێبکات، داهێنەر گەرەکە لە خۆیەوە دەست پێبکات چونکە کۆمەڵگای ئێمە لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا جیاوازە، هەر کاتێك ئەوە پەیڕەو کرا و کۆمەڵگایەکی زۆر هۆشیار و بە ئاگامان وەچنگ





کەوت کە تا ئەم ساتەیش هەموو تاکێکی ئێمە کۆیلەی ئایدیۆلۆژیایە، ئەویش بە مەیل و مەرامی هەڕەشەی شەڕی ناوخۆیی و ماڵوێرانی دیکە و دەمبەستمان لێ دەکات، هەر کە توانیمان ئەو گۆڕانانە گوژم پێبدەین، ئەوا هەر بازدانی کۆمەڵگا بۆ قۆناغێکی دیکە تەرح بکەین، ئەو دەمە پاڵپشتیمان زۆر دەبێت، چونکە ئامادە و تەیارین بۆ گواستنەوەی قۆناغە نوێیەکە .

کام لە ئێمە جەریئانە دەدوێت ..؟ ئەوانەی ئازادانە قەڵەمەکانیان دێننەگۆ، یان دژ بە دەستەڵات دەنووسن یان بە پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیا دەمامککراوەکانن، ئەوانە لە ئامانجی گەڕان و دوزینەوەی قۆناغە نوێیەکە ناگەڕێن، بەڵکو ئەوانە عەودالی ئیمتیازاتی تایبەتی و دەستکەوتی ماددین، ڕەفاهییەتێکی تەحریمکراو لە ئەوان دنەیان دەدا، کە نووسینەکان بۆ ئەو مەبەستە بوو، نەبوونیا چاکترە، کە قەڵەم دەگرین و دەمانەوێت بنووسین پێویستە بزانین لە کوێوە هاتووین و بەرەو کوێ دەچین ..؟ ئامانجە ئیمتیازییەکان گەرەکە پشتگوێ بخرێن، کردنەوەی چاوی کۆمەڵگا و هۆشیاربوونەوەیان مەبەست بێت، کە دەنووسین دەبێ بزانین چی دەنووسین، پێمانوایە لە ( **غایەڵەی نامەیەك** ) جگە لە وڕێنە و داڕشتنی پەخشان هیچی دیکە بە دەست ناهێنین .

## ڕووناکی مەرگ دەهەژێنێ و ئێمەیش بێئاگا

**هەر کە خنکاندن لەبەر سۆمای چاوەکانا ئەستێرە ئاسا دەکشێ، ئیتر ئێمە خەڵوەتگرتووی سەرەتاتکێ و دەستەو یەخەی مەرگ و پەلەپیتکەی قەرەوڵ دەبین، هزرە تیژپەرەکان لە هەمبەر پەتی سێدارەدا هەڵوێستە دەکەن، نەمازە ئەوانەی ئازیزێکیان ئەو حوکمە کوێرانەیان بەسەردا سەپێندرابێت، و قەنارە لە سۆمای چاوەکان ونبوونی بەلادا مەحاڵ دەبێت، خنکاندن ئەو پەتە ترسناکەیە لە گەردن دەئاڵێ و ژیان دەپوکێنێتەوە، یانیش ئەو پەنجە زاڵمانەکە لە فیلمەکاندا بەدی دەکرێت لە بینەقاقای مرۆڤێك گیر دەبێت و تەمەنێك، روحێك، ژیانێك، رادەگرێ و مەحووی دەکاتەوە.**

**ڕووناکی بەو دەستەواژە بەراییەی ژیانەوە، ئەو گڕی ئاگرەیە کە لە ئەنجامی سوتاندنی دارودرەخت بەهۆی لێکدانی دوو بەردە ئەستێلەوە پەیدا دەبێت، بەمەبەستی رووناك بوون و خۆگەرم کردنەوە دروست بووە، ئەمڕۆیش ئەو رووناکییە بەهۆی داهێنانەکەی ئەدیسۆنەوە لە ئەلەتریکەوە**





**بەرق دەبەخشن و ماڵەکان رووناك دەکەنەوە، یانیش ئەو هەتاوی رۆژانەو لەکاتی رۆژدا رووناکی خۆی بەسەر گۆی زەویدا دەپەخشێ و شەوانەیش دیوەکەی دیکەی زەوی رووناك دەکاتەوە.**

**خنکاندنی ڕووناکییەکان، رستەیەکی شیکاری و شرۆڤەی دەوێت، ئیدی ئەم رستە لەهەر دەقێکیدا ئەدەبیدا بکرێ بۆ مانشێتی ئەو دەقە، ئیدی شیعر یان چیرۆك و نۆڤلێت و تەنانەت رۆمانیش بێت، گریمان ئەم مانشێتە بۆ تابلۆیەك دیاری کرا، خۆ هەر دەبێت تابلۆکە مانای گشتی بەدەستەوە بدات، لەدەقێکی شیعری برای شاعیر مەهدی زریان کە لە کتێبی "مانفێستەکانی پووچی" ناونیشانی" پاش خنکاندنی تاریکییەکان" بەرچاو دەکەوێت، ئەم ناونیشانە سەرنجی ڕاکێشام، هەڵبەتە کەسێکی وەك مەهدی زریان کە یەکێکە لە شاعیرو دیار و بەرچاوەکانی شاری کەرکوك و لەسەر ئاستی کوردستانیشدا ناسراوە، ئەمە هۆکار بوو بۆ ئەوەی لەپاش خنکاندنی ڕووناکییەکان بچم و بزانم تا چەند شاعیر مەبەست و ئامانجی لە حەسرەتەکانی ناخی لە تەك کرۆکی باسەکەی پێکاوە. هەر لە سەرەتاوە پرسیارێ کە چەندین پرسیار و پرسگەلی لێدەبێتەوە ئازاری سەرنجەکانی دا، ئاخۆ دروستە ناونیشانی دەقێك بەوجۆرە بێت؟ ئەگەر ئەم لایەنە شیاو رەخسا ئەوا داخوا لەتەك دەقەکەدا هاوتەریبن، وەك یەکەی ژانر تەواوکەری یەکدین؟ یان نێونیشانێکی سەقەتەو بۆ کرۆکی باسەکە ناشێ؟ شرۆڤەکردنی ئەم دەقە، کە لێرەدا بەردید دەکەوێت جگە لە چەندین میتۆد و ڕێگاو هەنگاوی**

دیکـەی هونـەری و تـەکنیکی شـیعر و فیکـری و... تـاد ، ئـەو ئەنجامـە بەدەست دەهێنین.

لە سەرەتادا دەمەوێت لەسەر ئەوە هەڵوێستە بکەم نائاگایی شاعیر لە ڕێنوس و سکریپیتی زمان وای کردووە لێرەو لەوێ خۆی بهاوێتە نێو هەڵەیەکەوە ڕەنگە تاوەکو ئێستا لە تەواوی دەقەکانی دیکەیشیدا هەستی پێنەکردبێت، دێین هەر بەرایی دەقەکە وەردەگرین دوو نموونە دەهێنینەوە،

لە یەکەمیاندا بەم جۆرە دەنووسێ:-

دڵنوایی گەورە کچێکی ڕەشپۆشی ئەدایەوە،
بەدەنگێکی لەرزۆکەوە
ئەیووت،

لە دووەمیشیاندا بەم جۆرە دەنووسێ:-

بەڕووتی سەمایان دەکرد

یان لە جێگەیەکی دیکە دەڵێ:-

قژی کچە لادێیەکی دەهۆندەوە

ئەگەر بەراوردێکی وشە کردارییەکانی (ئەدایەوە) و (ئەیووت) و (دەکرد ) و (دەهۆندەوە) بدەین، هەست دەکەین شاعیر لەخۆ ساغکردنەوەدا ڕاڕایی خۆیمان نیشان دەدا، ڕەنگە بۆ تێکستێکی شیعر ئازاد بێ، لای ئێمە وا دەردەکەوێت بەردەوام بەم جۆرەیە نەدەتوانێ لە پێشگری (ئە) خۆی قوتار بکات، نە دەست بەرداری پێشگری (دە) دەبێت، بێگومان لێرەشدا نادروستییەك لە ستایلی شاعیرو زمانەکەی





بەرجەستە دەبێت، پێویستە شاعیر ئەوە بزانێت کە هەر شاعیر و نووسەرو چیرۆکنووس و ئەدیبێك خاوەن ستایل و فۆرمەلەی تایبەت بەخۆیە، "پاش خنکانی ڕووناکییەکان" جۆرێك لە کردەو دژایەتی نهۆی تێدایە، با بزانین ئەو سەرگەردانییەی پەیوەست بوونی شاعیر بە ڕابردوو و دانەبڕانی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، زریان دەڵێ:

پیاوێکی پیر:-
دڵنوایی گەورە کچێکی ڕەشپۆشی ئەدایەوە
بەدەنگێکی لەرزۆکەوە
ئەیووت
کچم ئەمە قەدەری شارێکە
ئێمە ناتوانین بیگۆڕین!!
لەژێر نەفرەتی ئەم خاکە
لەپاڵ گەڵای هەر شوورەیەکی سەوزا
جەللادێك خۆی حەشار داوە
لەناو هەر خونچە گوڵێکدا
تاوانێك لەدایك دەبێ و
بۆنی گوناهی لێوە دێ

عەباس عەبدوڵڵا یوسف و ئەنوەر مەسیفی بەهەشتی و سەباح ڕەنجدەر هەریەکە بۆخۆیان خاوەن ستایلێکی جیاوازن، بۆ نموونە شیعرە تاك دێرییەکانی عەباس عەبدوڵڵا یوسف ورد بوونەوە و شرۆڤەی وردی

پێویستە، دنیایەك خوێندنەوەی جۆراوجۆر لەخۆی دەگرێ، وەك چۆن ئەو کیژە نەشمیلانە تازە پێگەیشتووانە لەژێر پرچە قەترانییە ڕەشەکان یان قژە زەردە خاوەکانیان دەیان تەلیسمی سیحراوی خۆیان مەڵاس داوە، عەباسیش بەهەمان شێوە دەیەوێت عەودالمان بکات.

یان بەهەشتی ئەنوەر مەسیفی جۆرە میتۆدێکی تایبەت بەخۆی هەبووە لە فۆرمی گران، پێی وابوو فۆرمەکان ناکرێ وا بە سانایی خۆبەدەستەوە بدەن، لەم نموونەیەدا کە چەند جارێکی دیکە باسمان لێوە کردووە، ئەویش نیشانەی سەرسام بوون و کاریگەریمانە بەو کۆپلەیە نیشان دەدا کە دەڵێ:-

ئەو زەلامە کۆنکریتیانە چین
لەناو ئەو چیمەنە سەوزەدا
راوەستاون

ڕاستەوخۆ بەخۆی و هەموو خاوەن قەڵەمێك دەڵێ مرۆڤ وەك کۆنکرێت وایە، ئەگەر لەسەر گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی دواکەوتوویی و کۆیلەیەتی کۆمەڵگاو ڕێگرتن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە دەنگ نەیەت، لە فۆرمێکی گراندا بەهێزترین واتا بەدەستەوە دەدات.

یاخود سەباح ڕەنجدەر لە جیهانێکی تایبەتی خۆیدا شیعرەکانی پێویستی بە هەڵاوێرکردنی زۆر و زەوەندە، سنووری پانتاییەکی بەزاندووە و لە دیوێکی دیکەدا گەمە بە وشەو هونەری شیعر و میتۆدی تازەی ئەدەب دەکات، جیهانێکی جیاواز لە عەباس و مەسیفی هەیە، قەڵەمی دیکە





زۆرن کە ستایلی خۆیان هەیە و ناتوانن دەستبەرداری ئەو ڕێچکە بن. هەرچەندە ئەمە باسی ئێرە نییە، وەلێ دەمانەوێت لێرەوە بە زریان بڵێین، ئاوەڵایی فۆرمەڵەکردن و پانتایی سنووری ژیان و کورتی تەمەن مەودای ئەوەی فراوان کردووە، گڕکانێ لە هەناودا بخولقێنێ، خۆی گوتەنی لە شیعری "رووتبوونەوە" باس لە خۆڵباران دەکات، لەنێو ئەو خۆڵبارانەدا دەیتوانی شەستەبارانێکی پاکبوونەوە بەرجەستە بکات، ئەز بەش بەحاڵی خۆم لێی رادەبینم وەلێ بۆ ئەنجامی نەدا؟ ئەوەیان ڕەنگە درکی پێ نەکردبێ بە چ ڕێگایەکدا هەنگاوەکانی هەڵبنێ!!

خوێنەر لە بەرایی ئەم دەقەدا، کە پیاوێکی پیر گەورە کچێکی دەدوێنێ، بەر دیدی دەکەوێت، یەکسەر هزری بەلای عاشق بوونەوەی پیرەکە بۆ خۆشەویستی دەچێت، کە ئەمەیان بزاوتنێکی زۆر بەپەلەی نێوان هزر و چاوە، ئاشق بوونی پیرێك بە گەورە کچێك، لێ زریان هەر زوو ئەو بۆچوونە مەحوو دەکاتەوە و خەیاڵی خوێنەر بە دیوێکی دیکەدا پەلکێش دەکات، کاتێ ڕەشپۆشی کچەکە ئاشکرا دەکات، کە ڕەنگی ڕەش دەلالەتی نەهامەتی و مەرگەساتە، بەتەنها لێرەدا گیر ناخوات و ڕاناوەستێ بەڵکو لەپاڵ ژیێ گڕە گڕی دەنگی پیرەکەدا دەمانخاتە دونیایەکی پڕ لە خەراباتی ئەسرینڕێژ، پاشان دێتە گۆو باس لەقەدەر دەکات.

"قەدەر"

لێرەدا دەمانەوێت لەمەڕ کۆمەڵگا و کاریگەری بەسەر تاکدا، نەمازە ڕۆشنفکران و ئەدیبان و کۆمەڵگا کۆنە پەرست و دوور لە نوێخوازی یان ئەوانەی تازە بەتازە چنگیان لە نوێخوازی و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە گیرکردووە، بدوێین. ئەمە بۆخۆی پێگەی تاك شوناس دەكات، كە لە ناو كۆمەڵ كاركردەی دەبێت، یانیش كردەی بەكۆمەڵی لێ دەبێتەوە، بەڵام بەئاوەژوو هەندێك بنەمای تاكە كەسایەتی بیری ئەفسانەیی دروستی كردووە، دەگەڕێتەوە بۆ خولقاندنی خودایی یاخود بۆ ڕووداوە بەراییەكان، یان بۆ كەلەپوورێكی كلاسیكی، تاك بونیادێكی كەسایەتی خۆی نییە.

لەلایەكی دیكەوە بۆ شرۆڤەكردن، ئاخنینی قەدەر لەم نێوەندەدا خوێندنەوەیەكی زانستیانەی ژیانی گەرەكە، چونكە مەهدی زریان لە تەوقی دیلێتی سەردەمانێك گیربووە، و لەچەقی ئەو بیرو باوەڕانە چەقی بەستووە، پێی وایە چارەنووس نەك ڕێكەوت (قضاء و قدر ألیس الصدفە) ڕۆڵی خۆی هەیە، پەیوەست بوون و پابەندبوونی ئایینی پێوە گیربووە، زەحمەتە بەسانایی لێی دەرباز بێت، مەبەست لێرەدا تەواوی ئایینەكان.

نوێخوازی

ئەم بیرە لەم ڕۆژگارەدا پابەندە بە ئازادی مەیل و ئارەزووەكان و بەدەنگەوە هاتنی داواكان زێتر لەوەی پەیوەست بوون بێت بەیەكدی سەروەری ئاوەز





(عەقڵ) ئەم هەڵهاتنە لە پابەند بوونی كۆمەڵایەتی و یاساغی ئایینی و ڕامیاری و تەنانەت خێزان و ئازادی بزاوتن و دەربڕینی بیروڕا كە خواستی بنەڕەتین، هەڵگرانی چرای تاریكی قەدەر واتا كۆتە باو و كۆنەكە بەهەموو شێوەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری قێزی لێدەكاتەوە، چونكە ڕێگرە لە بەردەم بژاردنی ئازاد و هەڵسوكەوت كردنی، بەو پێیەی شێوازێكی تێپەڕاندووە یان تەنانەت بەو پێیەی كۆنە پەرستییە، هەر هەڵگرێك دژی ڕۆژگار و سەردەمی خۆی و نوێخوازی و ئازادی بێت كۆنەپەرستییە.

سیستەمی ئاوەز بەجۆرێكە دەشێ ڕۆحی روناهی ئازاد بكات هەروەك پێشتر وابووە، زۆرجاران وا گوزارە كراوە كە مەیسەر كردنی ئازادی تاك بێت، كە هەروایش نەبووە، پیرۆزكردنی ئاوەز و ڕێچكەی ئەزموونگەری بۆخۆی پیرۆزكردنی روحی روناكییە، ئێستا دەكرێ بگوترێ زریان نەیتوانیوە پیرۆزی لە هەردوو بوارەكەدا چنگ بخات یان بەدەستەوە بدات، لەلایەك ئاوەزی تێكشكاندووە لەلایەكی دیكە پەی بە ڕێچكەی ئەزموونگەری نەبردووە، پەیوەست بوونێكی تەسەوفانە بەبێ ئاگایی لەخود دەربڕیوە ئەوە نەبێت كەسێكی سۆفیگەری بێت و حەقیقەتی خۆی دەربخات، نەخێر بەمانا پەیوەست بوونە ئیلاهیە وەحدانیەكە نە دەركەوتووە و نە ویستوویەتی دەربكەوێت، تەنانەت مەیل و ئارەزووە حەسرەت بووەكانی بە تێكشكاوی دەربڕیوەو بەدەنگ خواستەكانیشەوە نەهاتووە، لەهەمانكاتدا لە ڕۆحی ئەم دەقەدا یەكانگیری سەروەری ئاوەزی

پیادە نەکردووە و نەیوەیستووە لەو کۆت و بەندانە لە زەمەنی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە خۆ قوتار بکات، کە ئیمڕۆ پێویست بە پەیوەست بوونی ڕێچکەی پاشنوێخوازی دەکات، دەقاودەق دەتوانین لەڕووی فیکر و کرۆکی واتای دەقەکەوە لە بازنەی کلاسیکی دەرنەچین هەر بۆخۆی هۆلۆستیەکی ئاوەزی خودە و بەسەر تاکیدا دەسەپێت.

ئیدی لەم "قەدەر"ەوە مالۆێرانی پەیوەندییەکی زنجیرەییە و مێخەکبەندی لەقوڕقوڕاوگەی شار ئاخنیوە، و ئازادبوونی مەحاڵ کردووە و لێرەوە تەواوی ریسەکە بەخووری دەکاتەوە، بەڵێ تا تەواو بوونی دەقەکەو ئەوەندەی لەسەرەوە دەربڕیوە مانا و لێکدانەوەکان بە (قەدەر)ەوە لکاندووە، دەنا ئێمە کە نەتوانین ئەو قەدەرەی بەسەرماندا هاتووە بیگۆڕین ئاخۆ دەبێ بە چ هێز و بازوویەك ڕوو لە پانتایی ژیان بکەین؟ بەڵێ زریان نائومێدی دەبەخشێ و مەودای خەبات و قوربانی و بەرخودانی بەهیچ کلۆجێ نەهێشتۆتەوە و قورخی کردووە، دەستەکان کۆت و زنجیر دەکات، دەشڵێت:- لەژێر نەفرەتی ئەم خاکە قوتارمان نابێت، دونیای لێهاتۆتەوە بەیەکاو ڕەشبینییەکی زۆر دەخاتەڕوو و تامەزرۆیی ژیان بە شیرینی گومڕا دەکات و لە تالاوی زاخی دەنێ و گڕکانێك لە هەلایسانی حەشری بە دۆڕاندۆردا ئالاندووە، ژیان لێرە لەدەست و پێی جەلادێکەوە دەبەخشرێت کە لەبن پێی سەوزی ژینا خۆی مەلاس داوەو هەرگیزاو هەرگیز قایل نابێ تەمەن بەئاسوودەگی بگوزەرێ. سەرەتاتکێ لە تەك ئازادیخواهانی دونیاو مەملەکەت و شاری





ئێمەدا دەکات، شاعیر پێی وایە لە بۆتەی هەر ژیانێکی نوێدا تاوانێك هاوێر دەبێت و زەمەنێکی دیکە بەرەشی باڵی بەسەر ڕووناکی ئەو ژیانەدا دەدات هەروەك گوتمان لە ڕۆژدا لای ئێمە و لە شەویش لە دیوەکەی دیکەی گۆی زەوی، هەرگیز ئەو پەخشە بەخۆوە نابینێت، بۆیە لە بۆتەی دەستەپاچ بوون و مۆڵەق بوونی لە بەردەم زۆرداریدا هەنسکی پێبڕیوەو ئومێدەکانی حەشار داوە، دەزانێت هەر گوناه تۆمار بکات لە بری بۆنی وەنەوشە بۆنی گوناه و تاوان بکات، کە پڕن لە قوڵپی گریان و شیوەنێکە گەرەکە تێکرا یان هەڵبێین یاخود ملکەچ بین و بە چاوەنواری تروسکایی ڕووناکی دەست بە پشتدا هێنانا چەپڵە بکوتین و ئافەرین بکەین و هەر خۆیشمان کار و کردکار بین.

شاعیر لە عەبەسیەت و دژە باوەکاندا لەم چوارچێوەی ئەم دەقەدا ناحاڵی و بێئاگایە، بە نێو دەروازەکانی زەمەن لەگەڵ هەنگاوەکانی تەمەن پۆزەتیڤانە هەنگاو دەنێت، ژانی عەبەسیەت ئەوەیە لە زەمەنی ئاگایی وەك خولڤاندنی زەمەنی پاش خنکانی ڕووناکییەکان هاوێر بێت و بەگژ جەللاد و دیکتاتۆردا بچێت، گەندەڵی پێشێلکارییەکانی ژیانی مرۆڤ ڕووپامالدەکات و بەرەو ژانری ئابروو تکاندن بپەیڤێ، و دەستەمۆ چاوەنواڕی قەدەر بکات هەروەك بۆخۆی باسی لێوە دەکات، پێویستە شاعیر بەدەنگ و هانای ئاگاییەوە بچێت لەهەمبەر تاریکیدا چەقنەبەستێت.

هەر ئەو ڕۆژەی

**پەنجەرەمان لە ڕووی شنەبا پێوە دا**
**دەرگاکانمان بۆ رەشەبا**
**کەوتنە سەر پشت!**
**لەو ڕۆژەوەی چراکانمان شکاندووە**
**پەپولەکان...**
**سەر بە هیچ ماڵێکدا ناکەن**
**دوو عاشقی دەریاییم دی**
**لە بیابانێکی سووتاوا**
**بە خۆڵەمێش داپۆشرابوون**
**دوو قەرەجیش**
**لەژێر لێزمەی بارانێکی زستانیا**
**بەرووتی سەمایان دەکرد!!**
**شاعیرێکی گەڕیدەم دی**
**لە کەناری دەریایەکدا**
**هێدی هێدی**
**قژی کچە لادێییەکی دەهۆندەوە**
**کچەش بێدەنگ...**
**بەشەرمەوە**
**لەچاوی کابرای شاعیردا...**
**چارەنووس و داهاتووی خۆی دەخوێندەوە**





**کچەش بێدەنگ...**
**بەشەرمەوە**
**لە چاوی کابرای شاعیردا...**
**چارەنووس و داهاتووی خۆی دەخوێندەوە!؟!**
**هەر ئەو ڕۆژە**
**بێچووە کۆترە باریکەیەك**
**لە رووبارێکدا خنکابوو...**
**لە کەنار ڕووبارەکەش**
**ماسییەکی کریستاڵی**
**لەژێر گەرمی خۆرەتاوا هەڵقرچابوو!**

**پێویستە زمان دال و مەدلولەکان لەبن پاڵتۆی ئیستاتیکای زیخ و چەوی بن کانییەکی ڕوون خۆی مەڵاس دابێ، بە عیشوەو نازەوە خۆی نیشانی تێفکرینەکانی دەستەبژێر یان رەخنەگر بدات، چونکە زمان پێکهاتەیەکی هەرە سەرەکی دەقە، لێرەدا (زریان) جۆرێك لە گەمەی بە زمان و وشە کردووە هەقە دەست خۆشانەی لێبکرێت، وەلێ هەر کارێ بە کەم و کوڕی دەبێت، کەواتە ناتوانین بڵێین تەواوی سەرکەوتنی مسۆگەر کردووە، لێ زمانی شیعری پێویستە بەئەندازەی جەستەی ئەو خانمە نەشمیلە بەجوانی خۆی نمایش بکا، کە چۆن بە کراسێکی مەلەلی شۆڕەبی ئاسا لەبەردەم بارانا سەما خۆقوتاربوون لەدەست لێزمە دەکات، بەهەمانشێوە هەوەس و غەریزەکانی پیاو ختوکە دەدات، گەرەکە شاعیر**

ئا بەو جۆرە جوانە و جوانتریش هەوەسەکانی بەردەوامبوون لای خوێنەر بەرجەستە بکات و وەڕسبوونی لێبتۆرێنێت و ئولفەت و خولیاکانی خوێندنەوە لەتەك دەقە شیعرییەکە تا دوا وشە پەیوەست بکات، دیارە شاعیر لێرە ئەو تێفکرینەی بازداوەو لە بۆتە و گەرمەی مەیلەکانی خۆی ڕێچکەی گرتووە. ئێستا هەستی شاعیر و رەخنەگر و تەنانەت ئەو دەستە بژێرانەیش لە ناوەوە دەنگە مۆزیکییەکان پەی پێبدەن و کرچ و کاڵی و نارێکی بێزاریان دەکات، مەیل و ئارەزووەکان بەلای مشتێ نموونەی خەروارێکدا دەچن، لە جێگەیەك دەڵێ:-

سەر بە هیچ ماڵێکدا ناکەن.

بەلای ئێمەوە باشتر وابوو، ئەو دەنگە ڕەقە هەڵبگرێ کە لە (د)ی ماڵێکدا دانراوە، بەم جۆرە بەیانە:-

سەر بە هیچ ماڵێکا ناکەن

یان لە جێگەیەکی دیکە دەڵێ:-

**لە بیابانێکی سوتاوا**

باشتر بوو بنووسێت:-

**لە بیابانی سووتاوا**

لەڕووی ڕێزمانییەوە، بیابانێك، جێناوی نادیارە (ی) ئامرازی پەیوەندییە، ئەوەی پەیوەستە بەنادیاری هەموو بیابانێ بۆ ئێمە دیارە و دەلالەتەکان بەرجەستە دەکات، هەق وایە بەگشتی (بیابان) بێت، هەم لەرووی دەنگە مۆزیکییەکەوە هەم لەرووی چەمکەوە زیاتر دەروازەکان





والاّ دەکات. نوێبوونەوە خواستی هەر تاکێکە لە چ ئاستێکدا بێت، رەنگە نووسینێکی ئێمە یان هەر کەسێکی دیکە بەتایبەت شاعیران تەنانەت زمانەکەشیان شیعرییە، مەسەلەکە رایی بوونە، بۆ نموونە ئەگەرچی لە رۆژئاوا وشەی (من-ئەز) تەنانەت لە ئاخاوتنیشدا هێندە بەکار نایەت، دەگوترێ "ئێمە)، با ئێمە لە دەقە شیعرییەکاندا جۆرێکی تازە بهێنینە ئارا، ئەوەیش جێناوی نادیار شمولی بکەین و لە (تاك)دا توڕی بدەین، بەهەرحاڵ ئەمە دەکرێ لە جێگایەکی دیکە بەدوور و درێژی لەسەری بدوێین.

دەربارەی ئەوانەی لای خوارەوە بەهەمان شێوە دەبوارە بەرامبەرەکەیان تۆمار کرابا:-

بارانێکی : بارانی

زستانیا : زستان، ئەمە تەنها بۆمەبەستی هارمۆنی و ریتمی دەقەکەو ئاوێتەبوونی مۆزیك.

دەریاکەدا: دەریا

بەم پێیەی سەرەوە دەبێتە "کەناری دەریا"

قژی کچە لادێیەکی دەهۆندەوە: پرچی کچە بێری دەهۆندەوە

نازانم شاعیر بۆخۆی کەرکووکییە، پرچ لەو دەڤەرە زێتر بەکاردێ، تەماشا چۆن تەجانسێك لەنێوان (چ) پرچ و (چ) کچە دروست دەبێت، هەروەها (ر)ی پرچ و (ر) بێری بەهەمان شێوە لە گوتندا خۆش دێتە سەر زمان، نەك بەو جۆرە قورس و نامۆزیکییەی مەهدی دایناوە.

بەرای ئێمە شاعیر تا بتوانێت لە پیتە دەنگدارەکان نزیك بێتەوە، سەرکەوتووترانە دێتە مەیدان و گۆران ئاسا شیعری ناسکی دادەڕێژێ، نموونەیەك بۆ خوێنەران و خودی شاعیردەهێنمەوە، سەرەتا با ئەم بەیتە بخەینەڕوو:-

**ئەی بەژ ڕێك لەنجە جوان خاوەن سەرنج شێوەت پەری**

**بۆ نیگایێ شێت و شەیداو باڵی شیعرم هەڵوەری**

ڕەنگە هەریەکێ لە ئێمە بێژێت، ئەمە دەقێکی شیعری "گۆران"ی بەهەشتییە و نەجمەی غولامی بەگۆرانی کردووە، ڕاستە شێوازێکی کلاسیکی وەرگرتووە، وەلێ هەمیشە جوانی خۆی دەردەخات و سات بەساتیش زیندوو بوونەوەی خۆی جاڕدەدات، کیژێکی بەژن ڕێك و لەنجە جوان وا لێدەکات لەنێو وشە ناسکەکاندا سەما بکات تاوەکو یان ببێتە جێی سەرنج یا بۆخۆی سەرنج بدات، ئێمە مەبەستمان شیکردنەوە نییە ئەوەی مەستە ئەم ستایلە کۆنە بە ئاخاوتن و دەنگی تازە دەقە شیعری برایەکی شاعیر (محەمەد عەزیزە) کە ئێستا بۆخۆی وا لە وڵاتی کەنەدا گوزەری غەریبی بەسەر دەبا.

ناڵێین "زریان" هیچی نەگوتووە و نەکردووە، لەڕووی گوزارەو تەجانسەوە دیقەتی ئەم دێڕە بدەن:-

چارەنووس و داهاتووی خۆی دەخوێندەوە





لە نێوان "وو" چارەنووس و "وو" داهاتوو هەروەها لە نێوان "خ" خۆی و "خ" دەخوێندەوە نەرمی و جووت بوونێکی بەردەوامی هەیە، لە زۆر شوێن ئەم کارانەی چەند بارە کردۆتەوە.

هەر لەنێوگەڕانی ئەو مشتێ لە نموونەی خەروارەدا، لە جێگەیەکی دیکە دەخوێنییەوە:-

**بێچووە کۆترە باریکەیەك**

**لە ڕووبارێکدا خنکابوو...**

هەریەکێ لە ئێمە هەست بە ناڕێکی ئەم دوو دێڕە دەکات، ئێمە کە شیعر دەنووسین زۆرجاران بەهۆی دابڕانێك زنجیرەی بیرکردنەوە دەپسێ، بەزەحمەتیش دەتوانین بگەڕێینەوە هەمان خاڵ، لەڕووی واتا دەتوانین بڵێین شتێکی گوتووە، وەلێ کەمێ پێویستی بە حەوانەوە هەیە، بۆ گەڕانەوە بۆ هەمان خاڵ. لێرە هەست بە پچڕان دەکرێ لەڕووی داڕشتنی ناسکییەوە، دیارە کۆترە باریکە کەمتر لە کەنار دەریا دەبن، ئەڵبەتە مەبەستی شاعیریش بە ئاڕاستەیەکی دییە، بەڵام دەبوایە ماسییە کریستاڵییەکە لەنێو دارستان و لەبەر تینی خۆرەتاوا هەڵقرچابا، دەکرا بەم جۆرەی بنووسیبا هەرچەندە شاعیر ئازادە:-

**لە کەنار ڕووبار**

**کۆترە باریکەیەکی باڕ**

**بەجێمابوو**

**ماسییەکی کریستاڵی**

**لەسەر چڵە دارێکی رووتەنان**

**بەبەر تینی خۆرەتاوا هەڵقرچابوو**

ئەم دژ و دژە باوە رەنگی لەناو دەقی شیعر زۆر پێشتر دایەوە، زۆر شتی دژەباو بەدی دەکەین بشێ لە دەقە شیعرییەکانەوە وەرگیرابێت؟ شیعر پانتاییەکی بەرفراوانی لەئەدەب قۆرخکردووە، بەرائەت و جوانی و دڵپاکی و سادەیی لەدەقی شیعریدا بەدی دەکرێ، "زریان" هانیداین زێتر پەل بکوتین، ئاخۆ ئێمە دەمانەوێت لێکۆڵینەوەو رەخنەیەکی ئەدەبی خۆمان نەترازێنین؟ چما ئێمە بەبێ کەڵك وەرگرتن لە رەخنەی ئەدەبی جیهانی دەتوانین قاڵبەندێك بۆخۆمان دابڕێژین؟ بشێ ئەدەب لە کلتووری نەتەوەیی دابڕێت؟ ئاخۆ بیر لەچی دەکرێتەوە کاتێ بیرکردنەوە لە بازنەی کەلتووردا دەبێت؟ هزر بەلای ئۆپرا یان سەمای بالییە دەچێت؟ پێمان وایە بیرکردنەوە لە کەلتوور هزر بەلای پانتاییەکی بەرفراوان دەبات رەنگە نەکرێ و نەتواندرێت لێرەدا بە چڕوپڕی تەواوی لایەنەکانی بخرێتەڕوو، ئەڵبەتە پێویستە بگوترێ کە "مەهدی" هەوڵی زۆری داوە لەم بوارە خۆ دەوڵەمەند بکات، لە شیعرەکانیدا رەنگی پێداوەتەوە، پاش خنکاندنی ڕووناکییەکان دەکارێ بڵێین تایبەت پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفالە و لێرە عەودالّ بوون و پەرتەوازەیی و پەراگەندەیی خۆی جارِ داوەو لە هونەری شیعر و ناسکترین وشە دەگەڕێ، ئەویش دەیەوێ رەفتارەکانی بەعس بکاتەڕوو هاوکات لە سۆراخی ئەو کچانەیە کە کیژەلۆکەی ئەنفال چارەنووسیانی خستە بەردەم کەڵبە تیژەکانی دژی





مرۆڤایەتی و دژ بە ژیان، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەموو هەر وێڵ و سەرشێتی بیابانین.

لە دووەمین تابلۆی دەقەکەی دا شاعیر رۆحی نەگەتیڤانەی لە هەنگاوەکانیدا بەرجەستە دەکات، لە دوماهیشدا بە جۆرێکی دی دەگەڕێتەوە بەرایی تابلۆی یەکەم و دەیەوێت لە یەکەی ژانر دەرنەچێت، کەچی ناتوانێ خۆی لەو قەدەرە قوتار بکات کە بەهۆی رۆژگارەوە دووچاری هاتووە، نە لە دەسەڵاتی ئەودایە نە پاڕانەوەو سوجدە و کڕنۆش بردن بۆ خودا بەدەنگ ئاە و نوزەیەوە دێ، پێویستە بۆ ئەمە بەوردی تابلۆی دووەم بخوێنینەوە، دەزانێ باخچەی پاشا کوڕی ئەو قەڵای دەوێت، کەچی لێرە مەنفەزەکان کوێر کراونەتەوە، لە قەڵەمەکەی شاعیر هەست بە هەڵڕشتنی خوێناوێ دەکەین، بەڵام نایبینین وێنایەکەو نیشانمان دەدات، ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە مێژووی نووسینی ئەم دەقە نادیارە، بەهەر حاڵ با بزانین لە تابلۆی دووەم چیمان پێ دەڵێت:-

**شازادەیەك:**

**لە جەژنی لەدایك بوونیا**

**سەری سێزدە پاسەوانی**

**بەدەستەکانی خۆی بڕی!!**

تیۆرە ئەدەبییەکان هەمیشە لە گەڕاندان بەدوای ئەو هەڵانە کە شرۆڤەکاری بەدەستەوە بدات، لەبارەی ئەوەی ئاخۆ ئەو شیعر و شانۆنامەو چیرۆکانە چۆن کار دەکەن؟ سەرەتاکانی بونیادی زمان

سەرەکی بەسەر دەقەوە هەیە، و خوێنەر بەرەو خوێندنەوەی دەقەکان پەلکێش دەکەن؟ پاشان ئەو کاریگەرییە دەروونیانە دنەی نووسەر دەدەن خۆ لە قەدەری کردەیەك بدەن کە دەرئەنجامەکەی وێرانکاری لەدوای خۆی جێهێشتییێ؟ ئەم حاڵەتەیش چ پەیوەندییەکی بەسەر کۆمەڵگاو مێژوویەکەوە هەیە؟

ئێمە پێمان وایە هەموو ئەو تێز و تێڕوانینانە لە دەرەنجامی مشتومڕێکی عەقڵانیەتەوە بەرجەستە دەبن، دوای ئەوەی بە دوماهی و ئاکامێکی شیاو یەکلایی دەبێتەوە، ئەگەر نووسەر بەپێی توانای بەهرەیی خۆی دەرببڕێت، ئەوا دەتوانێت بە باکگراونێکی ئەبستمۆلۆژی و زمانێکی پاراوو هونەرێکی نووسین لەڕووی داڕشتن و میتۆدی نوێخوازی و دوای نوێخوازی و هەندێ جاریش بەکلاسیك و ریالیزم و قوتابخانە جیاجیاکانی دیکەی ئەدەبەوە لە دەقێکی ڕەنگی پێ بداتەوە، ئەگەرچی "زریان" لە تابلۆی یەکەمی ئەم دەقەیدا حەسرەتەکانی هەڵڕشتووە، ئەوا لە تابلۆی دووەمدا و لە بەراییدا هەوڵی داوە نیگەتیڤی رووی تابلۆی دووەم دەربخات، لێ نەیتوانیوە ئەو نیگەتیڤە درێژە پێبدا، بەڵکو نەفەس کورت بووە و کاریگەری تراژیدیاکەی سەڵتەنەتی دووەمی لە هزرا مەحوو کردۆتەوەو مەرگەساتەکەی بەسەردا زاڵ کردووە، شاعیر جگە لەوەی هەستێکی ناسیونالیستی هانیداوە حەسرەتەکانی لە دەقێکدا هەڵبژێرێت، ڕەنگە رووە مرۆڤایەتییەکەیش هاوکات رێگای چەکەرە کردن و هاوێربوونی خۆشتر کردبێت، ئەوا ناڕاستەوخۆ پێمان





دەڵێ، ئەوانەی رەوانەی زیندانە نادیارەکان کراون بەهەزاران بووە، دەشێ بەمەبەستی سەردانی کردنیان بۆ رۆژی لەدایك بوون سەردانیان کردبن، شازادەیەکیش هەر دەبێت خەڵکێکی زۆر ئامادەی یادی لەدایك بوونی بن، ئەوە نەبوو دیکتاتۆری پێشووی عێراق لە رۆژی لەدایك بوونیا چ حەشاماتێکی لە سەرتاسەری وڵاتەکەی دەگێڕا، قۆناغەکانی ئەنفالیش دەکەونە ئەوکاتەوە، کەواتە لەوێ دەست و پێ زنجیر کراون واتا لەو سەردەمەدا، شازادەکە باس لە دەربڕینی ١٣ پاسەوان دەکات، ئاخۆ ئەو ژمارەیەی لە چییەوە وەرگرتووە؟ ئەگەر مەبەست لە ژمارە شوومەکە بێت، ئەوا سێزدە کەس بەو بۆنەوە سەربڕاون، دەنا ئێمە بۆ مێژووی دەسپێکی پرۆسەی ئەنفال لە (١٤/٤)ەوە بۆ رۆژی لەدایك بوونی دیکتاتۆر (٢٨/٤)ی دەگەڕێنینەوە، کە شاعیر ئەندێشەیەکی وای خوڵقاندووە کە ١٤+١٣=٢٧.

هەروەها ناکرێ بۆ رۆژی لەدایك بوونیشی پاسەوانێکی سەربڕی بێت، بەڵکو لە هزری خۆیدا بەر ئەو شاڵاوە لێبوردنەی خستووە.

ئەگەر ئەو سێزدەیە خەیاڵ و دروست کراوە، شازادەکەیش بەو جۆرە نییە، کە زۆر لێکدانەوەو شرۆڤەکاری هەڵدەگرێت، ڕەنگە سیازدەکە تەمەنی شازادەیەك بووبێت کە لە خەیاڵدا وێناکراوە، ئەوا ئێمە لێرەدا بۆ داب و نەریتێکی کۆنی خەڵکی کەرکوك دەگەڕێنینەوە، جاران لە مانگی سەفەری هیجریدا هەر ماڵە و کەرەستەیەکی شوشەیی یان سیرامیکی خۆیان لە سەربانی خانووەوە فڕێ دەدا، بۆ ئەوەی لەو مانگەدا دووچاری

**وەیشوومە و ئافات نەبن، و قەزاو بەلاّیان بەهۆی شکاندنی کەرەستەکانەوە لێدوور بکەوێتەوە، لێرەدا دەشێ لە سێزدەمین ساڵیادی لەدایکبوونی ئەو شازادەیە، کە سیازدەیش ژمارەیەکی شوومە، بۆ ئەوەی لە بەلاّو وەیشوومە دوور بێت شازادەکە بە ئەندازەی تەمەنی خۆی بە ساڵ پاسەوانی سەربڕیوە، لەلایەك وەك قوربانی، لەلایەکی دیکەوە وەك مانگی سەفەری هیجری.**

**دەشێ شاعیر لەو دوو شرۆڤەیەی سەرەوە ئیحای وەرگرتبێت، یان بۆخۆی لێکدانەوەی دیکەی هەیە، ئەگەر وەك سەرەوە ئاماژەمان پێدا وابێت، ئەوا دەکارێ بێژین سەرکەوتووانە بەکاری هێناوە. حەیف شاعیر هەر بە پەلە پرووزێ و بە زوویی دەگەڕێتەوە سەر تراژیدیاو کۆستەکە، دوابەدوای شازادەکە و هەر لە هەمان رۆژدا، دەگێڕێتەوە:-**

**هەر ئەو ڕۆژە**
**وێنەکێشێك:-**
**وێنەی نانی لەسەر دەستی**
**هەژارێکدا کێشایەوە**
**مۆزەخانەیەکی گەورە**
**نان و دەستی هەژارەکەی**
**بۆخۆی کڕی**

**ئێمە گوتمان بیرکردنەوەی کەلتووری بەرەو ئۆپرا یان سەمای بالییە پەلدەکوتێت، هەر دەبێت بۆ بیرکردنەوەی کلتووری هزر بەلای ژەنینی**





**سەمفۆنیای مۆزارت لە مەڵبەندی لنکولن یاخود پێشانگای رامبرانت لە مۆزەخانەی هونەری میتر بۆلیتان بچێت، بێگومان شاعیر لە بیرکردنەوە کولتوورییەکەیدا، بۆ رۆژگاری شۆڕش و خەبات هەڵفڕیوە، هەڵبەتە یەکگرتنی کاروانی خەبات بەدینایەت بەیەکگرتنی گەل و نەتەوە نەبێت، تەماشا "زریان" لەم وێنە شیعرییەدا ئەگەر هزری بەلای ئەوەدا چووبێت کە خەڵکانێك بیانەوێت بێگوێدانە سەردەم خۆ دەوڵەمەند بکەن نان بەدەستەوە بگرن تاوەکو ئافاتەکە لەبیر خۆی بباتەوە، تەنانەت ئەگەر هەژاریش بن، ئەوا خەڵکانی دیکە هەن ئەو دەست و نانە دەبڕن. لە مۆزەخانەی ژیانی خۆیانی قایم دەکەن، بۆ ئەوەی نەوەکانی ئایندە نەتوانن تەماشای چارەنووسی نادیاری نەتەوەی پێبکەن، رەنگە ئێمە لەم لێکدانەوەیەیش بەهەڵە چووبین، بەهەرحاڵ "زریان" گەشبینی لە دەقەکەدا لێڵ کردووە و نائومێدی و رەشبینی باڵی بەسەردا کێشاوە دەشێ ئەمەیشی بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ گەڕانبێتەوەو بەیەکەوەی گرێدابێت، کە نەیتوانیووە دوای ئەو هەموو مەرگەساتەی ژیان و ئەو تراژیدیاو دەردەسەریانەی دووچاری کۆمەڵگا هاتن، خۆی قوتار بکات و لە نێوەندی فانتازیا جێی خۆی بکاتەوە، نانەکە بەسەر دەستی خۆیەوە نابینێ ئەمەیش وایلێکردووە لە کرۆکی دەقەکە هەڵبێت و ئامانجی کۆتایی بەدەستەوە نەدات و خوێنەری دەستەبژێریش لە مەبەستەکەی بەزەحمەت بگات، یان خۆی دووره پەرێز بگرێت، لێ ئەم حاڵە بە خاڵی**

ئەرێنی بۆ شاعیر تۆمار ناکرێت، چونکە لە خوێندنەوەی خۆی بۆ کۆمەڵگا سەرکەوتوو نەبووە.

با بزانین دوابەدوای ئەوە چیمان پێدەڵێت:-

**ڕێبوارێکی هیوا بڕاو**

**لە کاروانێکدا جێمابوو**

**هەواڵی نزیکترین دێی**

**لە سێبەری خۆی دەپرسی**

لێرە گەڕانەوەی مێژوو لای شاعیر زێتر بەرجەستە دەبێت، بەهزر هێنانەوەی نەوەی ئیمڕۆ لە ڕووداو و کارەسات و تراژیدیای دوێنێ و خستنەڕووی دڕندەیی دەسەڵات لەو سەردەمەدا، شاعیر فۆرمەلە کردنی دەقی پەیوەست کردووە بە شێوەی رامیاری دەسەڵاتی ئەو کات، هاوکات ئەو هێڵی فۆرمەڵەیەکی تەریك کردووە کە تایبەتمەندی نووسینە لە بواری ئیستاتیکای سەربەخۆدا، بەمەیش توێژینەوەو شیکردنەوەیەکی خوڵقاندووە کە لەگەڵ پرنسیپی مێژووی نوێ کۆك و تەریب بن، ئەنترۆپۆلۆژیای ڕۆشنبیری شێوازە هونەرییەکان بۆ شاعیر دەڕەخسێنێ تاوەکو لە چوارچێوەی کرۆکی یەکەی ژانر "جوهر وحده الموضوع" دەرنەچێت و مەبەستەکانی بە ئامانج بگەیەنێت و لای خوێنەر خۆی بەدەستەوە بدات، دەکرێ بڵێین جۆرێك لە یەکەی ژانری پەیڕەو کردووە، کەچی ئامانجەکەی "مەهدی" لێرەدا خۆی لە بۆتەی ڕەشبینی گیر کردووە و ئاوەڵابوونی ئەستەم کردووە، مەحاڵە بەم جۆرە لێی قوتار بێت، چونکە





بونیادی خود بتەو نییە و کەرەستەیەکی جێگر و پەیوەستدار و پێکەوەلکاوی یەکدی نین، سەرباری ئەوەی لێرەدا پێمان دەڵێ شرۆڤەیەکی پەرتبوون بەدەستەوە دەدەم کاتێ دەم و دووی ڕۆشنبیری خۆیمان بۆ جاڕ دەدات.

زمان نائارامی و دڵنیایی ژانر ناخوڵقێنێت، ڕوونتر دەتوانین بڵێین کاتێ توانای خۆی لە هەڵسەنگاندنی تیۆرە دژ بە یەکەکانمان بۆ دەخاتەڕوو، لەلایەك زۆردار کە دەسەڵاتە، لەلایەکی دیکەوە زۆر لێکراوەکەیە کە ئەو ڕەش و ڕووت و بێمە ئواو مەنفەز و دەسەڵاتەیە، بەهێزەوە داوا دەکات هەڵوێستێکی ڕەخنەیی بەهێز لە هەر یەکێ بپرسێت کێ توانستی لە فۆرمی خود زێتە؟ ئەو یان دەقەکە، لە کاتێکدا دەقەکەیش لەدایك بووی هزری خودە (ئەوە)، لێ پرسی ئاگایی و نائاگایی لە نووسینی هەر دەقێکدا سەرهەڵدەدات، ئاخۆ زەمەنی نائاگایی ئیدی ماوەکەی هەرچەند بێت، کە لە زەمەنی دەسپێکی دەقەکەوە بۆ کۆتایی هاتن بەدەق و ژانرەکە دەژمێردرێت، تا ئێرە نووسەر ئەو دەقە بەمولکی خۆی دەزانێت یانیش مولکی ئەو پاشخانە مەعریفییەیە کە بەدرێژایی تەمەنی لەعەقڵدا کەڵەکەی کردووە و بونیادی خود بووە، ئەو دەمانەی دەقەکە ڕۆشنایی سەر ڕووپەڕی خوێندنەوەی بەردەستی خوێنەر، ئیدی دەبێتە دەقێك بەناوێکەوە بۆ سەرمایەی کۆمەڵ و دواتر بۆ مێژووی نەتەوەیەك، بەڵێ ئەو ڕێبوارەی لە کاروان جێمابوو گوندێك نەمابوو هەواڵی

**لێبپرسێ بۆیە تاکە هاوڕێی تەنها سێبەرەکەی دەبێت، دوابەدوای ئەوە دەڵێت:-**

**هەر ئەو ڕۆژە:**
**لاڵێك ئەیویست**
**لە تۆتیبەکی گەڕیدەوە زمان فێربێت**

**هەرچەندە لەڕووی داڕشتنەوە دوا دێر دەبوایە بڵێت "لەتوتی گەڕیدەوە فێرە زمان بێت" بەهەرحاڵ تەماشا شاعیر چۆن زەمەنەکە بە زەمەنی کۆمۆنە بەراییەکان گرێ دەدات، کاتێ بەشەرییەت هێشتا زمانی نەگرتووە، چۆن لە یەکدی حاڵی بوون، ئێستایش ئەو زەمەنە پانتاییەکی بەرفراوانی بۆ ئەم خاکەی ئێرەی بێ مرۆیە جێهێشتووە، کە ڕێبوارە لاڵەکە لە بێ مەردوومی دا زمان نامێنێ پێی بدوێت، بێگومان ئەو پانتاییە بەهۆی دڕندەیی زاڵمێکەوە دووچاری چۆڵبوون هاتووە، دەیەوێ سەرلەنوێ لە توتییەوە فێرە زمان بێت، ئەو توتییەی بەر لە ئەنفال لەسەر زاری گوندنشینەکانەوە هەندێ ئاخافتنی پەیدا کردبوو، ئەویش بەهۆی کاولاشی دەڤەرەکەوە پەراگەندە بووەو لەگەڵ ڕێبوارەکە یەکیان گرتۆتەوە، ئەمە بۆخۆی دەلالەتێکە بۆ وێرانبوونی ئەم خاکە کە دەسەلات ژیانی باڵندەیشی تیا قەدەغە کردووە، ڕەنگە ئەو توتییە بە ڕێکەوت بە دەڤەرەکەدا هاتبێ، لالەکەیش گەرەکییەتی لەوەوە فێرە زمان بێت.**

**شوێن، لەم دەقەدا پەرت بووە، بە بۆچوونی هەر رەخنەگرێك جگە لە ئێمە ئەگەر مەبەست لە ئەنفال بێت ئەوا شوێن پێگەی ونە و پەرتە، خۆ ئەگەر**





**مەبەست لەوەیش نەبێت ئەوا شوێن یان زۆر بچووك دەبێتەوەو لە جەستەی مرۆڤێك تێپەڕ ناکات، یانیش پانتاییەکی بەرفراوانی لەم گۆی زەمینە لەخۆ دەگرێت:- "دەکرێ بە ناوچەیەکیش بشوبهێندرێت لە نێوان خانەخوێ و میوان، نە لە دەرەوە نە لە ناوەوە بێت، ئەوە دەڤەری** unheim lich **دوورتر لە هەر فۆرمەلەیەك، کە خۆی بۆ هەر شوێنێك بهاوێژێ ئەگەر زانیمان ئێمە لە کوێین، ئەم جێگایەی کە تیاییداین، لەهەر دەقێکدا ئەوەی تۆمار دەکرێت کە تیایدا دەژین، بە واتایەکی پڕاوپڕی وشەی دەقەکە، بەلام ئەمە ڕوون نابێتەوە تەنها بە خوێندنەوەیەکی ورد و توندی ئەو دەقە نەبێت، ئێمە ئەوەی لە توانامانـدا بێت لەگەڵیدا هەنگاو دەنێین، کە ئەو کارەی پێشکەشمانی دەکات، ئەم شێوازە خوێندنەوەیە کە بۆخۆی خوێندنەوەیەکە بەم جۆرە، لەم کاتەدا یەك ناوی هەیە، (ئەویش پەرتبوون).**

**ئەگەر ئەوەی لای سەرەوە دیدی ج.هیللز میللربێت، ئەم میتافیزیکیەی دەق ئاشکرا و روونە و پەیوەستە بە پەرتبوون، ئەمەیش یەکێکە لە ناتەواوی دەقەکە کە وای کردووە خوێنەر بە دووی —شوێن- لەم دەقەی (زریان)دا وێڵ بێت و سۆراغ بکات. بەر لەوەی دوا وێنە و دوا پەیامی شاعیر لە دەقەکەدا بخەینەڕوو چاکتر وایە لەتەك میتافیزیکیای دەقدا زێتر هەڵوێستە بکەین، قوتابخانە تیۆرییەکان —ئەوەی بەم توێژینەوە پەیوەستە- قوتابخانەی پەرتبوونی ئەدەبی ئەمریکییە، ئەم قوتابخانە وێنایەکی گشتی دژ بە یەکی هەیە، چونکە زۆر زیاد فەلسەفیانەیە، لە**

بنەرەتیشدا ترسناکە لەبەر ئەوەی خوێندنەوەیەکی نامۆبوونی توندی لەخۆگرتووە، و هەرەمەکیانە گەمە بە لێکدانەوەکان دەکات، کەچی وێنەی تایبەتی ئەم قوتابخانەیە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەیە، پەیڕەوانی ئەگەری نوێترین داڕشتنی شیکردنەوەی بەلاغیان هەیە، وریاو زۆر وریاترە لە ئاست چەشنە میتافیزیکییەکان، کەچی بەداخەوە زریان ئەم لایەنەشی فەرامۆش کردووە و نەیتوانیوە ئەم ڕێچکەیە پەیڕەو بکات، واتا فەلسەفیانە نەهاتۆتەگۆ، و لە داڕشتنیشدا دوورە پەرێزی بووە، گرتنە بەری وەها میتۆدێك گەمەکردن بە زمان و بەلاغە و بەیان و نەحوو سەرف و لایەنە هونەرییەکانی دیکەی زمان، ئاشنایەتی و وردبینی و وریایی و لێهاتوویی نووسەری دەوێ، تا ئەندازەیەك لە سەرکەوتنی تەواو دوورە پەرێز بووە، ئەوە نەبێت یەکەیەکی ژانری لە دەقەکەدا خوڵقاندووە، کە ئەویش نێگەتیڤانە دەربڕیووە، لە بەرایی دەقەکە دەڵێ:-

پیاوێکی پیر
دڵنەوایی گەورە کچێکی ڕەشپۆشی ئەدایەوە
.... تاد

کەچی لە دووماهیدا بەپێچەوانەوە، شاعیر دەڵێ:-

پیاوێکی پیر
لەژێر سێبەری مردنا راکشابوو
کچەکەشی... هێدی... هێدی
فرمێسکی بۆ دەباراند و





تەنیا ئەوەندەی دەزانی
بەدەنگێکی لەرزۆکەوە دەیووت ئەمە
قەدەری شارەکەمانە
ئێمە ناتوانین بیگۆڕین
ئێمە.. ناتوا..نین.. بیگۆ..ڕ..ی..ن.

ئێمە پێمان وایە لە نێوان دوو دڵنەوایی دژ بەیەك واتا (جیاواز) زەمەنێك و دوو رووداو هەیە، کەچی لەم دەقەدا یەك زەمەن و یەك ڕووداو بەدی دەکەین، هەرچەندە دوو تابلۆ هەیە بەڵام تەواوکەری یەکدین، لەیەك دیفاکتۆوە هەڵقوڵاون و جودا نابنەوە، کەچی لە تابلۆی دووەم هەمان قسەی پیاوە پیرەکە لەلایەن کچەکەوە دووبارە دەبێتەوە، دەڵێ:-

ئەمە قەدەری شارەکەمانە
ئێمە ناتوانین بیگۆڕین

لە دێری دووەمدا لە جیاتی ئەوەی پیاوە پیرەکە بڵێ، ئێمە ناتوانین بیگۆڕین و بەدوا هەناسەی ژین دەربببڕێ، کەچی کچەکە دەریدەبڕێ، کە "زریان" بە ستایلی:

ئێمە.. ناتوا..نین.. بیگۆ..ڕ..ی..ن.

دەیخاتەڕوو، ئەمەیش نیشانەی مەرگی کچەکەیە، نەك پیرەمێردەکەی لەژێ سێبەری مردنا راکشابوو، ئەمە تەواوی ئەو میتافیزیکیایەی دەق دەسەلێنێ کە شاعیر سەرسامی لێرەوە نیشان دەداو دەخوڵقێنێ.

**خوێنەر دەتوانێ ئامانج و مەبەست لە زیهنی خۆیدا بەر لە کۆتایی دەقەکە تۆمار بکات، وەلێ شاعیر وایکردووە تەواوی جیهان بە ئاوەژوو ببینین، ئێمە دەمانەوێت بەڕاستییەك بگەین، یەقین و لۆژیکیانە بێت، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئامانجە نەك لە خەیاڵدا وێنای بکێشین، ئەو خەیاڵە داڕێژراوەی شاعیریش بە سانایی ئاوەژووی دەکەینەوە، بەھەقیقەت دەگەین، بۆ ئەوەی کرۆکی باسەکە روونکارانە دەربخەین ئەمەیش کاری ڕەخنەگرە نەك نووسەر، بەڵام ناتوانین ئاوەژووی بکەینەوە، دەشێ تا ئێستا ئەوەمان کردبێت، لای خوێنەر وایە پەردەمان لەسەر لادا، خودی پرسیارەکە لێرەدایە، ئاخۆ چۆن دەتوانین ئەم ڕێچکە ئاشکرا بکەین؟ یەکێ لەم راستیانە بەجۆرێك دەخەینەڕوو، کە (ئەدمۆند هۆسرڵ) لە ١٩٦٧ و لە مۆزەخانەیەکدا باسی لێوە کردووە. ئەدمۆند هۆسرڵ یەکێکە لە نوێنەرانی زانستی پەرتبوونی دیاردەکان کە دەڵێ:- "کرۆکی ئاگایی، کە تیایدا دەژیم بەو پێیەی خۆمم، ئەوە داواکردنی مەبەستە، ئاگایی بەردەوام ئاگایی لە شتێکدایە". بەڵێ شاعیر لەو ئاگاییەی خۆی ئەگەر ترازابێت، ئەوا پێویستە ئاوەژووی بکەینەوە، ئەگەر نا "مەھدی زریان" لەدەق دەرچووە بۆخۆی ئاوەژوویەکی نادروستی خوڵقاندووە، هایدگەریش لە "الکینونە و الزمن ١٩٦٢ ص٩٨" چەمکی ئەبستمۆلۆژی بەو پێیەی پەیوەندییەکی ئاگایی پوختە بەژانرەکەوە، ئەویش چەمکێکی زۆر رووتە.**





**تەماشا لە کۆتاییشدا دەست بەرداری قەدەر نەبووەو هەر بە ئایین و سەردەمی کۆنەوە پەیوەست بوونی خۆی جاڕداوە، کە دەڵێ:- "قەدەری شارەکەمانە" بۆیە گەرەکە شاعیر زێتر بەروحی فیکری و فەلسەفیدا بچێت و بچەکەرێ و بزانێت کە شیعر دەربڕی رۆحی راستەقینەی شاعیرە و ناکرێ لێی بترازێت، رەنگدانەوەی فیکرو فەلسەفە لە دەقی شیعریدا زیاتر سەرکەوتووی شاعیر جاڕ دەدات.**

سەرچاوە:

※ مانفێستەکانی پووچی – مەھدی زریان- لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد بە ژمارە ٣/ لە ٢٠٠٥.

*** نقد الحداثة – الحداثة المظفرة- القسم الاول – الان تورين- ترجمة: صباح الجهيم- دمشق ١٩٩٨.**

*** من الحداثة الى مابعد الحداثة- اختيار وترجمة سهيل نجم- من منشورات الاتحاد العام للادباء والكتاب العراق.**

※ هونەری شیعر نووسین- بەرگی یەکەم- ئەحمەد رەزا- سلیمانی ٢٠٠٧

*** بؤس البنيوية-دراسة فكرية- ليونارد جاكسون- ترجمة:ثائر أديب، دمشق ٢٠٠١.**

※ فەرهەنگی باڵندە –ئەحمەد بەحری- دەزگای ئاراس- هەولێر ٢٠٠١

*** نهاية الحداثة- الفلسفات العدمية والتفسيرية في ثقافة مابعد الحداثة (١٩٨٧) جياني فاتيمو ترجمة: د. فاطمة الحبوشي-دمشق ١٩٩٨.**

# مەیلێکی درەنگ وەخت لە بەر قاپی مەیلێکدا

**بە حەسرەت عومری من یەکبارە فەوتا**

**مەگەر عومرێ دووبارەم پێ عەتاکەی**

**نالی**

**بەرایی**

هەرکەسێك خودان مەیلی سەردەمی خۆیە، ئەگەر نا عـومری فـەوتاوە تەمەنناى دووبارەی تەمەن دەکـا، هـەروەك کـەریم دەشـتی لـە شـیعری (( درەنگ وەخت )) دا مەیلێکی هەیە، نەۆ ئێمە لـە مـەیلی ئـەم سـەردەمە دەژین، بشێ بکارێ پشتی چەند دەیەیەکی دی مەیلی ئەو سـەردەمە بـین، ئەڤە تشتەکی نەشیاوە، نەشازە، نازانین پاش دەیان ساڵی دیکـە چـی دێتـە گۆڕێ .

دەستنەژمێرکردنی دەقی " مەیلێکی درەنگ وەخت " شرۆڤەکاری لە خۆڕا نەڕسکاوە لە رووی تەکنیك و هونەری شیعرییەوە خوێنەر هەسـت بـە تاموچێژێك و خەسڵەتی شـیعریانە دەکـات، لـە لایـەکی دیکـەوە ئەوانـەی تەمـەنیان گوزەرانـدووە هـەموو لـە ژیـانی رابـردوو پەشـیمانن، چـونکە





نـەیانزانی چـۆن ژیـن بەسـەربەرن، بەتایبـەت لـە کۆمـەڵگای ئێمـە و ڕۆژهەڵاتی، ئەمێستاکەیش گەنجان و مێردمنداڵان قەدر و حورمەتی کـات ناگرن .

" مـەیلێکی درەنـگ وەخـت " دەقێکـی شـیعری بـرای شـاعیر کـەریم دەشتی یە، لە کتێبی ( دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە ) بڵاوکردۆتەوە، کـە بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخوازی – هەولێر بە چـاپی گەیانـدووە، سـرووتەکانی نووسین، دیـسانەوە هۆکـارێکی دی دەسـتنەژمێرکردنی ئـەم دەقـە بـوو لـە سـرووتەکانی نووسـین رێژنەیـەك شەسـتەبارانی وشەشـیعری دەبـارێ، لـە بنەڕەتدا حەسرەتێکە نووسەر گەرەکێتی خوێنـەر تێبگەیـەنێت کـە چـۆن و بۆچی دەنووسێت ؟

بەو پێیەی ناوەناوە پەیگیری شیعرەکانی دەشتی دەکەین، شیعر چەشنی ئاتـەش لـە مەجمـەری عیـشقەوە ئاڵاوەتـە جەسـتەی شـاعیر و رەژووئاسـا ژیلەمۆیـەکی خەفـەوە بـوو دەرەنگێنێـت و دواتـر قەقنەسئاسـا لـە نێـو خۆڵەمێشەوە بەرەو ترۆپکی ئاسمان لە دونیای شیعر دەڕوانێ، ژیرانـە پـەی دەبات کە شیعر لـە سـەردەمێکەوە بـۆ زەمـەن و سـەردەمێکی دیکـە لـە بۆتەی تەمەن و ژیانێکی نوێدا دەئاژنرێ، هەموو تەنگەبەرەکانی خەراباتی پێـدەکات، جگـە لـە خـەم نۆشـین چـیدیکە شـك نابـات، حەسـرەت و حەژمەتەکانی پێ کپ بکاتەوە، کەسێکیش شك نابا دەست وەبن هـەنگڵی بنێ، بە بەزەییەوە لە تەونی جاڵجاڵۆکەی خەما دەربێنێ و لێی تێبگات، لە زۆربەی شیعرەکانیدا ئـەو خەمانـە بـەدی دەکـرێن، شـاعیرانە گـۆش و

گەورەیان دەکا و لە شیعرێکا هاوێر دەبن، و لە بن ژانەکانی ئەو خەمانە قورتار دەبێت .

چریکە شیعرییەکانی زۆر لەو چەمکە سادانە دوورترن کە کەسی ئاسایی پەی پێببات و لە تەکیا بە سانایی بحەوێتەوەو ئارامی پێببەخشێت، ئەو دەقە شیعرییانەی لەم ( کتێبە و پیانۆی ڕۆژهەڵات و درەختی حیکمەت و سیفری ئاگردان ) زۆر شتمان پێدەڵێن، زەمەنی ڕابردووی بە سەربردووە و لە تەك نوێخوازی و نوێباویدا تەفاعول دەکا و بە نێو دالومەدلوولەکانی دەقدا پەی بە غەریزە نهێنییەکانی ناخی خود دەبا و ڕێگا و فەزایەك بە هەل دەقۆزێتەوە و لە پڕ و هێکرا هەڵیاندەڕێژێت .

لێرەدا لە " مەیلێکی درەنگ وەخت " دا، گەمە لە تەك ئەو فەزایە دەکات و لە گەڵ خەما گەورە دەبێت، بە هەناسەیەکی بەکوڵ و خۆزگەوە دوێنێی زبر بۆ ناسکی ئیمڕۆ دەدوێنێت، بەم تەمەنی دوور لە گەنجێتییەوە پەنجە بە ئاونگە شێدارەکەی سپێدان تەڕ دەکات، خۆ لە ئاوێزانی بەرەی ئەو دەستە یەخەیە دەنێت کە لەو جەنگە گەورانە ڕوویان دابێت، ژن خولقاندبێتی و مێژووی مرۆڤایەتیان پێ دروستکرد بێت .

دەشتی لەم دەقەدا گوزارەی هەموو تەمەندارەکان دەکا و لە سەر پەڕەیەك کاغەز دەیخاتە ڕوو و پەیڤە جوانەکانی شیعریش دەکاتە ملوانکەی ساتێکی تەمەنی کۆن . لێرەدا دەمانەوێت سێ لایەن بە دەقی (( مەیلێکی درەنگ وەخت )) بخەینە ڕوو، کە دەربڕن بۆ دەستئەژماری دەقەکە :

١ - سرووتەکانی نووسین، کە بەرایی یان پێشەکی کتێبی " دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە " یە .





٢ - شرۆڤەیەکی خودی دەقەکە، ئەگەرچی کورت و سەرپێی بێت .

٣ - دیقەتدانی مێژوو لە ڕووی دەقەکەوە، لە گەڵ بەراووردکارییەکی شاعیرانی دی .

# یەکەم

## سرووتەکانی نووسین

**هەروەك پێشتر باسمان لێوە کرد و خستمانە ڕوو، ڕێژنەیەك شەستەبارانی وشەی جوان و بە کەیف و لەزەتن، مرۆڤ یان خوێنەر بە ئاسانی لە کرۆکی واتاکەی تێناگات، چونکە بە زمانی شیعر نووسراوە و شیعرئاسا پێویستی بە حەجمان لە ئاستیدا هەیە، دەشتی لەم نووسینەدا دەڵێ : " کاری نووسین پەڕینەوەیە بۆ جیهانێك جگە لە خودی نووسەری ڕاستەقینە کەسی دیکەی تێدا نییە، جیهانێك زێتر لە شەوق و سیحر دەچێ، لە فەریکی ئەو گوڵە گەنمە دەچێ کە شیری ژیانی تێدا دەچێ و دەکەوێتە سەما ".**

**ئەم نووسینانە لە مانای شیعر دەدوێ بە خەیاڵەوە تەوزیفی دەکات، خەیاڵ و وێناکردن بەدی دەکرێت، بە مەرجێ لە ژێر کۆنترۆڵی فەرمانەوە بێت، وێناکردن توانستێکە هاریکاری نووسەر دەکات بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانی لە دەستەواژەی تازە و باوەڕ پێکراودا . هەر کاتێکیش کرایە ژێر کۆنترۆڵی فەرمان و ئاراستەکانی، ئەوا ئامرازێکی بە هێز و کاریگەر دەبێت لە بزواندنی دڵ و عەقڵی خەڵکیدا، ئەو تەوزیفکردنەی دەشتی لەو بەراییەدا جۆرێکی باشی ئەو حاڵەتەی درکاندووە .**

جارەکا دی دبێژین خەلفییەتی مەعریفی نووسەر ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاو دەگێڕێت لە وەها نووسینێك کە سەراپای بە ڕای ئێمە لە خەیاڵەوە سەرچاوەی گرتووە و جەریئانە باسکی هەڵماڵیوە هاتۆتە ناوەندەکەوە، جیهانێك دەخولقێنی وێنەی نەبێ، جیهانێکی تایبەت کە هەمیشە و تەنها خەیاڵی نووسەران و شاعیران پەی پێدەبات، لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە خەیاڵ لە دونیای بیرکردنەوە قووڵ دەبێتەوە و بە نێو شتە پەنهانەکان دەگەڕێت، " هارتەڵی " ئاوەز " عەقڵ " بە کەرەستەیەکی هۆشیاری وەسفدەکات، بەو پێیەی یەکەم : هەستکردنەکان، دوای ئەو بیرە سادانە یان وێناکردنانە دێن کە ئەویش وێنەیەکی هەستکردنەکانە، دووەم، ئەو بیرکردنە تەمومژاوییانەیە کە دەرئەنجامی پەیوەستبوونی بیرە سادەکانە لە گەڵ یەکدی، ئەمەیش لە تەك هەر سێ فاکتەرەکە، هەستکردن بە یادکردنەوە بیرۆکەی هاوشێوەیە .

ئاشکراکردنی بیرۆکە لای ( سارتەر ) ڕەنگدانەوەی وێناکردنی عەقڵە، چونکە وێنای عەقڵانییەت پێویستە هەستکردن بێت، بە ڕوونکارێتی ڕاستێتی لە کاری عەقڵانیەتدا، لە بەر ئەوە دەبینین، جیاوازی لە نێوان بە ناو ڕێبازی عەقڵانی و ئەوی پێی دەگوترێت ئایدیای عەقڵانی دا هەیە .

بە کورتی دەکارێ بڵێین لای شاعیر " عەقڵ " بە هەموو لایەنەکانییەوە، کەوتۆتەکار، وەلێ هەندێ فزوولییەتی تێدا





بەرجەستە دەبێت، هەر - من – یەتی لە سرووتەکانی نووسینەوە بە دیدەکرێت، کە دەڵێ : " مەعبەدی شیعر نووسینی من لە هی هیچ کەسێ ناچێ، تەنانەت دەتوانم ئەوە بڵێم و دەشتوانن لە شیعرەکانمدا ئەوە بدۆزنەوە کە من شاعیرێکی خودان مەعبەدێکی وام نموونەی قبووڵ نییە نە لە دەرو دیوارەکانی دەرەوەی، نە لە تاق و پەنجەرەکانییەوە . مەعبەدی شیعر نووسینی من ................ ) .

"باسکال" دەڵێ : ( ئەگەر دەتەوێ باوەڕت پێ بکەن لە خۆت مەدوێ )، ناکرێ ئەم گوتە دەقاودەق بەبێ دەسکاری و ڕتوشکردن، بە حوکمێکی کوێرانە بە سەر شاعیریدا بسەپێنیین، وەلێ چاکتر وابوو لە " سرووتەکانی نووسین " ئەو دیوی لە خۆ نەگرتبا، چونکە سەردەمی ( من ) و ( من ) کاری باوی بە سەرچووە، چاکتر وابوو لە بری ( من ) ( ئێمە ) ی بەکاربردبا کەمێك لاری سەنگەکە دەشکایەوە بەو جۆرە دەکرا بهاتبایە ئەژماردن .

" براون جاکسۆن " لە ئامۆژگاریکردنی کوڕە دەرچوو بووەکەی بۆ زانکۆ، دەڵێ : ( خۆت بەو پێوانە هەڵسەنگێنە کە خۆت دەزانی نەك بە پێوەری خەڵکی )، پێمانوایە ئەم گوتەیەیش بۆ کەسێکی قۆناغی زانکۆ دەشێ لەبار بێت، بۆ ئەوەی هەر لە بەرایی تەمەنییەوە پێگەیەك بۆ کەسایەتی خود دابنێ لە هەمانکاتدا هێند بە کارەکانی خۆی ڕازی بێ لای خەڵکی بیدرکێنێ تاوەکو بە

پێگەیەك دەگات و خۆی دەدۆزێتەوە، لەوە و پاش پێی دەگوترێ لە خۆبایی بوو، دەشێ کەسێکی دوور لە نووسین و سەلیقەیی لە ناوەندی نووسین ئەم ئاکارە ئەنجام بدا، دەشتی کەسێکی دوور لەم بوار و ناوەندە نییە، کەم کەس هەیە نەیناسێ و بە شیعرەکانی ئاشنا نەبێت، دیسانەوە دەڵێین دەبوایە شاعیر لەو جۆرە نووسینانەی هەر ( من ) یەتی، دووربایە، چونکە نووسینێکی وەك " سرووتەکانی نووسین " ( عەقڵ )بە دیارییەوە ماندوو دەبێت و لە خۆ دەخوا،، وێنا و دونیایەك جوانی و گوزارەی شاعیرانەی دەربڕیوە، بیرۆکەکان بە دروستی هاوێر بوون هەروەك " سارتەر " ئەم لایەنە بەم جۆرە تەرحانە دەخاتە روو، تەماشا عەقڵانییەتی هەستکردن بە روونکاری راستی، چۆن لەم دەربڕینەدا بە زیندوویی دەردەکەوێت : ( ژیانی نووسین بریتییە لە گەڕان بە دوای ئەو پارچە شکاوانەی لە جەستەی نووسەردا دەبێتەوە لەو کاتانەی لە ژێر ستون و پەنجەرەکانیدا سەبری ئاوابوونی خۆر و هەڵوەرینی گەڵا و دروستکردنی هێلانە دەکات ) .

ئەم دانپیانانەی دەشتی، کە ئاوەز ماندوو بوون و لە خۆ خواردندا بە دیار نووسین و دەستە نەزەر و قووڵ بیرکردنەوەیە، جگە لە شاعیرانە هاتنەگۆ، دەربڕینی هەستەکانی دەشتی لەم کورتە نووسینە هێزێکی ماتماتیکانە بەرجەستە دەکات لە پێناو داهێنانی جوان :





جێی سەیر کردن یەکسانە بە ئاوابوونی خۆر + هەڵوەرینی گەڵا + دروستکردنی هێلانە یەکسانن بە داهێنانی وێنایەکی جوان و تەوزیفی .


واتا لە هەر دیدگایەکەوە داهێنانێك بە دی دەکرێ، راستەوخۆ ناکرێ بگوترێ : " لەو کاتانەی لە ژێر ستون و پەنجەرەکانیدا سەیری " هەم رستەکە ناتەواوە، هەم جوانکارییەکی پێوە دیار نییە، بە دیدێکی دیکە ناکرێ بڵێی :

جێی سەیرکردن یەکسانە بە داهێنان

گەرەکە شتێك لەو نێوەندەدا هەبێت، کە ئەوانیش ( ئاوابوونی خۆر و هەڵوەرینی گەڵا و دروستکردنی هیلانە) .

ژیری و لە کارزانی هێزێکی نادیار و ناکەسایەتییە، دەخزێتە نێو مرۆڤ و ئەویش بەر لە ئاخاوتن بە دوایدا وێڵ و عەوداڵ و سەرگەردانە، جگە لە ژیری و لە کارزانی، پیرۆزی و خۆشەویستیش بە هەمان شێوەن، لە " سرووتەکانی نووسین " هەستدەکرێت نووسینەکانی دەشتی پیرۆزی پانتایی زۆری عەقڵی قۆرخکردووە و شیعر نووسین زۆر بە پیرۆز دەزانێ، دیقەت بدەن لە دێڕە بەرایییەکانیدا چی دەڵێ : " نووسین لە دید و بۆچوونی من ئەنجامدانی فەرزەکانی ئایینێکە لە هی ئایینێکی دیکە ناچێ .... تاد " . پیرۆزی لێرەدا گەیشتۆتە تقوسەکانی ئایین، ئەمەیش بۆخۆی ئەوپەڕی ئیلتیزام بوونە بە نووسین و پیرۆزی نووسین . گەیشتن بەم ترۆپکە لە خۆڕا نەڕسکاوە، هەڵبەتە خۆشەویستییەك

دنەی داوە، خۆشەویستی گەیشتۆتە ئاستی عیشق و لەنگەری گرتووە، بەم پێیە تاك و خود و بکەر ( کاراکتەر ) بە دوای یەکدی لە بازنەیەکدا بەم جۆرە دەخولێنەوە و ئاشنایەتی پەیدا دەکەن :




هەروەك " فرۆید" بەر لە هەموو کەسێك ئەنجامیداوە بە دەوری ( تاك – خود – بکەر "کاراکتەر " ) دا وێڵبووە، ئەگەر نوێباوی بە تەفاعولکردنی بەردەوام لە نێوان خود و ئاوەزدا لە نێوان هەست و زانستدا بەرجەستە ببێت، ئەوا ئەو دەمانە ئەم بیرۆکەمان بە سەردا دەسەپێندرێت کە پێویستە دەست بەرداری بیرۆکەی خود بین لە پێناو سەرکەوتنی زانست، هەر چەندە نووسەر زۆر لە خود دەدوێ، وا پێدەچێ دژ بە ڕەوتە زانستییەکە بێت بە هەموو چەمکەکانییەوە، نایەوێ سەرکەوتن مسۆگەر بکات لە گەڵ ئەوەیشدا گەرەکە سۆز و ئەندێشە بخنکێنین لە پێناو ڕزگارکردنی عەقڵ، کەچی شاعیر لەم نووسینەدا سۆز و ئەندێشەکانی بەربڵاو کردووە، بەڵام زیرەکانە ئازادی و ڕزگارییەکی بە عەقڵ بەخشیوە،





سەرکەوتووانە تیایدا سەردەرکردوو بووە لێزانانە مامەڵەی لە گەڵ هەر دوو لایەندا کردووە بە پێچەوانەی هەموو دیدگا و بۆچوونە فەلسەفییەکان .

ئەوانەی دەیانەوێت نوێباوی تەنها بە عەقلانییەتەوە گرێ بدەن، ئەوانە لە خود نادوێن، پەنا بۆ گەڕاندنەوەی خودی عەقڵ دەبەن، خود رادەماڵن، قوربانی پێدەدەن، بەدخویی لە تەك سیستەمی نالەباری سروشت یان مێژوو دەکەن .

جیهانی تازە، داهێنانی نوێباوی گەرەکە لە روانگەی سەردەمەوە هەڵبقولێ، لێکدانەوە و شرۆڤەکاری و دەربڕینی تراژیدیاکانی کۆمەڵگا و ژیان لە خودەوە، بۆ خۆی بیرۆکەیەکی بە سەر چووە، بیرۆکەی عەقلانییەت بۆ خۆی زیاتر دژ بە ئاشکرای تاکێتییە، گشتگیر لێکدانەوە و دەربڕینی ئایندەیە، ئێستە رەنگە نەتوانین بانگەشەی پرەنسیپی گشتی بکەین، پرنسیپی راستەقینە بیری عەقلانییەت و بەرگری لە تاك سەلماندووە، وەلێ ئەگەر ویستمان جارێکی دی، بەرگری لە ئازادی هەر یەکێك بکەین لە گەڕان بە دوای راستی و خستنە رووی راستی، ئەوا بیری عەقلانییەت هێزێکی مەزن دەبەخشێت بۆ بەرگریکردن لە بیر و سیاسەت .

زۆرجار لێرە و لەوێ و لای زۆربەی نووسەران و شاعیران بە تایبەتی گوێبیستی دژ بەتاکڕەوی و چەوسانەوەی بیر و سیاسەت بووین، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو دەنگۆیانە لە مەڕ

**ئایدیۆلۆژییەتی خود و شیعر سەر هەڵدەدەن هەر ئەو دەمان هەستمانکردووە مەغزایەك لە پشتەوە بە پەنهانی خۆی مەڵاس داوە . جا هەر کەسێکیش پەنجەی بۆ ئەو ژانرە درێژکردبێ وەك تاوانیك لە تەوێڵی دراوە، ئینتیماکردن بۆ کروپ و لایەن ئینتیماکردنە بۆ کۆ و دوورکەوتنەوەیە لە تاك و تاکڕەوی، نەهۆ ئەم هەر ( من ) یەتی – نووسەر گومان دروست دەکات، گومانی باڵا دەستی خود لە بواری تایبەت بە خۆ، خولقاندنی دیکتاتۆریەت و بەردەوام بوونی هەر ( من ) یەتی .**

**شاعیر زەمینەیەکی پان و بەرفراوانی لە نێو وەچەی سەردەمی خۆیدا بە پێشەنگی قۆرخکردووە، ئەو پاوانکردنە لە زەبر و زەنگەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە خەلفییەتێکی فیکری و مەعریفییەوە چەکەرەی کردووە، لە لەرەی زمانەکەیەوە بەدی دەکرێت، لە هەڵڕشتنی باوەشێك شیعر و نووسینی فیکری تەڕ و پاراوەوە بۆتە دیکتاتۆرێك کە ناشێ و ناکرێ بۆ خۆی لە خۆی بدوێ .**

**بە داخەوە، " سرووتەکانی نووسین " دیکتاتۆریەتی بەزاندووە و دەیەوێت سەپاندنێك بخولقێنێ، شاعیرێك دونیای تایبەت بە خۆی هەبێت، ئاستەمە ئەو دونیایە لێڵ و شلوێ بکرێت .**

**ئەگەر بە وردی دیقەتی شیعرەکانی بدەین و ڕەشماڵێك بۆ خوێندنەوەیەکی شیعریانە هەڵبدەین، ئەو دەمانە هەست بە ساریژبوونی ئەو ڕامانە دەکەین لە سەردەمی خۆیدا سەریان**





**هەڵداوە، قەتماغە دەبەستن، ئەمەیش فاکتەرێکە کە بە یەکێ لە شاعیرە پێشەنگەکان بژمێردرێت .**

# دووەم

## مەیلێکی درەنگ وەخت

چاکتر وایە بەر لە هەر خوێندنەوەیەکی دەقەکە تەواوی دەقی ( مەیلێکی درەنگ وەخت ) ی کەریم دەشتی شاعیر بخەینە بەر دیدی خوێنەران، ئەمەیش دەقەکەیە :

**ئەوین پێویستی بە تازە بوونەوە هەیە**
**ئەو دەنگە هی هەنارێ بوو**
**بە دیار شەونمەوە شەقی برد**
**هی تەوارێ بوو لە سەر فەرشی بەفرێکا**
**پەڕ و پۆ دەبوو**
**تۆ تەوتەمێکی لە شوشە ناتوانم بتگرمە باوەش**
**دەترسم ورد و خاش ببیت**
**خەونێکی لە نادیاری ناتوانم تەفسیرت بکەم**
**دەترسم ئاشکرا بیت**
**چۆن چەپکەنەت کەم ئەی بابای ئەزەل و جاویدانی ؟**
**تاوێ لە گەڵ خۆتم هەڵگرە و بە پەرشوبڵاوی دونیام بکە**
**وەك چۆن گوڵ گوڵ بۆنی نەرگزەکان هەڵدەگریت و**

**بە سەر دونیای دەبەشیەوە**
**وەك چۆن چیا چیا سیمای درەختەکان لە ناو دڵتا دەشۆیتەوە و**
**دەیبەخشی بە دارۆستان**
**وەك چۆن نهێنی عاشقەکانی بەر باران جانتا جانتا**
**هەڵدەگریت و**
**دەیکەی بە کتێبی گورانی**
**تاوێك هەڵمگرە ئەی با بای ئەزەل و جاویدانی**
**تۆی بە تەنها تۆی کە بتوانی رزگارم کەیت**
**لەم وەڕەسیەی تاڵیشکە و بە رۆحمەوە نوساوە**
**هەر تۆی تەنها کە بتوانی حەشارمدەی**
**لەم قەدەرەی تیایا وەك نەوڕەسی بەر بەیانان ئاسێ بوویمە**
**هەزاران ساڵە وەستاوم**
**دەمەوێ تا ئەبەد دۆستی تۆ بم**
**تۆزێ لە سوڕانەوەی ئەبەدیم بەدەوری قەڵا رزگارکەیت**
**کە خەریکە ژمارەی خشتی تەك تەك تەلارە رماوەکانی**
**ئەزبەر بکەم .**
**قەڵا من لە تۆ وەڕس نیم من کەڤنارترین ئاشقی تۆم**
**بەڵام ئەوین پێویستی بە تازە بوونەوە هەیە**
**قسەکردن لە گەڵ با تۆزێ ئەفسانەی پێدەوێ**
**بە یەکەوە ژیان نەفەسێکی تری داوایە**
**ماسی پێویستی بە ئاو گۆڕین هەیە**





**مرۆڤیش تا دەمرێ مەیلی هەوا گۆڕی دەکا**
**ئەمانە قسەی پێرێ بوون لە نوور**
**قسەی تاوێ باران بوو بەر لەوەی بگاتە زەوی**
**ئەی با بمبە بۆ لای جوانییەکان**
**ئەو جوانییانەی دیدالوس لە تاوان**
**دوو باڵی بۆ خۆی داهێناو لە ناو خۆردا توایەوە**
**بمبە بۆ لای ئەو کەنارانەی پڕ لە مەل**
**پڕن لە گەوهەری مانەوە**
**من قسەم لە گەڵ بەهێ کردووە مۆڵەت لە درەخت**
**وەرگرێ**
**قسەم داوە بە رووبار شەپۆلەکانیم پێ ببەخشێ**
**بە قەتێکانم گوتووە تەگبیرم لە گەڵ پۆڕەکان کردووە**
**بە لایاندا تێپەڕم**
**ئەی با ڕێگاکانم دوورن دوور**
**دەچنەوە ناو گەڕەکەکانی مێژوو**

تا ئێرە تەواوی دەقی " مەیلێکی درەنگ وەخت " بوو، کە بەشی دووەمی ئەم نووسینەمان دەگرێتەوە، لەم دەقەدا رۆح دەبێتە بەردەباز شاعیر و قەڵەم لە قەد پاڵی ئەو پەیڤە جوانانەوە، بۆ رابردوو شۆڕ دەکاتەوە و لە حەژمەتا هەناسە بڕکێی تەمەن زۆری بۆ هێناوە و دەیەوێ بحەوێتەوە، ئیدی پشوویەك دەدەن و خۆزگەیەك بۆ تەمەن و گەڕانەوە بەرەو گەنجی دەخوازن، وێدەچێ بەختەوەری وەك ئەوەی شاعیر دەیەوێ نەیچەشتبێ، بێ

ئەوەی شرۆڤەکارییەکی زانستیانەی بکات، کە سەرکەوتنەکانی ئەمرۆی قەرزاربارى ئومێدەکانی گەنجین کە لە دڵیدا چاند بووی، ئێستە گەورە بوون، دەشتی شاعیریش ناوێکی دیار و بە سەنگی ناوەندی شاعیرانە، کەچی هەرزەیی دڵی و خەمخواردن بۆ رابردوو، وەك راکردن بە دوای (( با )) یە ئەو بایەی هەمیشە لە هەوەسەکانی دەشتی تیژ ترن .

بە عەتفەوە دەبێژین ئای کە نووسەر چەند کەسێکی غەدرلێکراوە، زەمەن هەموو حەز و خواستەکانی زێوار زێوار کردووە، حەسرەت بۆ گوڵە هەڵوەریوەکانی ژیان دەخوا، وا دەزانێ ئەو سەردەمانە بە هەدەر لە دەستچوون، تۆزقاڵێك بەزەیی و رەحم و کەرەمی لەم رێگای هات و نەهاتەدا پێنەگەیشتووە .

دەیەوێت وەك لاوێکی رێکوپێك و جوان چەشنی هەنار لە دڵ و ناخەوە بڕوانێتە خۆی، چونکە مەیلی هەنارێکی هەس، ئەو هەنارەی دڵە شەیداکان سەربارتر دەکا، سپێدان بە شەونمی سەر گەڵادارەکان شەق دەبات، ئەو هەنارەی عەودالە بە دوای، وەك بازێکی پیبێ و نەیگاتێ، کەڵکی سەر بەفر و سەرما و تووش و سەختی نەماوە، کەچی بازی مێ لە سەر بەفر چەڕ و پۆ دەردەکات و تازە پێدەگات، حەسرەت بۆ گەڕانەوە دەخوات، ئەو دڵێکی بچکۆلانەیە، ئەم کەنەفت، ئەوەتا دبێژێ ئەو تەوتەمێکە لە شوشە و ناتوانێ لە باوەشیا بیگوشێ، لە بەر ئەوەی ئەو هەرزەیەکی تازە پێگەییوە، هی تەوارێکە واتا گیاندارێکی هەراش، منداڵی هەراش و تازەپێگەیوو، دەزانێ ئەو دولبەرە هێندە ناسك و زەریفە بۆ ئەمێکی بە تەمەن نەهاتووە لە ئامێزینێ، دەترسێ هێند تینوویانە لە ئامێزی بگرێ،





وردو خاش ببێت و بشکێ، نازداری لە بار ببات، بۆیە دۆرانەدۆری دەخولێتەوە و ناچار پەنا بۆ خەون و خەیاڵ دەبات، چونکە هەست و غەریزەکانی ناوەوە دنەی دەدا و ختوکەی دێ، گەرەکییەتی ئەو کەف و هەڵچوونە مت بکاتەوە، واقیع بە خەون دەشوبهێنێ، کەچی لە ئاشکرا بوونی ئەم خەون و ئەندێشانەیش ترساوە، نەبا راستی و دروستی ئاشکرا ببێت .

ئێمە لە جێگەیەکی دیکەی ئەم شرۆڤەیەدا باسمانکردووە کە خەمخواردن بۆ رابردوو وەك راکردن بە دوای ( با ) وایە، ئەویش دەڵێ ئەم با چۆن چەپکەنەت کەم تۆ هەمیشە هەبوویت و نەمریشی، مردن نازانی چییە ؟ دەڵێ : من گەنج بکەوە، لە گەڵ خۆتدا پەرشوبڵاوی ئەم دونیا جوانەم بکە، ئیدی شاعیر لێرەوە شت بە شتی دیکە دەشوبهێنێت، وەك پاساوێك بۆ مانەوە و حەز و ویستی گەنجی بهێنێتەوە، بەردەوام بۆ لاو بوونەوە زۆر دەخالەت دەبات تاوەکو لە وەڕسبوونی ئەم تەمەنەی دەربکات، وێنا و تەوزیفی ئیستاتیکانە دەخولقێنێ، ژیانێکی ئایدیایی بانگەشە دەکات، داوا و پاڕانەوە بۆ رزگاربوون، یا حەشاردان و شاردنەوە، لە کون و پەنا و پەسێواندا گەرەکیەتی نەورەسی بژێتەوە، وەلێ ئەمجارەیان ئاسی نەبێ و بەردەوام دۆستی با بێت، تەنانەت لە سووڕانەوەی دەوری قەلا رزگاری بکات، ئێمە دبێژین " قەلا " ئەگەر هاورێ و هاوسەفەری ئەبەدی تەمەنی بێت، ئەوا لێکدانەوەکان زۆر بە دروستتر خۆیان جلپۆش دەکەن، دیقەت بدەن چۆن بۆ راستی و دروستی بۆچوونەکانمان دووپاتیدەکاتەوە، کە دەڵێ : " قەلا من لە تۆ وەڕس نیم من کەڤنارترین ئاشقی تۆم " هەر دوا بە دوای

ئەم دێڕەش دەڵێ : " بەڵام ئەوین پێویستی بە تازە بوونەوە هەیە "، ئەم دێڕەی دوایی تەواو تأکیدکردنەوە و دڵنەواییکردنە، حاڵی و بە ئاگایە لەوەی قسەکردن لە گەڵ ( با ) کەمێ ئەفسانەی پێ دەوێ، بەڵام مەیل نوێکردنەوە بەلایەکی دیدا خواستێکی دیکەیە ئەگەر بلوێ مەیسەر ببێت، پاساوەکان بۆ مەیل تازە بوونەوە زۆر دەبن، وەك ماسی ئاو گۆڕینی بوێ و مرۆڤیش تا دەمرێ مەیلی هەوا گۆڕینی هەیە، ئیتر هەتا لە دوماهیدا ڕێگاکانی ئەم حەز و ویست و تازەبوونەوەیەی پێ دوورە و ڕەگەکان بۆ مێژوو دەباتەوە، بە لای ئێمەوە دیدو بۆچوونەکانمان ئەم تەوەرەی گرتووە شاعیر لەم قاڵبە جێگیر و ئارامگرە، هەر کەسێك لە خوێنەران و ڕەخنەگران ئازادن بە کام لادا دەیشکێنن، دەشێ بگوترێ (( معنی الشاعر فی قلب الشاعر )) .

دەشتی، هەندێ لایەنی بەشاراوەیی لە شیعرەکەدا تۆمارکردووە، کە ئاستەنگە لە بەردەم شیکار و هەر کەسێك بیەوێت خوێندنەوەی بۆ دەقەکە هەبێت، وەك مێژووەکەی کە تەواوی شتە نهێنییەکانی پەنهانتر دەکات، شاعیر پێی وایە بە تەنها بۆ خۆی ئەو خۆزگە و هیوایانەی نییە، بەڵکو تەعبییر لە هەر کەسێکی هاوتەمەنی دەکا، ئەوی لە بەرایی دەقەکەدا هاتووە، ڕوون و ئاشکرا نییە پێویستی بە خوێندنەوەی هەمە لایەنە هەیە، کەچی ئەو زمانە پاراوەی دەربڕیوە، دەنگێکی تەواو مۆزیکییە، وەك ئەوەی لە خۆی نەدوێ، تازە ئاشقێك بە دوای هەنارێکدا هەڵوەدایە .

پێمانوایە نووسەر ویستوویەتی لە نێو ئەم کتێبەدا ڕووبارێکی بە لرفە و بایەکی بە گڤە بێت، ئەو چەند ڕووبارێکی بە پەلە و بایەکی بە گڤە





بێت، ئەوا شرۆڤەکار و ڕەخنەگر زۆر وردبینە بە سەر هەموو دەق و دێڕ و وشەیەکدا باز نادات، تەنانەت خوێنەری ئەوتۆیش هەن وردبینێکی دیقەت زانن، ڕەخنەگر و ئەو جۆرە خوێنەرانە، لرفە و شەپۆلەکانی ڕووبار خاو دەکەنەوە و گڤەی بایش بە شنەیەکی سپێدانە دەبینن، نەمانویستووە و نامانەوێ لە ڕووی هونەری و داڕشتن و زمانەوانی ڕیتم و هارمۆنی شیعرەکە بدوێین، بە قەد ئەوەی لایەنی مەبەست لە دەقەکە و مێژووەکەی ورد بینەوە، پێمانوایە هەمیشە هەوڵ دەدرێت لایەنە فەرامۆش و پڕ تەنگژەکان شیبکرێتەوە، لە ژووانی دەق و عەقڵدا پەی بە ڕێگا پڕ لە دڕکەزێییەکان دەبرێت، چەمکێ بە دەستەوە دەدات لای خوێنەر یاخی و نامۆ بێت .

بە کورتی شاعیر لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، سەرقاڵی گرێدانی ئاوەزە، ڕوونتر دەیەوێ ئەمڕۆ لە نێو دونیای عیشق و جوانی و ئەوینا گەمە بکات، بەڵام ترس و دڵەڕاوکێیەك چواردەوری تەنیوە و بۆی ناکرێ بە سەراحەت بدۆێ و تەنانەت نزیکترین کەسی پێبزانێ .

# سێیەم

## دیقەتێکی مێژوویی و بەراوردێك

أ- مرۆڤی ئاسایی کە دەدوێ پێشوەختە پێویستە بزانێ لە چی دەدەوێ، جا نەخاسە بۆ کەسێکی ڕووناکبیر بەراوورد بکەین، لۆژیك پێوەری جیاجیای هەیە، ( تۆماس هۆبز – ١٥٨٨ / ١٦٧٩ ) فەیلەسوفی ئینگلیزی وایدەبینێ کە هەر بیرکردنەوەیك بۆ خۆی جۆرێکە لە بیرکاری،

بەم پێیە رەوشی لۆژیك لە ئاستی ماتماتیك و زانستی سیاسەت و زانستی یاسا دادەنرێت، کە یەکێکە لە جێبەجێکارە جیاوازییەکانی بیرکاری گشتی، - Reckohning - چونکە ماتماتیکزان دەزانێ چۆن دەرکردن و کۆکردنەوە لە ئامادەکاری ئەنجام بدات، هەروەها پسپۆرانی ئەندازیاری بە هەمان جۆر سەبارەت بە هێڵ و شێواز و گۆشەکان دەزانن چی دەکەن و ....تاد، ئاخاوتن و ئەوانەی دەربڕین دەزانن سەبارەت بە دەرئەنجامی لۆژیکەکانیان، ژیرانە مامەڵەیان لە گەڵ دەکەن و تەفاعولی لە تەك دەکەن، شاعیر رەنگە مەبەستی درکاندن و دەربڕینی ئەو غەریزانە بێ کە لە ناوەوە دنەی داوە، تێکڕا لە ئیلهامێکا چەکەرەیان پێ بکات، چەکەرەکردن و تەقین بە رووی رابردوو و خۆزگە خواستن و بە گەنج بوونەوە، وێناکردنی کلاسیکی بۆ نوێخوازی بەر لە هەمووشتێك بونیادنانی وێنەی عەقلانییەتە بۆ جیهانێك مرۆڤ بە سروشتەوە گرێ بدات، ئەو کێژە ناسکانەی ئیمڕۆ هەن بەشێکن لە سروشت، مەگەر بێ ئاگا نین لەوەی مرۆڤ سروشتێکی ئاقڵمەندە، ئاشقبوونی قەدەر لاگیرییەکی سروشتییە نەك لاگیری خواست و ئارەزوو، چونکە مێژوو بە باشترین لەوەی تیایدایە و بە خراپترین دەرئەنجامەکانی وا هەڵدەگرێ .

ئێمە زۆریش لە پرسی خود دوایین پتەوبوونی خود ئەگەر بۆ بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بکۆشێت یان بگۆڕدرێت، بێگومان سوودی گشتگیری بە دەستەوە دەدات، لە بەر ئەوەی گرێدانی مێژوو لە نێوان ژیانی تایبەتی و ژیانی گشتگیر هەروەها کاریگەری بە سەر بەرهەم و داهێنانی رووناکبیری وای کردووە قۆناغەکە ببێتە قۆناغی رۆمان، رۆمانیش بە لێکچوونی نێوان





ژیاننامە و رەوشی مێژوو ناسراوە، کەواتە گەڕانەوە بۆ مێژوو و هیوا خواستن بۆ گەنجێتی دەبێ بە پەیوەندی خود بە رەوشی ئەمڕۆ کە لە ئایندە مێژوو دەگرێتەوە و دەبێتە رۆمان .

عەقڵ گەرەکە بە سەر دابونەریتەکاندا زاڵ بێت، ئەمە بیرۆکەی نەتەوەی فەڕەنسا بووە، کە پەیوەست بە بیری کۆماری و عیلمانییەت بووە، کەریم دەشتی ویستوویەتی شتێك لە دابونەریت ببەزێنێت، حەز دەکا بەم تەمەنە ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ بێت، لێرەدا گووتەیەك خۆی دەسەپێنێت کە دڵی شاعیر هەرگیز نامرێ و تا دوا ساتەکانیش لە گەنجی گوزەر دەکات، لە لایەکی دیکەوە شێواوییەکی خولْقاندووە، کە زۆربوونی ژن دەخوازێ، ئەوەیش بۆ ئیمڕۆ دەرچوونە لە دابونەریتێك خەریکە ببێتە باو و کەس ئیدی لە ژنێ زێتری نەبێ، بە تایبەت لە ناوەندی روناکبیران، بشێ بیەوێت شۆڕشێ بەرپا بکات، هەروەك فەڕەنسییەکان لە دوای سەدەمین ساڵیادی شۆڕشەکەیان ئاهەنگیان سازدا، بیرۆکەیەك تیایدا هاتە ئاراوە کە مێژوویەکی کۆنی گرتەوە، شۆڕشی سەرکەوتنی زانست و عەقڵ و پارتەکان بوو کە لە چەمکی یاساکانی مێژوو گەیشتبوون .

گرێدانی ئیمڕۆ بە دوێنێوە موعادەلە ماتماتیکییەکان یەکسانی بە دەستەوە نادات، یاخود چاکتر وایە بێژین ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان بە دەستەوە نادەن، بۆیە پاشگەزی لە ئێستە و حەسرەت بۆ رابردوو دەخوا، رابردوو بە زەمەنی خێرا دادەنێ، بەڵام پڕ لەزەت و کەیف و بەختەوەری، " جاستۆن بشلارد – G.Bachelard " ئەم لایەنەی ئاخنیوەتە نێو گۆڕەپانی فەلسەفەی زانستەوە، ئەم چەمکە وا لە گەشەسەندنی مێژووی زانست

دەكات، بەو پێیەی زانستی تیۆرییە، یان مێژوویەکی تیۆرییــە و ئەمــەیش وامان لێ دەكات بیرۆکەی تەکانی پێویست لە ناو زانستدا وەربگرین و پێی قایل بین، بە گرێدانی ئاگایی زانستی رابردوو بە ئێستەوە، پێمانوایە شاعیر خۆی لە خانەی شکستی مێژوو دەبینێتەوە، هەر چەندە عــەقڵی مــرۆڤ زۆر هۆشەنگ و زرنگترە لەوەی لە ئاستیدایە، ئاخۆ هەر مرۆڤ نییە بە کەشتییە ئاسمانییەکان گەڕۆکی نێو هەسارانن، ئەو زانستی کەشتی دروستکردنە لە داهێنانی مرۆڤ نییە ؟ کەواتە مرۆڤ دەتوانێ دوێنێ بە ئیمڕۆوە گرێبــدات، نەك بە پێچەوانەوە .

پێمانوایە شرۆڤەکرنی زۆر لەوە زیاتری گەرەکە، چونکە خوێندنەوەی مێژوو هەمەلایەنەیە، ئێمە پێمان باشە بە جۆرێك لە رابردوو بۆ ئێستە بکەم، تۆ بە جۆرێکی دیکە، ڕەنگە ئەو و ئەوان و ئەمانی دیکە پێچەوانەی ئێمە و خودی خۆیان وبڕواننە ڕۆژگارەکانی ئەمڕۆ و حەسرەت بۆ دوێنێ، یان هەوەس دەکەن ئێستە منداڵێك بن و گڕوگاڵ بکەن .

ب - ئەوەتا شێخ حەسیب قەرەداغی دوای چل و حەوت ساڵ تەمەن گوزەراندن، بەم جۆرە بە زمانی شیعرەوە دێتەگۆ :

**ئەگەر بووم بە شیرە خۆرە، ئازیزەکەم سوێندم وابێ**
**لە گۆی مەمکی تۆ بەلاوە، مەمکێ لە سەر لێوم نابێ**
**ئەگەر بووم بە کۆرپەی ئازیز، لە ناو دڕکا کە پێم دانێم**
**لە سەر کۆشی نەرمت نەبێ، هەرگیز چاوم لە یەك نانێم**

حەسیب قەرەداغی جۆرێك لە جەرائەتی نواندووە، راشکاوانە دەدوێ بە بێسڵکردنەوە، کەچی لای کەریم دەشتی هەستێ بە ترس و دڵە ڕاوکێ





دەکرێ، لای قەرەداغی کەسەکە ( کچە ) ئافرەتە هەچییەکە نادیارە، لای دەشتی هەستێ بە دیاریکردن دەکرێ، هێندە ماوە ناو بدرکێنێ ........ ئاشقبوونی شاعیر لە ترۆپکدایە، دڵ هەرگیز لە ئاست جوانان نامرێ، تەماشا ( کامەران موکری ) شاعیر لە دواهەمین شیعری ژیان و و لە تەمەنی ( پەنجاو حەوت ) ساڵیدا چۆن دێتە گۆ :

**قژت لادە لە سەر کوڵمی پشکۆی ئاگر**
**لە سەر سینگ و لاملی وەك کلوی بەفر**

هەتا لە کۆتایی دەڵێ :

**تەنیا جارێ پیم بڵی من تۆم خۆش دەوێ**
**بەلکو ئەم دڵە گڕۆزەم پێی بسرەوێ**

پێمانوایە ( کامەران موکری ) بە دیوێك دەدوێ لە هەموو تەواوی پڕ تەمەنی خۆیدا ئاشقە و ئاشقبازی کردووە، دڵەکەی جگە لە تەڕی شاعیرانەیش هاتۆتە گۆ، دەشتی دەیەوێت ئەو ئیشقە بگاتە دیفاکتۆ و ڕاست و ڕەوان ئاشقەکەی بگوازێتەوە و ببێتە هاوسەرێکی دیکەی کە دەڵێ:

**تۆ تەوتەمێکی لە شوشە ناتوانم بتگوشمە باوەش**
**دەترسم ورد و خاش ببیت**

لە وردو خاش بوونی تازە حەبیبەی دەترسێ، دەنا ئەو خەون خەیاڵەی بەدی دێنێت .

حەز و ویست و ئاوات، جوایازن لەوەی کەریم دەشتی شاعیر جاری داوە، ئەو لە نێو هیوا و حەزەکانیدا ناخولێتەوە، دیقەتی شیعری ( ڕێژنە )

ی مامۆستا هێمن موکریانی بدەن، چلۆن حەسرەت دەخوا، بۆ پەشیمان بوونەوە لە تەمەنی ( ٥٧ ) ساڵیدا، کە دەڵێ :

**تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە**
**بمدەیە ماچێکی تەڕ لەو لێوە با جوان ببمەوە**
**دەستی لەرزۆکم هەتا تێدایە هێزی بەی گوشین**
**لێم گەڕێ تاوێ لە باغی سینەت میوان ببمەوە**

دەشتی لە بری ئەوەی داوای بەڵێن بکات وەك ( هێمن )، ئەو دەڵێ : قسەم داوە بە رووبار شەپۆلەکانیم پێ ببەخشێ بە قەتێکانم گوتووە ............ تا کۆتایی .

دەشتی رێگاکانی دوورە و رەگەکانی دەچنەوە ناو مێژوو، ئەو مێژووەی پێیوایە بە هەدەر لە دەستچووە، واتا هیوا و ئاواتەکانی شاعیر زۆر بووە، ئەمەیش ناکرێ هەموو بێتە دی، هەروەك ( نالی ) دەڵێ :

**هەر چەندە کە عومری خدر و جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو**

" واتا هەر چەندە عومری خدری زیندەشت بۆ بنوسرێ و وەك جەمشید خاوەن شکۆ و پایە بێ مادام ئاوات و هیوات زۆرە و هەرگیز نابڕێتەوە و هەمووی نایەتەدی، عومرت عومرێکی کەمە، چونکە عومری زۆر ئەوەیە بنیادەم هەموو ئاواتەکانی تیا بێتەدی، هەوەیش هەرگیز نابێ " .

لە هەمان شیعر و لە جێگەیەکی دیکە حەزرەتی ( نالی ) دەفەرمووێ :

**عومرت نەفەسێکی کە هەموو عالەمی دێنا**
**بمرە لە غەمیدە کە هەموو سەرفی غەمت بوو**





وا دەزانین شیعر چەندین دیوی مانایی هەیە، بە هەر دیوێکی دابێت ئەم دوا بەیتەی ( نالی ) ئەوەمان پێ دەڵێ کە عومرێك حەسرەتی بۆ بخۆی، یان لە خەمدا تیایدا گوزەرت کردبێ ئەوا بمرە لە خەمیدا .

شرۆڤە و شیتاڵکاری دیکە لە بارەی ئەم دەقە ( مەیلێکی درەنگ وەخت ) و ( سرووتەکانی نووسین ) بۆ خودی خوێنەر و کەسانی دیکە جێدەهێڵین .

**ئەو سەرچاوانەی سوودم لێ وەرگرتوون :**

*** دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە / کەریم دەشتی / شیعر / ٢٠٠٤ / هەولێر**
**بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز . سارتر / تألیف د . مصطفی غالب / دار ومکتبة الهلال / بیروت / ١٩٨٠ .**
*** موسوعة المصطلح النقدي / ٦ التصور والخیال / تألیف / ر . ل . بریث / ترجمة د . عبدالواحد لؤلؤة**
*** ئامۆژگارییە بچوکەکانی ژیان / براون جاکسۆن / و. فریاد بارزانی / هەولێر ٢٠٠١ .**
*** نقد الحداثة، ولادة الذات،القسم الثاني / آلان تورین / ترجمة صباح الجهیم / دمشق / ١٩٩٨ .**
*** نقد الحداثة / الحداثة المظفرة / القسم الاول / آلان تورین / ترجمة صباح الجهیم / دمشق / ١٩٩٨ .**
*** دراسات في المنطق مع نصوص مختارة / الدکتور عزمي أسلام / کویت / ١٩٨٥ .**

* فەرهەنگی خەم / بەرگی یەکەم / حەسیب قەرەداغی / هەولێر دەزگـای ئاراس / ٢٠٠٢ .
* ئەشکی باوان / کامەران موکری / ئامادەکردنی ئومێد ئاشـنا / هـەولێر دەزگای ئاراس / ٢٠٠١ .
* دیوانی هێمن / هەولێر / ٢٠٠٣ .
* دیوانی نالی / لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکـەریمی مـودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم/( أنتشارات ) کوردستان / لە سنە ١٣٨٠ هەتاوی. *





# سوپاس

سوپاس و قـەدر زانـینی خۆمـان ئاراسـتەی لقـی کـەرکووکی یەکێتی نوسەرانی کورد و لیژنەی هەڵسەنگاندنی کتێب لـە لقی کەرکووکی نووسەران دەکەین کە ئەم کتێبەیان بـۆ بـە چاپ گەیاندین، لە گەڵ ڕێزماندا ..............

سەردار جاف

١٨ / ٨ / ٢٠١٢



* سەردار رەزا قادر ئەحمەد دەشتی

* ٢٢ ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٧ لە گەڕەکی زێویەی شاری کەرکوك لە دایك بووە .

* ٢٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ یەکەمین نووسینی لە رۆژنامەی ( برایەتی ) ژمارە (١١) بڵاوکردۆتەوە .

* ساڵانی ١٩٧٨ ـ ١٩٧٩ نوسینە ئەدەبییەکانی ( پەخشان و شیعری ) لە بەرنامەی ( رۆژێ لە رۆژان ) رادیۆی کوردی بەغدا بڵاودەکردەوە ، کە برای بەرێز کەمال رەووف محەمەد پێشکەشی دەکرد .

* بۆ ئەوەی داوای نووسینی لێ نەکرێت لە سەردەمی شەڕی ( عێراق ـ ئێران ) تاساڵی ١٩٨٨ لە نووسین وەستا .

* لە پاش راپەڕینی ١٩٩١ بە بەردەوامی لە گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوەکان دەنووسێت .

* ١٩٩٤ جێگری بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگی کوردستان بووە لە هەڵەبجە . کە ئاریان فەرەج بەڕێوەبەری رادیۆ بووە .

* ١٩٩٥ بووە بە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کوردستان لە هەڵەبجە .

* ١٩٩٧ لە ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان لە هەولێر وەك وەرگێڕی ( عارەبی ـ کوردی ) کاری کردووە .

* ١٩٩٨ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ( دەنگی پێشمەرگە ) بووە بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ .

* ٢٠٠٤ سەرنووسەری رۆژنامەی ( پاڵە ) بووە .

* ٢٠٠٦ بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی زاگرۆس بووە لە شاری کەرکووك .





* ٢٠٠٨ سەرپەرشتیاری گۆڤاری ( رۆژی زانکۆ ) بووە لە کەرکوك .

* دەیان بابەتی ئەدەبی لە ( پەخشان و شیعر و چیرۆك و رەخنەی ئەدەبی )و بابەتی سیاسی و سەربازی لە گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوە جیاجیاکانی کوردستان و دەرەوە بڵاوکردۆتەوە .

* دەیان دیمانەی رۆژنامەوانی لە گەڵ کەسایەتییە جیاجیاکان سازداوە .

* دەیان دیمانەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی و رۆژنامەوانی و ئەلیکترۆنی لە گەڵدا ساز دراوە .

* بە چەندین ناوی خوازراو بابەتی بڵاوکردۆتەوە لەوانە ( ئاوات بێ دەنگ ، ب پێشەوا ، ب پەروا ، رەوا گەڕاوی ، ب پەیڕەو ، ستار گەرمیانی و سالار و چەند ناوێکی تریش ) .

* بەشداری لە دامەزراندنی چەندین سەنتەر و رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی کردووە .

* ١٩٩٨ لە گەڵ دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەندامی کارای ئەم سەندیکا بووە و بەشداری یەکەمین کۆنگرەی کردووە .

* ئەندامی یەکیتی نووسەرانی کوردە .

* ئەندامی یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراقە .

* لە دوای کۆنفرانسی دووەمی لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بووە بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی لقەکە .

* تا ئێستا پێنج کتێبی لە بەرهەمەکانی بە چاپ گەیاندووە ، کە یەکێکیان لە گەڵ بەرێز رێبوار ئیدریس بە چاپی گەیاندووە .

* ئەمە شەشەمین کتێبی نووسەرە بە چاپ دەگات .

* شەش کتێبی دیکەی ئامادەی چاپە و هەر کات دەرفەت و لایەنی ماددی رەخسا بە چاپیان دەگەیەنێت .

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازییەکانی ڕەشەگۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لە غەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفو | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمە: المهندس محمد حسين رسول | ٢٠١١ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنه | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست تێکستی | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤلێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووکەکان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |
| ١٤٣ | قاوەخانە | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |
| ١٤٤ | دارستانێك لە شمشاڵ | شیعر | نامق هەورامی | | ٢٠١١ |
| ١٤٥ | شینبوونی بەرد | کۆچیرۆك | د. موحسین ئەحمەد | | ٢٠١١ |
| ١٤٦ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێکۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٧ | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفي | | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٨ | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠١١ |
| ١٤٩ | کتێبی بۆشاییەکان | شیعر | ئەدیب نادر | | ٢٠١١ |
| ١٥٠ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | | عەبدولستار جەباری | ٢٠١١ |
| ١٥١ | ڕاز و گەمەی ئیشق | شیعر | عەباس مەجیـــــد | | ٢٠١١ |
| ١٥٢ | نووسەر و نووسینەوەی زمان | لێکۆڵینەوە | نیهاد جامی | | ٢٠١١ |
| ١٥٣ | زیارەتی ماچ | شیعر | ڕەسووڵ سوڵتانی | | ٢٠١١ |
| ١٥٤ | لە گێژەنی پرسیاردا | دیمانە | حەمەفەریق حەسەن | | ٢٠١١ |
| ١٥٥ | بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی | ڕەخنەی ئەدەبی | محەمەد سابیر مەحموود | | ٢٠١١ |
| ١٥٦ | دڵی داگیرساوی دانکۆ | چیرۆکی وەرگێڕردراو | | و: ئەحمەد عارف | ٢٠١١ |
| ١٥٧ | شورای گۆڕەکان | کورتە چیرۆك | هیدایەت محەمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٨ | کۆچباری گزنگ | ڕۆمانە شیعر | ستار ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٩ | بالوولی داناو قەرەقووش | بەسەرهات و پەند و ئامۆژگاری | عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٠ | هونەرستان | خوێندنەوەگەلێکی هونەرییە | ئازاد گەرمیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦١ | بەسەر شانی سەحەردا وەرە | کۆمەڵە شیعر | عەبدولرەحیم سەرەڕۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٦٢ | مینا ڕەنگینەکان | کورتە چیرۆك | جەلیل محەمەد شەریف | | ٢٠١٢ |
| ١٦٣ | چیرۆکەکان | کۆمەڵە چیرۆك | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٤ | گەڕانەوەی تارماییەکەی ژەنەراڵ | کۆچیرۆك | سەمەد ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٦٥ | کەرکوك لە دیدی چەند سەرچاوەیەکدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | هاشم عاصی کاکەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٦ | گوڵبژێرێك لە وتەی ناوداران | وتەی ناوداران | ئامادەکردنی: ڕەزا شوان | | ٢٠١٢ |
| ١٦٧ | ئەزموونی رۆژنامەگەریم | یادەوەری | زاهیر رۆژبەیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٨ | مەرگی ئیلزە باسکولایت | کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێڕدراو | و. حسێن عەلی | | ٢٠١٢ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٩ | هۆنراوەکانی تیلەکۆ | هۆنراوە | عاسی عەلی تیلەکۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٧٠ | بۆ زاخاوی مێشك | مەتەڵ بۆ مناڵان | عوسمان دەروێش شکور | | ٢٠١٢ |
| ١٧١ | نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە | شیعر | گوڵباخ بەهرامی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٢ | تۆبەی فیرعەونی | شانۆنامە | وریا شەهاب | | ٢٠١٢ |
| ١٧٣ | هەنگاوێك بۆ ساغکردنەوەی دیوانی خالۆی کۆماسی | لێکۆڵینەوە | ئا:کاروان عوسمان عەلی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٤ | مۆزایکی خۆشەویستی و مردن | چیرۆکی وەرگێڕدراو | | و: عەبدوڵلا مەحمود | ٢٠١٢ |
| ١٧٥ | آراء وملاحظات نقدية عن الثقافة الكوردية | آراء | جمعة الجباري | | ٢٠١٢ |
| ١٧٦ | بڵقی بەرد | کۆشیعر | خالید کاوێس قادر | | ٢٠١٢ |
| ١٧٧ | کۆچی باڵندەکان | کۆمەڵە شیعر | ساڵەح هەلاج | | ٢٠١٢ |
| ١٧٨ | گورگ و مرۆڤ | چیرۆك بۆ مناڵان | گرفتار کاکەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٩ | خۆشترین چیرۆکی ئەوینداران | چیرۆکی وەرگێڕدراو | دەرویش ئەلجەمیل | و. وەلید رەمەزان | ٢٠١٢ |
| ١٨٠ | پیاسەیەك لەگەڵ نوحدا | شیعر | بورهان ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٨١ | ڕەهەندەکانی کوردستانیبوونی قەزای خورماتوو | لێکۆڵینەوە | حەسەن بارام | | ٢٠١٢ |
| ١٨٢ | شەقامەکانی دڵ | شیعر | سەلاح قابیل | | ٢٠١٢ |
| ١٨٣ | دوو شانۆگەری و چەند باسێکی شانۆیی | شانۆنامە | سوارە کافرۆشی | | ٢٠١٢ |
| ١٨٤ | هاواری ئەنفال | شیعر | محەمەد ئەمین ڕەشید | | ٢٠١٢ |
| ١٨٥ | لە چاوەڕوانی هیچدا | شیعر | سەیوان سەعیدیان | | ٢٠١٢ |
| ١٨٦ | بە باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر.... | شیعر | عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١٢ |
| ١٨٧ | المدينة الحُبلى بالهم | رواية | سالار إسماعيل سمين | أنور حسن موسى | ٢٠١٢ |
| ١٨٨ | ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ | شیعر | چنوور نامیق | | ٢٠١٢ |
| ١٨٩ | پینیکیو | رۆمان بۆ مێردمنداڵان | سەرتیپ محەمەد هەمەوەندی | | ٢٠١٢ |
| ١٩٠ | شیرین تر لە دەق | لێکۆڵینەوە و ڕەخنە | سەردار جاف | | ٢٠١٢ |